# ڕێبەر ئاپۆ لە ئاوی حەیات ڕوونترە

وەڵامێک بۆ کۆڕەکەی د.بورهان یاسین
نووسینی: سەردار ستار

**پێشەکی:**

بەدرەنگ وەختیش بێ بەهۆی دووریم لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و بارودۆخی ئەمڕۆ شۆڕشی کوردستان، بەڵام دیسانیش بەپێویستم زانی لەسەر کۆڕەکەی د.بورهان یاسین هەندێک تێبینی و سەرنج و ڕەخنە بخەمە ڕوو کە پێویستە خەڵکی کوردستان بیزانێت، چونکە د.بورهان بێ ئەوەی بەڵگەی سەرەکی کە بەرگرینامە و پەرتووکەکانی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە وەک سەرچاوە بەکاربێنێت، بەڵکو هەستاوە بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەیتر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پارادایم و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆوە نییە، کۆمەڵێک تۆمەت و ڕەخنەی داوەتە پاڵ ڕێبەر ئاپۆوە کە دوور و نزیک پەیوەندیان بە جیهانبینی و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆوە نییە.

بۆیە پێویست دەکات سەرەتا بەش بەش وەڵامی کۆڕەکە بدرێتەوە، سەرچاوەی سەرەکی کە من لەو نووسینە بەکاری دێنم خودی بەرگرینامەکانی ڕێبەر ئاپۆ و بەڵگە و دۆکمێنتەکانی پەکەکەن کە ڕێبەر ئاپۆ خۆی دەڵێت؛ "بەرگرینامەکانم لەکوێبن من لەوێم".

وەکو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر هزری ڕێبەر ئاپۆ و ڕەخنەکردن و تێبینی و سەرەنجدان، جێگای دەستخۆشیە، چونکە دیارە هزری ڕێبەر ئاپۆ بۆتە جێگای بایەخی د.بورهان، هەروەها ئەوەش تێبینی و سەرەنجی خودی کۆرگێڕە کە ناتواندرێت بگوترێت بۆ بەوشێوەیە بیردەکاتەوە، بەڵام ئەوەی وەک دەستپێک پێویستە بگوترێت ئەویش بە ڕەمەکی ڕەخنەکردن و لێکۆڵینەوە کردنە. پێویست بوو د.بورهان هەر پێنج بەرگرینامەکەی بە زمانی کوردی بخوێندبووایەوە، یان دیسان دەکرا بە زمانی ئینگلیزیش بخوێنێتەوە، چونکە لە ئێستا لەگەڵ دوو شێوەزاری کوردی " کورمانجی ژووورین و کورمانجی ناوین" بەگشتی بەرگرینامەکانی ڕێبەر ئاپۆ بە حەوت زمانی جیهانی لەبەردەستدان، بۆ ئەوەی زانستیانەتر لێکۆڵینەوەکەی بەئەنجام گەیشتبووایە، نەوەک گریمانەو گومانی خۆی باس بکات. ئەوەش ئاسایە دەبێ د.بورهان لەگەڵ سیاسەتەکانی پەکەکە ناکۆکبێ، یان ڕەخنەو سەرەنجی لەسەر هەبێ، بەڵام بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بکات، واتا خودی سەرچاوەکانی پەکەکە بەکاربێنێت، نمونە هیچ یەک لە بەڵگەکانی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی پەکەکەی بەکارنەهێناوە کە تائێستا پەکەکە یازدە کۆنگرە و سێ کۆنفرانسی ئەنجامداوە، هەروەها پەکەکە ستراتیژی تێکۆشانی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە کۆنگرەی حەوتمەوە گۆڕیوە، لەسەر ئەو بنەمایانە ناکرێ بگوترێ د.بورهان لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی کردووە. چونکە ئەو سەرچاوانەی باسیان دەکات هیچ کەسیان ناوەندی بڕیار نین لە پەکەکەدا، لە پەکەکە و هەموو پارت و ڕێکخستنێک ناوەندی بڕیار سەرۆک و کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرە و کۆنفرانسەکانن، بەڵام ئەو سەرچاوانە لەلایەن د.بورهانەوە بەکارنەهاتوون. لەو سۆنگەیەوە د.بورهان کۆڕەکەی بەبێلایەنی و

ئەکادیمیانە بەڕێوەنەبردووە، لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کۆڕەکەی و بەهەمان لۆژیک ڕەخنەی د.بورهان پێویستە بکرێت.

حەزم دەکرد نوێکاریەک لە ئەکادیمسینان و سیاسەتمەدارانی باشوور هەبووایە، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەورووپان، کە خۆیان بە ناوەندی پێشکەوتنەکان بەناودەکەن، بەداخەوە هەمان نەفەسی سالآنی نۆوەت و ئەقلّیەتە حیزبگەرایەکەی پەدەکەی تێنەپەڕاندووە، دیسانیش پێویستە ئەو چەواشەکاریانەی کە د.بورهان بەناوی ڕەخنە و سەرەنج باسیان دەکات دەبێ بەسەریدا تێنەپەڕین و ڕاستی هزر و فەلسەفە و بیری ڕێبەر ئاپۆ چۆنە، وەکو خۆی باس بکرێن. دەبێ ئەوەش بلّێم، ئەو شێوە بیرکردنەوە و چەواشەکاریە تەنها تێڕوانینی د.بورهان نییە، بەلّکو ئەمە دەزگایەکی شەڕی تایبەت هەیە ئەمە بەڕێوەدەبات، ماوەی ٤٥ سالّە بۆ ئەوەی هزری ئازادیخوازی و خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە لەناو کۆمەلّگەی کوردی دروست نەبێت، بەهەموو شێوەیەک کاریان کردووە، تاکو هزری ڕێبەر ئاپۆ بشێوێنن. بۆیە پێویستی بە وەلآمدانەوە و لەسەر نووسین هەیە، لەبەر نەبوونی دەرفەتی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی و دیجیتالّ، بۆیە لە ڕێگای ئەم نووسینەوە وەلآمی ئەو کۆڕەی د.بورهان یاسین دەدەمەوە.

❖ **بەشی یەکەم:**

کۆڕەکەی د.بورهان یاسین کە لەژێر سەردێڕی " **عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە بۆ دژە - دەوڵەت**" ڕۆژی ١ی شوباتی ٢٠٢٠ لە کۆمەڵەی کولتوری کوردی دانیمارک - ئیسهۆی ئەنجامدراوە.

بەکارهێنانی ئەو مانشێتە، بۆ ڕەخنەکانی ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە دەوڵەت هەڵەیە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ دەوڵەتی لەلایەنی مێژووی و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی ڕەتکردۆتەوە، لەسەر بنەمای داڕشتنی کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت، واتا دەکرێ کۆمەڵگە بێ دەوڵەت بەڕێوەبچێ، هزری نوێی خۆی بونیادناوەتەوە. ئەوە بەو واتایە نایەت کە دوژمنیاتی دەوڵەت و ڕووخانی دەوڵەتی کردۆتە ئەرکی خۆی ، بەڵکو دەوڵەت وەک چارەسەری بۆ کێشەی کورد و گەلانیش بەگشتی نابینێت، هەمانکات سیستەمی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتیش لەسەر بنەمای بێ دەوڵەتی بونیاد دەنێت. ئەمەشی لەیەکەم بەرگرینامەی کە لە ٢٨ی مایسی ١٩٩٩ پێشکەشی دادگای ئیمرالی کرد بەناوی کردبوو، هەروەها لە بەرگرینامەی لە دەوڵەتی ڕاهیبی سومەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراتی کە پێشکەش بەدادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا کراوەن و هەروەها بەرگرینامەی مرۆڤی ئازاد کە پێشکەشی دادگای ئەسینای یۆنان کراوە ئاماژەی پێکردوە.

لە بەرگرینامەی بەرگریکردن لەگەلێک و پێنج بەرگرینامەی لەژێر سەردێڕی مانفیستۆی شارستانی دیموکراتیش کە دواین بەرهەمی ڕێبەر ئاپۆن و ئەوانیش پێشکەش بە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا کراون، لەهیچیان نەگووتراوە کە لە "دژی دەوڵەتی سەربەخۆم" وەک ئەوەی د.بورهان بەکاری هێناوە، بەڵکو ڕێبەر ئاپۆ زۆرتر پێداگری لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کۆمەڵ و گرووپ و نەتەوەکانی لەدەرەوەی دەوڵەتن، ناچارنین بۆ گەیشتن بەئازادی بەدوای دروست کردنی دەوڵەتەوەبن، چونکە چارەسەری بێ دەوڵەتیش هەیە. ڕێبەر ئاپۆ لەو بەرگرینامەنەی پارادایمی خۆی و هێڵی جیاوازی خۆ بەئاشکرا داڕشتوە، ئەمەش زۆر بەڕوونی دیاری کردووە کە هزری ئەو جێگرەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەوڵەت – نەتەوەیە، لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئازادی ژن و ژینگە پارێز، ستراتیژی خۆی ئاشکرا کردووە. بۆ ئەمەش پێویست دەکات بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و دیموکرات و ئازادیخوازەکان نەکەونەوە هەڵەی دوو سەدەی ڕابردوو، لە ژێر ناوی ڕزگار بوون لە دەوڵەتی سەرمایەداری، دەوڵەتی سۆسیالیستی بونیادبنێن کە ئەنجام بووە هۆکاری ئاو بەئاشی سیستەمی دەوڵەتگەرای مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا کردن، دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی نمونەی " یەکێتی سۆڤیەت و کۆریا باکوور و دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و تا گەیشتە ئەلبانیا و ڤێتنام و چین" نمونەی زەقن. کاتێک ڕێبەر ئاپۆ ئەوانە ڕەخنە دەکات، بێگومان بێ چارەسەری لەشوێنی خۆی ناخولێتەوە، هەمانکات خۆی ڕادەستی پرۆژەو هزری دەوڵەت – نەتەوەی لیبڕالیست و مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش نەکردووە.

کاتێک ئەو سەرنج و ڕەخنانەی ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە دەوڵەت و دەسەڵات باس بکرێن، پێویستە خوێندنەوە مێژووییەکەی و سەرەنجەکانی بۆ ئەمڕۆش باس بکرێن، واتا دەسەڵات و دەوڵەت کە دوانەیەکی لێکجیا نەکراوەن، دەبێ ئاماژەیان پێ بدرێت کە لە حەوت هەزار ساڵی تەمەنیان چ کارەساتێکیان بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە، بێجگە لە شەڕ و کوشتن و داگیرکاری و تاڵان و چەوساندنەوەی گەلان و جیاکاری ڕەگەزی و ڕەنگی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، چیتریان لەگەڵ خۆیان هێناوە!. ئەو بارودۆخە قەیراناوی و نەخۆشەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە ئەنجامی دەسەڵات و دەوڵەتە؟ یان ئەو مێژووەی کە بە کۆمەڵگەی سروشتیەوە دەستپێدەکات و بە ژیاری "شارستانی" دیموکراتیانە بەردەوام

دەکات؟ یان ئەو ڕێبازانەی کە ڕێبەر ئاپۆ بۆ چارەسەری بەکاریاندێنێت؟. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت ئەو هەموو کارەساتەی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەوەشی هاتە سەر کە دەوڵەت بە دڕندانەترین شێوەی کە ئەویش لە چوارچێوەی فۆڕمی دەوڵەت – نەتەوە کە سیستەمی سەرمایەداری لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو هەژموونگەرای خۆی پێ بەڕێوەدەبات و ئەمڕۆش لەژێر ناوی ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزم و نیۆ لیبڕالیزم خۆی دەگۆڕێت و بەناوی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری وەکو مۆرانە کەوتۆتە گیانی کۆمەڵگە و سەپاندنی هەژموونگەرای خۆی.

دەبێ ئەوەش باس بکرێت لە سەدەی ڕابردوو و لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا، هزری دەوڵەت – نەتەوە و سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری چەندە ڕێگربوونە لەبەردەم چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد و گەلانی تریش، هەروەها ئەوەش بگوترێت ئایا دەوڵەت – نەتەوە کامە لەو کێشانەی چارەسەی کردوون، ئەو دەوڵەتانەی لە باکووری ئەفریقیاوە تاکو عێراق ڕووخان، ئەوانەی نەش ڕووخاون وەک تورکیا و ئێران چ کارەساتیان بۆ گەلی کورد و گەلانیتر دروست کردووە، هەروەها دەبێ ئەو پرسیارەش بکرێت، ئایا بارودۆخی ئەمڕۆی سوریا و عێراق بۆچی بەم ڕۆژە گەیشتووە؟. نمونەی دەوڵەت – نەتەوەی مۆدێرن لای د. بورهان دەوڵەتەکانی ئەوروپا و ئەمریکایە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزاندرێت ئەوەی کوردستانی کردۆتە چوار پارچە، ئەوە دەوڵەت – نەتەوەی ئینگلیز و فەڕەنسا بوون، هەروەها ئەوەی ئەمڕۆ ڕێگری سەرەکی دەکات لە چارەسەری پرسی کورد ئەوا دەوڵەت – نەتەوەی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا و ڕووسیان. واتا ئەگەر وادەزاندرێت ئەوا دەوڵەت – نەتەوەی فارسی و تورکی و عەرەبین ناهێڵن کێشەی کورد چارەسەربێت، ئەوە بەهەڵەچوونێکی گەورەیە، چونکە ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها وەک بەکرێگیراوێکی سیستەمی دەوڵەت – نەتەوەیی سیستەمی سەرمایەدارین. دەبێ ئەوەش بزاندرێت، دەوڵەتانی ئەمریکا و ئەوروپا خۆیان بە دیموکرات و پێشکەوتنخواز دادەنێن، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گشتی جیهانیشدا پێیان دەگوترێت ئیمپریالیزم، یان بە زمانی ئێستا بە هەژموونگەرای سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەناو دەکرێن. شێوازی بیرکردنەوەو ئەو شوێنگەیی کە د.بورهان لێی دەژی و کاریگەریشی لەسەر بیرکردنەوەی هەیە، ئەویش هزری ئۆریانتالیستی" ڕۆژهەڵاتگەرای"ە، ئەو شێوازە لەبیرکردنەوەش گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بە نەزان و بچووک و پاشکەوتوو دەبینێت و بەجیهانی سێیەمی بەناو دەکات. واتا ئەو مرۆڤانەی تەنها بۆ ژێردەستی و شەڕ و ئاژاوە باشن، بۆ ئەمەش دەوڵەتە ئیمپریالیست و مۆدێرنیستە سەرمایەدارەکان بەردەوام شەڕ و ئاشوبیان لەنێوان گەلانی ئەم ناوچەیە پەرەپێداوە، بۆیە هەر ڕێبازێک بۆ چارەسەری کە لەلایەن گەلانی ئەم ناوچەیە پێشنیار بکرێت، بێگومان بەبێ سوود و بێ ئەنجام بەناوی دەکەن. چونکە بیرکردنەوەو ژیری و چارەسەری و دیموکراتیەت و ئازادی دەبێ لە ئەوروپا و ئەمریکاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت! وەک چۆن ناویان لە پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ ناوە "پرۆسەی ئازادی!"، ئەمەش ڕاستیەکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە سەقەتە و لەدەرەوەی شەڕ و کوشتن و زوڵم و چەوسانەوە هیچیتری لەگەڵ خۆی نەهێناوە و ناشهێنێت.

ڕێبەر ئاپۆ، باوەڕی بەشێوازێک لە چارەسەری دیموکراتیانەیە کە لەنێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەبچێت، واتا بێ دەستتێوەردانی دەرەوە، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەکانیان لەسەر بنەمای دیموکراتیانە پێکەوە چارەسەر بکەن. بەهەمان شێوە کێشەی کوردیش کە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دەتواندرێت لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی سەر کوردستان چارەسەر بکرێت. بۆیە ئەو مانشێتە یان سەردێڕەی بەکاریهێناوە، هیچ پەیوەندی بەشێوازی بیرکردنەوەی ڕێبەر ئاپۆوە نییە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ لە چارەسەری دیموکراتیانە دەگەڕێت بۆ کێشەی کورد و گەلانی تریش لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە،

هەتا لەهەندێک شوێن باسی ئەوەی کردووە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، "جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنی کوردان هەبووە، یان هەر لەو سەردەمانە سەرۆک و ڕێبەری ڕاپەڕین و بەرخودانی کوردان بەدیل گیراون، نمونەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و میر بەدرخان، بەڵام دوای ماوەیەک بە دوورخستنەوە ئازاد کراون".

ڕێبەر ئاپۆ لە پارادایمی نوێی خۆیدا لۆژیکی ڕەش و سپی ڕەتکردۆتەوە، واتا یان لەگەڵی بە یان لەدژی بە، بەڵکو لە بچووکترین دەرفەت دەگەڕێت تاکو ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت و کێشەی کورد و گەلانی ناوچەکەی لەناودا چارەسەر بێت و چیتر خوێن نەڕژێ و ئەو خوێنەی دەشڕژێ بوەستێندرێت. لەسەر ئەو بنەمایەش لە بەرگرینامەی بەرگریکردن لەگەلێکدا دەڵێت، " لەنێوان ڕەنگی ڕەش و سپی، زۆر ڕەنگیتر هەیە، پێویستە ببیندرێن". بۆ ئەمەش ڕەخنەی لەخۆی گرتووە سەبارەت بە پرسەکانی دۆگماتیزم و دەسەڵات و دەوڵەت، ئەو قاڵبەی تێپەڕاند کە "یان ئەوەتا کێشەکان بە ڕێگای دەوڵەت چارەسەر بن یان ئەوەتا هیچ". واتا لەنێوان ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی ڕێبەر ئاپۆ، لەگەڵ دەرفەت و ڕێبازەکانی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، دەبێ هەردوو دووریەکە ببیندرێت. ڕێبەر ئاپۆ لەیەک کاتدا هەم داهێنەر و هزرمەندی پارادایمێکی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان کات سیاسەتمەدار و سەرۆکی گەورەترین پارتی کوردستانیە کە پەکەکە یە.

دەبێ لەسەر دوو خاڵێتریش ڕاوەستە بکرێت، یەکەم بۆچی لە مانگی **شوبات** ئەو کۆڕە ڕێکخراوە؟ کە ڕێکەوتە لەگەڵ ٢١مین ساڵوەگەڕی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ. لەلایەن زیاتر لە ٣٣ دەوڵەت و بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و یۆنان و ڕووسیا و زۆربەی دەوڵەتانی ئەورپا و ڕووسیا و بە چاوساغی و بێدەنگ کردنی هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور، ڕێبەر ئاپۆ لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لە دەوڵەتی کینیا بەدیل گیرا. بۆچی د.بورهان لەو ڕێکەوتە ئەو کۆڕەی ئەنجامداوە، بێگومان پەیوەستن بەیەکترەوە، دەیانەوێت بڵێن ئەو پیلانگێڕیەی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ لە ٢٢مین ساڵیش بەردەوامی پێدەدەین، یان دەڵێن، ئەو گۆشەگیری و توانەوەیەی لە ئیمرالی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ بەڕێوەدەچێت بەردەوامی پێدەدەین، یان هیچ ڕێگایەکی ترتان نییە، لەدەرەوەی تەسلیم بوون بە مۆدێل و شێوازەکانی ژێر دەستەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری!.

ئەو مۆدێرنیزمەی ئەوروپا کە د.بورهان باوەڕیی پێی هەیە، جاری یەکەم ڕێبەر ئاپۆ ساڵی ١٩٩٨ بەهاتنی بۆ ئەوروپا تاقیکردەوە و خودی خۆی لەدەرگای دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی ئەوروپای دا، بەڵام بە کارەساتی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی و دیل کەوتنی بە ئەنجام بوو. هەروەها بۆ جاری دووەمیش پەکەکە بە شاندێکی فەرمی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورک کەوتە گفتوگۆ لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لەساڵی ٢٠٠٨، بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپا نەک ئەرکی نێوەندگیریان نەخستە سەرشانی خۆیان، بەڵکو ئەوانیش لە ناوەندی پاریس ڕێگایان کردەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ بۆ هێرش کردنە سەر ئەندامی دامەزرێنەری پەکەکە هەڤاڵ ساکینە جانسز و هاوڕێیانی فیدان و لەیلا و شەهیدیان کردن. دواتریش بینیمان لەو دەمەی کە دەوڵەتەکەی ئەردۆغان لەبەردەم ڕووخان دابوو لە مانگی یازدەی ٢٠١٥ دەوڵەتی ئەڵمانیا پشتگیری کردەوە و بەهێزی کردۆتەوە، بەهەمان شێوە ئەوەی ئەمڕۆ سوپای تورکیای لەسەر پێ ڕاگرتووە، ئەوا تەکنیک و تەکنەلۆژیای ئەمریکایە بۆ ئەوەی پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆی پێی بێکاریگەر بکەن بە باوەڕی خۆیان، هەروەها بڕیاری ئەمریکا بۆ خەڵات دانان لەسەر سەری سێ لە ئەندامانی سەرپەرشتیارانی شۆڕشی کوردستان "جەمیل بایک، دوران کەڵکان و موراد قەرەیلان"، ئەوەش خزمەتێکی

هەرە مەزن بوو تاکو رەوایەتی بداتە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشوور و رۆژئاوای کوردستان و پێداگری بکرێت لەسەر بەردەوامی بێ چارەسەری کێشەی کورد.

پەکەکە و کەجەکە لەکاتی بەڕێوەچوونی راپرسی بۆ سەربەخۆی باشووری کوردستان لە ئەیلولی ٢٠١٧، هەڵوێستی دژیان بەکارنەهێنا، هەروەها راپرسیان بەمافێکی سەرەتایی خەڵکی باشوور بینی، بەڵام ئەوەشیان روونکردەوە کە ئەو پیلانگێڕیانەی لەپشت ئەو پرۆسەیە بەڕێوەدەچن چین و کێ هاندەریەتی، بۆ بەلارێدابردنی رێبازی چارەسەری دیموکراتیانە کە لەلایەن رێبەر ئاپۆوە بەڕێوەدەچێت. لەیەکێک لەچاوپێکەوتنەکانی رێبەر ئاپۆ لە ٢٠٠٦ لەگەڵ پارێزەرەکانی گووتویەتی، "دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ئەرکی ئێمەیە، دەوڵەتیش با بۆ دەسەڵاتدارانی باشوور بێت". واتا دەسەڵات و دەوڵەتی نەکردۆتە ئەرکی خۆی، بەڵکو هۆشیار کردنەوە و رێکخستن کردن و خزمەتکردن و بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی لە سەر بنەمای ئیرادەی ئازادی کۆمەڵگەی کردۆتە ئەرکی سەرەکی خۆی و هەڤاڵانی.

بۆ ئەوەی ناوی د.بورهان یاسین زۆر دووبارە نەبێتەوە، وەکو رێزێک دەستەواژەی کۆڕگێڕم بەکارهێناوە.

❖ **بەشی دووەم:**
**ناوەڕۆکی کۆڕەکە**

١- پێشەکی گووتەی کۆڕگێڕ: (بابەتەکەم ئایدیۆلۆژی نییە، چاوەڕێ مەکەن من لەگەڵ بم یان لەدژ بم، لەگەڵم بن تاکۆتایی بابەتەکە، ئەوکات من کۆمەڵێک دەرئەنجامم دەبێ، هەروەها خۆشت دەرئەنجامت ئەبێ لە بابەتەکەی من، چونکە ئەو مەعریفەیی تۆ هەڵتگرتووە... لەهیچ جێگایەکی بابەتەکە خۆت عاسی مەکە، لەسەر هیچ وشەیەک یان رستەیەک یان قسەیەک کە مەراقت دەکات و دەوەستی لەوێ، بەڵکو لەگەڵم بە تاکۆتایی بابەتەکە، ئەوکات هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ بابەتەکە دەکەیت. ئەو بابەتەی من بە ئینگلیزی زۆری لەسەر نووسراوە، بەڵام بەکوردی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر نەکراوە، ئەو تایتڵەم بۆ بابەتەکە زۆر بەئاگاداری هەڵبژاردووە، ناڵێم عەبدوڵلا ئۆجالان لە دەوڵەتی سەربەخۆوە بۆ وازهێنان لە دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵکو دەڵێم بۆ دژە - دەوڵەت. کاتێکیش دەبێتە دژە - دەوڵەت، دەوڵەت نەک تەنها وەک چارەسەر بۆ کێشەی کورد، بەڵکو دەوڵەت بۆ مرۆڤایەتی وەک خراپ دەبینێ).

-٢

**وەڵام:** بابەتەکەت ئایدیۆلۆژییە، چونکە لەسەر پرسێکی ئایدیۆلۆژی قسە دەکەیت، هەروەها دەتەوێت دەستەواژەیەک یان رستەیەک هەڵسەنگێنی و ئەنجامەکەی بە گوێگرانت بڵێی "سەیر بکەن من چۆن راستبووم". هەمانکات تۆ لەسەر بیری کەسێکیتر قسە دەکەیت کە لەجیهانی ئەمڕۆ بە بیرمەند و خاوەن فۆرم دادەندرێت لە تێکۆشانی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیدا، ئەمە هونەری لیبراڵیستەکانە، بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیایی خۆیان بەوەی بەرامبەر بدەنە قبوڵ کردن، دەڵێن ئێمە باسی ئایدیۆلۆژیا ناکەین، بۆیە وەک سەرەتا دەبێ لایەنی ئایدیۆلۆژی خۆت ئاشکرا بکەیت، تاکو بوێربیت لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکەت. دەڵێت چاوەڕێ نەبن من لەگەڵ بم یان لەدژ، بێگومان بە هەڵبژاردنی ئەو سەردێرە بۆ بابەتەکەت، زۆر ئاشکرایە کە تۆ لەدژی بیرۆکە و دەستەواژەی رێبەر ئۆجالانی، پێویست ناکات گوێگر تاکۆتایی لەگەڵت بێ، بەڵام دەتەوێت گوێگر بەو کۆڕەی خۆت بۆمبارانی هزری بکەیت، بۆ ئەوەی ئەو کاریگەریانەی کە پێشووتر رێبەر ئاپۆ و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەسەری کردووە، بێکاریگەری بکەیت و لەکۆتاییدا تەسلیمی بگریت. واتا لەشوێنی دەستەواژە و زاراوەکانی شۆڕشگێڕی و دیموکراسی رادیکاڵ، ئەوانەی لیبراڵیزم و دەوڵەتگەرا و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەشوێنی بروێنی.

بەکوردی زۆر لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێزتان وادیارە پەرتوکخانەی کوردی و عەرەبی بچووک دەبینن، بۆیە نەهاتوون بەدواداچوون بۆ لێکۆڵینەوە ئەکادیمیاکانی کوردی بکەن، نووسەری عەرەبی عێراقی عەلی غەوار زیاتر لە چوار پێنج لێکۆڵینەوەی هەیە، هەروەها زیاتر لە ٢٠ لێکۆڵینەوە لە زانکۆکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و میسر کراون، هەروەها زیاتر لە ٥٠ کەسایەتی بیانیش لێکۆڵینەوەیان لەسەر کۆی هزری رێبەر ئاپۆ هەیە. دیسانیش ئاساییە تۆ لەسەر کام سەرچاوە دەوەستی، بەڵام ئەوەی پێویستە لەسەری بووەستی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەی خودی پەرتووک و نووسراوەکانی رێبەر ئاپۆیە نەک کەسیتر، چونکە ئەوانەی لێکۆڵینەوەشیان کردووە هزری خۆیان گووتوە، دەکرێ بە پۆزەتیف یان نێگەتیف قسەیان کردبێ، بەڵام خودی ئەو هزرەی گفتوگۆی دەکەی هزری رێبەر ئاپۆیە، بۆیە دەبێ سەرچاوەکانت، پەرتووک و لێکۆڵینەوەکانی رێبەر ئاپۆ بن. بۆیە لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەکەت ناکەوێتە چوارچێوەی ئەکادیمیەوە، بەڵکو دەتەوێت لەلایەنی باوەڕی ئایدیۆلۆژی و سیاسی خۆتەوە هزرەکانی رێبەر

ئاپۆ چەواشە بکەیت و بەناوی رەخنە کردنیشەوە گومان بخەیتە سەری گوێگر. ئەوەیان راستە سەردێڕی "تایتڵ"ی بابەتەکەت زۆر بەئاگاداریەوە هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی بە لێدان لە هزری ڕێبەر ئاپۆ خۆت وەک پاڵەوانێک بۆ سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری پیشان بدەیت، چونکە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری خاڵێکیش کە لەسەر پێی گرتووە ئەویش پفکردنە لە هەستی نەتەوەپەرستی کۆمەڵگە، بەوەی کە دەیەوێت گوایە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەکات، وەک تاکە چارەسەر بۆ کێشەی نەتەوەیی، (بەڵام سەیر بکەن ئەوا ڕێبەرێکی هزری هەیە کە نەک تەنها لەدژی دەوڵەتی کوردیە، بەڵکو دەوڵەت بۆ گشتی مرۆڤایەتی بە مەترسی دەبینێت، بۆیە پێویستە لەدژی بووەستینەوە)، حەقیقەتی پەیامەکەت بەو شێوەیەیە. ڕێبەر ئاپۆ نەیگووتوە دژە دەوڵەتم بەبێ بەڵگە و بەدیل، بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی هزری، فکری فەلسەفی راستینەی دەوڵەتی ئاشکرا کردووەو لەسەر ئەو بنەمایەش رەتی کردۆتەوە، هەمانکات شێوازی چارەسەری دەوڵەت، نەبۆ پرسەکانی کۆمەڵگە و نەبۆ پرسی نەتەوەیش، بەڕێگای چارەسەری نابینێت. لێرەوە د.بورهان دەیەوێت بڵێت، ڕێبەر ئاپۆ لە دژی قەوارەیەکە بۆ گەلی کورد، جا ئەمە بەهەر ناوێک دەبێت بابێت. لە راستیدا دەبێ هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکان لەدژی هەر شێواز و ڕێبازێک بن کە سیستەمی سەرمایەداری بانگێشەی بۆ دەکات، چونکە سەرمایەداری وەک سیستەم دوژمنی مرۆڤایەتی و گەلان و کولتورەکان و ئازادییەکانیەتی، بۆیە وەستانەوە لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری و خودی دەوڵەت – نەتەوەکەی، لوتکەی پێشەنگایەتی کردنە بۆ جیهانێکی نوێ و ئازاد و دیموکرات.

## ٣- سەرەتای بابەتی کۆرگێڕ:

❖ **بونیادی بابەت** کە پێکهاتووە لە: ١- پرسیارەکانی باسەکە، چوارچێوەی تیۆری، سەرچاوەکان و چەمکە هەرە گرنگەکان" ئەو گۆڕانکاریانە چین کە لەسەرەتای ١٩٩٠کانەوە، بەسەر هزر و دیدی ئۆجالانەوە هاتوون، چین ئەو فاکتەرانەی بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەریان هەبووە لە ئاراستەی گۆڕانکاری لە هزری ئۆجالاندا؟". ٢- هۆکارە هەرە گرنگەکانی گۆڕانکاری لە فکری ئۆجالاندا" پرسیارێکی چوارچێوەیی و هەرە گشتگیر، چی کۆنەیە و چی تازەیە لە هزری ئۆجالاندا". ٣- مۆرای بوکچین، سەرچاوەی سەرەکی هزری ئۆجالان لەبیست ساڵی رابردوو دا، " مارکس بۆ مارکسیەکان چی بوو، مۆرای بۆکچینیش بۆ ئۆجالان هەمان شتە"!. ٤- تێزی ئۆجالان لە مەسەلەی "کۆنفیدرالی دیموکراتیدا". ٥- دەرئەنجام.

✓ **وەڵامی یەکەم:**

وەک بەشی یەکەم لە بابەتەکەی کە:

**١-** بە **بونیادی بابەت** دەستپێدەکات هەڵەیە بۆچی؟ چونکە سەرەتا دەبوا لەسەر چۆنیەتی بەبنەما گرتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووایە لە کوردستان، هەروەها پرسی نەبوونی هزری نەتەوەیی و بیرکردنەوەی کوردستانی بووایە، چونکە کاتێک ڕێبەر ئاپۆ دەستی بە تێکۆشان کرد و پەکەکەی دامەزراند، لە باکووری کوردستان شتێک بەناوی کورد و کوردستان نەمابوو. جوڵانەوەی ئەیلولی م.بارزانی شکستی هێنابوو، جوڵانەوەکانی تریش لە باشوور تازە لەسەروبەندی گفتوگۆ و دامەزراندن دابوون، بۆیە بیر و هزری تێکۆشان لەپێناو نەتەوەیەک کە لەژێر بەرداشی هاڕاندن دایە و وڵاتێک کە لەفەرهەنگی کەسێکدا نەماوە، بۆیە دەستپێکردن لەو کات و سەردەمەدا و بەو هزر و فەلسەفەیە ئەمەیان جێگای تێڕامان و سەرنجە، واتا دەکرا وەک سەرەتای بابەت کۆرگێڕ هەندێک لەسەر ئەو هەلومەرجە وەستابووایە کە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکەی تێدا دەرکەوتووە، گۆڕانکاری لەچی دەکەیت کە هێشتا مێژووی ئەو تێکۆشانەت وەبیر خەڵک

نەهێناوەتەوە، واتا ئەو تێکۆشانە بەبێ رەگ و ریشە دەستی پێنەکردووە. لەو سەردەمەدا زۆرێک لە پارت و رێکخراوی تر هەبوون، بەڵام بۆچی ئەوەی رێبەر ئاپۆ سەرنجی کۆمەڵگەی راکێشا و خەڵکی لێ کۆبووەوەو بووە رێکخستنێکی سەرتاسەری کوردستانی، وەک سەرەتا لە باکوور، دواتریش لە گشتی کوردستان. بۆیە پێویستە ئەوە بزاندرێت، گەلی کورد پێویستی هەبوو بە ناسینی بنەمای نەتەوەیی خۆی و وڵاتی خۆی، هەروەها پێویستی بە فەلسەفەیەک هەبوو، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ بونیادی نەتەوە و وڵاتی لەسەر دروست ببێتەوە کە جارێکیتر وەکو جوڵانەوەی ئەیلول شکست نەهێنێت.

٣- دەبێ بگوترێت، پێویستیەکانی گۆڕان و وەرچەرخان لای رێبەر ئاپۆ و پەکەکە، لەبنەمادا دەرکەوتنی رێبەر ئاپۆ لەپێناو گۆڕانکارییە، دۆخێکی چەقبەستوو و داگیرکەری لە کوردستان هەبوو، رێبەر ئاپۆ ئەمەی پەسند نەکرد و بۆیە دەستی بە گۆڕانکارییەک کرد، بەهەمان شێوە ئەم گۆڕانکارییە هەتا چوو مەزنتری کرد، بۆیە خۆی دەڵێت، لە سەرەتا تەنها دوو وشەم دەزانی ئەویش، "کوردستان داگیرکراوە" بوو، واتا لێرەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین رێبەر ئاپۆ هەر رۆژ لەناو گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن دابووە، بۆیەش شۆڕشگێڕی مەزنی تورک "مەهری بەللی" ناوی لەو دیدارەی نا " وەرچەرخانی مەزن" کە لەساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ رێبەر ئاپۆ ئەنجامیداوەو لە چوارچێوەی پەرتووکێک بڵاوکراوەتەوە. هەر قۆناخێکیش بەگوێرەی خۆی پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، نەک پەشیمان بوونەوە، لەنێوان گۆڕانکاری و پەشیمان بوونەوە جیاوازی هەیە، هەمان کات ئەوەش قەدەر نییە کە تۆ لە ناو بازنەیەکدا بخولێیتەوە، بەڵکو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دەبێ بەردەوام لەناو نوێکاری دابێ. لەبەر ئەوەی کۆرگێر ئاگاداری مێژووی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە نییە، بۆیە هیچ قسەیەکی لەسەر تێکۆشانی ساڵانی حەفتا و هەشتای رێبەر ئاپۆ و پەکەکە نەکردووە، خۆی لەخۆیدا بونیادی راستەقینە و ستوونە سەرەکیەکانی پەکەکە لەو ساڵانە داندراون، وەک چۆن کۆنگرەی یەکەم بۆ دامەزراندنی پەکەکە چەندە گرنگە، ئەوا کۆنگرەی دووەمیش دوای کودەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، هەمانکات گەڕانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ وڵات و ئامادەکاری بۆ شەڕی چەکداری و دەستپێکردنی شەڕی چەکداری گرنگترە، بەهەمانشێوە کۆنگرەی سێیەمین و کۆنگرەی چوارەمینیش. بۆیە ناتوانی مێژووی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەیەکتری بەپچڕیت و بەگوێرەی خۆت لە شوێنێک بکەویتە ناوی، هەر بۆیە دەبووایە کۆرگێر کاتێک رێبەر ئاپۆ و پەکەکەی تاوتوێ دەکات هەمووی پێکەوە تاوتوێ بکردبا ، چونکە رێبەر ئاپۆ دەڵێت، "حەقیقەت یەک پارچەیە".

٤- هەڵەیەکی تری مەزنی کۆرگێر ئەوەیە کە پێی وایە، کاریگەری کەسایەتی ئەنارشیست و سۆسیالیستی مەزنی ئەمریکی مۆرای بووکچین، گەورەترین کاریگەری لەسەر هزری رێبەر ئاپۆ داناوە. ئەمەش پەیوەندی بەڕاستیەوە نییە، رێبەر ئاپۆ وەک چۆن لە ستراتیژی یەکەمی کە بە لە دایکبوونی دووەمی دادەنێت و کاریگەر بووە بە فەلسەفەی مارکسیزم و لینینیزم و سەرجەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی و جیهانییەکان، هەموویان رەنگدانەوەیان هەبووە بەسەریەوە، بەهەمانشێوە لە ستراتیژی نوێشدا کە رێبەر ئاپۆ بە لەدایکبوونی سێیەمی بەناو دەکات. بۆیە هەموو ئەو تێکۆشەر و فەیلەسوف و خەباتگێڕی ژنان و گەنجان و ئازادیخوازان کاریگەریان هەیە و بەنرخ سەیری تێکۆشانیان دەکات، بەڵام خودی رێبەر ئاپۆ خاوەنی هزر و فەلسەفەی خۆیەتی، بۆیەش لەسەرەتای دەستپێکردن بەتێکۆشانەوە تەنها پەکەکە و بزووتنەوەی ئاپۆیی شانازیان کردووە کە پێیان بگووترێت ئاپۆچی، لەبەرئەوەی خودی رێبەر ئاپۆ لە هزر و فەلسەفەی خۆی سەربەخۆیە و خۆی داهێنەر و پەرەپێدەریەتی، خۆشی دەڵێت، "ئێمە لە ئەزموونی خۆمان فێردەبین". واتا هیچ فەیلەسوف و بیرمەندێکیتر و ئازادیخواز و

دیموکراتخوازێکیتر بچووک نابینێ و پەراوێزی ناخات، بەڵام هزر و بیری شۆڕشی کوردستان بە ئەقڵییەت و شێوازی بیرکردنەوەی کوردستانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بونیادناوە. دەکرا لەگەڵ مامۆستا مۆرای بوکچین، هەمانکات بگووترێت کاریگەری نیچە، باکۆنین، والرشتاین، ژیژک، فرناند براودێل، کرۆپۆتکین و ئەندرێ گۆندێر فرانک، فۆکۆ، ئەمین مەعلوف و ئیبن خەلدون و زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسوفەکانی تری سەردەم کاریگەریان لەسەر ڕێبەر ئاپۆ هەیە، ئەمەش بەهەڵە ناژمێردرێت، بەڵکو دەوڵەمەندییە لە هزر و فەلسەفەدا. چونکە ڕێبەر ئاپۆ جیهانبینیەکەی خۆی فراوانتر کرد لە چۆنیەتی سەیرکردنی بۆ دیاردە و ڕووداوەکان. بۆیە ئەگەر سەیر بکەین لەهەر بەرگرینامەیەکدا ڕێبەر ئاپۆ کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی تری کردووە، کە ئەوەی رابردووی دەوڵەمەندتر دەکات. بەتەنها قەتیس کردنی ڕێبەر ئاپۆ بە کاریگەربوون بە هزری مۆرای بوکچین، لەگەڵ ئەوەی هەڵەیە، هەمانکات مەبەستی تری لەپشتە کە خودی کۆرگێڕ لەبەردەوامی کۆرەکەیدا مەبەستەکە دەداتە دەست، بۆیە ئێمەش لەوێ بە وردتر لەسەر مەبەستی ئەو خاڵەی دەوەستین، وەک لە کوردەواری دەڵێن، فیتی حەرامزادە لەسەرەتاوە دیارە.

٥- تێزی ڕێبەر ئاپۆ لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیدا، ڕێبەر ئاپۆ بەدوای چارەسەریتر بۆ پرسەکانی کۆمەڵگە گەڕاوە، لەلایەک پرسی نەتەوەیی، هەروەها پرسی ئابووری، ژینگەیی، پرسەکانی ژنان، گەنجان و ڕێژەی دانیشتوان کە لە بەرگرینامەی سۆسیۆلۆژیای ئازادی بە دوازدە کێشەی کۆمەڵایەتی بەناوی دەکات. هەڵەی کۆرگێڕ لەوەدایە کە پرسی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی وەک تەنها چارەسەریەک بۆ پرسی نەتەوەیی پێناسە دەکات، بۆیە هەڵەکە لەوێوە دەستپێدەکات، کاتێک پرسی نەتەوەیی لەپرسەکانی تری کۆمەڵگە دابڕێ، هەمانکات تەنها بەدوای یەک چارەسەریدا بگەڕێت، لەدەرەوەی ئەقڵییەتی دەوڵەت – نەتەوەی سیستەمی مۆدێرنێتەی سەرمایەداری دەکرێ لە چارەسەری تر بگەڕێین. هەر لەسەرەتاوە دەمەوێ بڵێم هیچ پەیوەندیەکی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و حوکمی زاتییەکەی باشوور و خودموختاریەکەی ڕۆژهەڵات بەیەکتریەوە نییە.

❖ **کۆرگێڕ، خاڵی لێوە دەرچوونی میتۆدۆلۆژی و تیۆری:** ١- تیۆری "جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی" ٢- تیۆری گۆڕانکاری لە وتاری ئایدیۆلۆژی – سیاسی "أ- وتار وەک دەق" لەسەر دەق ناوەستم، بەڵکو لەدەرەوەی دەق دەسوڕێمەوە، بەهاوکاری گۆڕانکاریە مێژوویەکان دەمەوێ زیاتر لە فکری ئۆجالان بگەم، چونکە بۆچوونم زیاتر سۆسیۆلۆژانەیە". ب- وتار وەک حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی – مێژوویی، یان سۆسیۆلۆژیای وتاری ئایدیۆلۆژیای – سیاسی.

✓ **وەڵامی دووەم:**

سەبارەت بەو خاڵە، هزری ڕێبەر ئاپۆ میتۆدێکی هەیە، واتا هەموو شیکار و شرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانی بە ئەنجام کۆتایی دێت و وەک تیۆر پێناسە دەکرێت، ئەمە لەسەرەتای دروستبوونی پەکەکە بەهاوکاری شەهید دکتۆر مەحمەد خەیری دورموش بە مانیفستۆی شۆڕشی کوردستانەوە دەستپێکرد. تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ بەو شێوەیە بەردەوام بووە، لە ساڵانی هەشتا، دوای ئەوەی ئەکادیمیای سیاسی و لەشکری لە بیقاع کردەوە، ئەمەی بە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی گرنگ دەوڵەمەندتر کرد کە دواتر لە چوارچێوەی پەرتووکی پرسی کەسایەتی و ڕۆڵی توندوتیژی لە کوردستان و پرسی رزگاری نەتەوەیی و چەندین نامیلکە و نوسراویتری لێ بەرهەم هات. لەو نوێگەریەی ڕێبەر ئاپۆ کردی، ڕێبازی تیۆری خۆی زیاتر ڕوون کردەوە، بۆ هەریەک لە کێشەکانی کۆمەڵگە، میتۆدی خۆی بۆ چارەسەری دیاری کرد، دەکرێ لە گشتی جوڵانەوەی

کۆمەڵایەتیدا هزری ڕێبەر ئاپۆ وەک تیۆری چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بەناو بکرێت کە ڕێبەر ئاپۆ بەناوی تیۆرەکانی "شارستانی دیموکراتی" بەناو دەکات. هزرمەند و فەیلەسوفیتریش هەن، بەڵام لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبەر ئاپۆ گەورەترین بیرمەندە کە نەتەنها بیری لەکێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردۆتەوە، بەڵکو ئەو قەیران و گێژاوەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێیکەوتەوە ڕێگا چارەی بۆ نیشانداوە.

١- بۆ تیۆری جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی کۆرگێر ئاماژە بە دیڤید رۆما دەکات کە من نای ناسم، بەڵام باشترین کەس ئەوەیە کە لەناو کۆمەڵگەکەی خۆت دەردەکەوێت و دەرمان بۆ نەخۆشیەکەت دادەنێت، ئەوە بەواتای بچووک بینینی بیرمەندانیتر نییە، بەڵکو ڕاستینەی کۆمەڵگەی کوردستان وەک هیچ وڵات و نەتەوەیەکیتر نییە، بۆیە باشترین دکتۆریش لای خۆمانە، بیرمەند و زانایانی ئەمڕۆش دان بەوەدادەنێن کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەسێک هەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بیردەکاتەوە، ئەویش ڕێبەر ئاپۆیە. بۆیە هێشتا نەچووە بچێ ئەگەر کۆرگێر بچێ پەرتووکی سێیەمین"سۆسیۆلۆژیای ئازادی" لە پێنج بەرگرینامەکەی بەناوی شارستانی دیموکراتی بخوێنێتەوە، ئەوکات تیۆری چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگەی بۆ دەردەکەوێت. نا ئەگەر وەک ئەو وتەی کورمانجی ژوورین هەیە دەڵێت، "گیاهێ حەوشێ تەحلە"، ئەمەیان شتێکی ترە.

**٢-** تیۆری گۆڕانکاری لە وتاری ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ دروست نەبووە، بۆیە دەبێ بزاندرێت ئەمە هەڵەیە، چونکە لە ٤٧ ساڵ لە خەباتی ڕێبەر ئاپۆ، بەهەمان هێز و تینی ڕۆژی یەکەم ئەمڕۆش تێکۆشەرێکی لێنەبڕاوی ئازادی و ڕزگاری مرۆڤایەتی و ژنان و گەنجان و کرێکار و زەحمەتکێشان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە، لە هیچ سەردەمێک خۆی سنووردار نەکردوە بە چینێک یان نەتەوەیەک. ڕاستە ناوی حیزبەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بووە، بەڵام سەیر بکەین لە سەرلەبەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ناو ڕێکخستنی پەکەکەدا هەبووە و هەیە، هەمان کات لەگەڵ گەلی کورد سەرجەم گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش هەبوونە. بۆیە لە وتاری ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ گۆڕانکاری نییە، ئەمە بەو واتایە نایەت کە ڕێبەر ئاپۆ لەلایەنی ئایدیۆلۆژیەوە دۆگماتیکە، نەخێر، بەڵکو خاوەن پرەنسیپە لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی خۆی، ئەوەی پەرەی پێداوەو گۆڕانکاری بەسەردا هێناوەو فراوانی کردوە ئەویش پارادایمەکەیەتی. لە وتاری سیاسی گۆڕانکاری هەیە و دروست بووە، سیاسەتیش هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، بۆیە پێویست بە گۆڕانکاری و نوێکاری هەیە، چونکە هەژموونگەرای سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەتانی داگیرکەر لەسەر کوردستان ڕۆژانە بەهەموو جۆرە سیاسەتێکی نائەخلاقی هێرش دەکەنە سەر گەلەکەمان و شۆڕشی کوردستان. ئەو پرەنسیپەی لە سیاسەت کە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە پێیەوە پەیوەستن ئەویش سیاسەتی ئەخلاقیە، واتا لەدەرەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی حیزبی، بنەماڵەیی، کەسی، یان عەشیرەتی و پارچە و هەرێمگەریەتی، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە، لەپێناو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، بەپێوانەکانی دیموکراتی و ئازادیەکانی کۆمەڵگە، هەموو پێکەوە لەناو سیستەمێک پێکەوە بژین کە بەناوی کردووە بە مۆدێرنیتەی دیموکراتی. **کۆرگێر دەڵێت:** "خۆم لەدەق نادەم تاکو کۆت گیر نەبم" بەڵام شۆڕیش نابێتەوە بۆ مێژوو، بۆیە زیاتر لەو چوارچێوە تەشهیرکاریە دەسوڕێتەوە کە لەساڵانی نوێوەتدا هێز و دەوڵەتە داگیرکەرەکان پێناسەیان بۆ ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە کردووە، لە دوای ساڵانی دوو هەزاریش لەسەر بنەمای ئەوەی کە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەناودەچن و بێ چارەسەرن و لەناو بازنەی گۆشەگیریدا دەخولێنەوە، ئەمەش بە نمونەی

جەمال نەبەز و زۆرێکیتر بەناو ئەکادیمسێن لە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکاریەکانەوە، وتارەکەی جەمال نەبەز کەلە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی بڵاوکردبوەوە مەبەستیان ئاشکرابوو، وەک چۆن ئێستا کۆرگێڕ هەستاوە بە ئەنارشیزم رێبەر ئاپۆ تاوانباردەکات، ئەوکاتیش جەماڵ نەبەز دەیگووت، "بچن چەکەکانی چەکدارانی پەکەکە کۆبکەنەوە با زیان بەخەڵکی سڤیل نەگات". ئەمە نزیک بوونێکی راست و ئەخلاقی نییە، پێویستە لەسەر بنەمای دەقەکانی رێبەر ئاپۆ ئەو پێناسە بکەیت، نەوەک خەڵکیتر چی گووتوە، یان چۆن نزیک بۆتەوە، بێیت رێبەر ئاپۆ و پەکەکەی پێ مەحکوم بکەیت. دواتر لایەنی سۆسیۆلۆژی کۆرگێڕ زیاتر وەهم دروست کردن و بێ ئومێدی و بێ هیوایی قووڵکردنەوەیە، بەناوی ماف بەخۆم دەدەم لەسەر هەر پیرۆزی و نرخێک قسە بکەم، دەیەوێت ئەو رێگا چارەسەریانەی هزری رێبەر ئاپۆ بەهەندێک وتاری لیبڕالیستانەی گوماناوی تەمومژی بخاتە سەر، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە کەسایەتی دانیشتوانی کۆرەکە تەسلیم بگرێت بۆ سیاسەتەکانی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری.

وتاری رێبەر ئاپۆ بەگشتی لەدوای گۆڕانکارییەکانی ستراتیژی لە سالآنی ٢٠٠٠وە سۆسیۆلۆژیست"کۆمەڵناس"انەیە، کەمترین وتاری ئایدیۆلۆژی هەیە، چونکە باوەشی بۆ تەواوی کۆمەڵگە کردۆتەوە، لەلایەکیتریش رەخنەی کرد و رەخنەی لە خۆی گرت، بەتایبەت لە هەردوو بەرگرینامەی لەدەوڵەتی راهیبی سومەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراتی و بەرگریکردن لە گەلێک لە بەشی حەوتەمیدا. رێبەر ئاپۆ کۆمەڵگە بەیەک پارچە دەبینێ، دەسەڵات و دەوڵەت بە نەخۆشی دەبینێ و وەک لادان لە راستینەی کۆمەڵگەی بەناو دەکات، بۆیە پێویستە کۆرگێڕ ئەو مافەی دابووا بە رێبەر ئاپۆ و لە سۆنگەی بیروڕاکانی سەیری خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیانەی بۆ کۆمەڵگە بکردبووایە.

❖ **کۆرگێڕ، سەرچاوەکانی بابەت بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمانەن:** ١- نوسراوەکانی ئۆجالان لە گرتووخانەوە. ٢- نوسراوەکانی مۆرای بوکچین. ٣- لێکۆڵینەوەو نوسراوەکان دەربارەی فکری مۆرای بوکچین و گۆڕانکاری لە هزری ئۆجالاندا. مورای بوکچین و ئۆجالان لە نوسین زۆر لەیەکتری دەچن ئەویش دووبارە بوونەوەیان زۆر تێدایە لە نوسیندا.

✓ **وەڵامی سێیەم:**

١- سەرچاوەکانی بابەتی کۆرەکە بە گشتی هیچ پەیوەندیەکیان بە نووسینەکانی رێبەر ئاپۆ نییە، بۆیەش کۆرگێڕ نەیتوانیوە هیچ ئاماژەی پێبکات. تەنها لە زیندان رێبەر ئاپۆ بەهەزاران لاپەڕەی بەدەستی خۆی نووسیوە، لەگەڵ هەموو دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانی و شاندی دانوستاندنی هەدەپە و دەوڵەت، لەدەرەوەی ئەو نامە و سەرنج و تێبینیانەی کە تایبەت بۆ هەڤاڵانی زیندان یان بۆ کەسایەتیە تایبەتەکان و پەکەکە نوسیویەتی. بۆیە مەبەستی کۆرگێڕ روون نییە، باسی کام لە نووسینەکانی زیندان دەکات، چونکە تا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی زیندانی نەیتوانیوە ئەوەندە نووسین بنوسێت بە گرامشیشەوە. بۆیە پێویستە کۆرگێڕ سەرچاوەکانی دیاری کردبووایە، وەک چۆن باسی سەرچاوە ئینگلیزیەکانی دەکات، دەبوایە باسی ئەوانەی رێبەر ئاپۆشی بکردبووایە، باس ناکات تاکو بەقاچاخ شەڕ بکات و دەزانێت کاتێک باسی سەرچاوەکانی رێبەر ئاپۆ بکات، ئەوکات دەبێتە پڕوپاگەندە بۆ بەرهەمەکانی و خەڵک زیاتر هزری رێبەر ئاپۆ دەناسێ، هەمانکات ئەدەبیاتی زیندانی رێبەر ئاپۆ دەبنە سەرچاوە بۆ زۆر لە لێکۆڵینەوەی تر، بۆیە هیچ سەرچاوەیەکی باس نەکردووە، تەنها دەڵێت، نوسراوەکانی زیندان، کامە نوسراو، بەکامە زمان، ناوی

سەرچاوەکە چییە، لەکوێ چاپکراوە، هیچیان دیار نییە، بۆیە ئەمەش دەچێتە خانەی گومان و لێڵکردنی هزر نە وەک بەدواداچوون.

٢- نووسراوەکانی مۆرای بوکچین، کۆرگێڕ دەڵێت، لێکۆڵینەوەکەم لەسەر هزری ئۆجالانە، بەڵام هاتووە سەرچاوەکانی کەسێکیتر بەکاردێنێت. باشە ئەوکات با تایتڵی کۆرەکەی بگۆڕیبوایە بە دەوڵەت لە دیدی ئۆجالان و بوکچینەوە، یان هەر ناوێکیتر کە پێی خۆشبوو، بەڵام دەیەوێ کۆڕ بەناوێک بێ و سەرچاوەش هی کەسێکیتر بێ، ئەمەیان هەڵەیەکی زۆر زەقە، یان کۆرگێڕ خەڵک بەنەزان و ئەحمەق و گێل تێدەگات و چی بڵێت لێی وەردەگیرێت، چونکە ئەکادیمیسێنە و لە ئەوروپای باکوورەوە قسە دەکات !!. ئەو سەردەمە چوو، ئەوروپییەکان چی بڵێن و خەڵکی کوردستانیش سەرتان بۆ بەهەژێنن، چونکە ئەمڕۆ گەلی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکەسایەتی رێبەر ئاپۆدا، خاوەن هزر و فەلسەفەی خۆیانن. دەکرێ رەخنەت لەسەر مۆرای بوکچین هەبێ، بەڵام دەبێ تێکەڵی نەکەیت لەگەڵ رێبەر ئاپۆ، دونیابینی رێبەر ئاپۆ زۆر بەرفراوانترە، لە هەموو ئەوانەی ئێستا قسە لەسەر کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانە دەکەن. یان کۆرگێڕ دەیەوێت بە بەردێک دوو نیشان بپێکێ، یان هەم لەناڵیش بدات و هەم لە بزماریش، بۆیە کۆرگێڕ روون نییە دەیەوێ چی بکات و کێ رەخنە بکات.

٣- لە رێگای لێکۆڵینەوە لە فیکری مۆرای بۆکچین، ناتوانی رێبەر ئاپۆ رەخنە بکەیت، چونکە تێکۆشانی رێبەر ئاپۆ جیاوازە، دواتر رێبەر ئاپۆ لەناو زیندان دەستی بە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخان کردووەو بە سەرکەوتوویش بەئەنجامی گەیاندووە. مۆرای بوکچین لەناو لوتکەی سیستەمی سەرمایەداری و لە ئەمریکا، وەک پێشەنگێک بۆ بزووتنەوەی ئەنارشیستی دەرکەوتووە. دەڵێت، هەردووکیان زۆر لەیەکتری دەچن، دووبارەبوونەوەیان زۆر تێدایە لە نووسیندا، باشە کۆرگێڕ هیچ سەرچاوەیەکی رێبەر ئاپۆی ئاماژە پێنەکردووە، تاکو پێمان بڵێت لەو بابەتە دووبارەبوونەوەی هەیە، رێبەر ئاپۆ وەک بیرمەندێک خاوەن هزر و تێڕوانینی تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە سەرلەبەری خوێندنەوەکانی رابردووی رەخنە کردووە و مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کێشەکانی ئەمڕۆی جیهانیشی بەچاوێکیتر خوێندۆتەوە، بۆیە لەوبارەیەوە ئەگەر نەتویستووە بەدواداچوونی بۆ بکەی و تەنها بەهەندێک وردە زانیاری سەرپێی خۆت کە لە میدیای مەجازی دەستت کەوتوون قسەی لەسەر دەکەی، ئەمەیان شتێکی ترە. ئەوەندەی منیش مۆرای بۆکچینم خوێندۆتەوە، زۆر بەشێوەیەکی ئاشکرا بیر و بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی ورد باسکردووە، ئاسایشە بەهەزاران لاپەڕە بنووسیت دەبێ هەندێک وێکچوون و دووبارە بوونەوەش هەبێ، بەڵام ئەوە بە کەموکوڕی ناچێ، بەڵکو ئەوەی پێویستە رەخنە بکرێ یان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەویش ئایا لەکامە سەرچاوەی رێبەر ئاپۆ، کامە دووبارە بوونەوە هەیە. رێبەر ئاپۆ بە سادەترین زمان گوزارە لە هزری خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە، هەمانکات گۆڕانکاریش لەو چەمک و بۆچوونانە دەکات کە تا ئێستا لەلایەن سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری چەواشە کراون. ئەگەر بە راستی قسە بکەین ئەو کۆرەش زۆربەی دووبارەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆرگێڕ دەیەوێت بەزۆری زۆرداری بیسەلمێنێت کە "رێبەر ئاپۆ وەک مۆرای بوکچین بێ چارەیە و چارەسەریەکەیان بێ ئەنجامە"، ئەوا سەدان شێر و رێوی هێناوەتەوە، کە زۆربەیان ناچنە قاڵبی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و هزری. لەوانەیە کۆرگێڕ نەی وێرابێ بەرگرینامەکانی رێبەر ئاپۆ بخوێنێتەوە، نەوەک پێیان کاریگەربێ و لەو هەڵوێستە دژبەرانەی خۆی پەشیمان بێتەوە، وەک جاران دەیانگوت، ئاپۆ مێشکی خەڵک دەشواتەوە، ئەویش ترسابێ مێشکی لە بۆگەنییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بشۆرێتەوەو ببێتەوە مرۆڤە رەسەنە کوردستانیەکە.

❖ **کۆرگێڕ، تێبینی دەربارەی سەرچاوە و دەرئەنجامەکان:**

١- کێشەی سەرچاوە سەرەکیەکان، زۆر بەتایبەتی نووسراوەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان.

٢- دامەزراو لەسەر خاڵی سەرەوە، ئەو دەرئەنجامانەی کە لەسەر بنەمای بەکاربردنی ئەو سەرچاوانەی پێیان دەگەین، زۆر ڕێژەیین" واتا دەبێ ئامادەبین لە هەرکاتێک گۆڕانکاریان بەسەردا بێت". چونکە کاراکتەری سەرەکی ئەم باسە لە گرتووخانەیە و کۆمەڵێ پرسیار هەیە لەسەر نووسراوەکانی گرتووخانەی. پرسیاری کۆرگێڕ: چۆن دەکرێ ٨٠٠ جار ڕێگری لەپارێزەرەکەی بکرێت بۆ سەردانی ئۆجالان، بەڵام ڕێگا دەدرێت نووسراوەکانی ئۆجالان دەرکەونە دەرەوە؟ نووسینەکانی زۆر لە نووسینەکانی گرامشی دەچێت، چەند لاپەڕەیەکی تەرخانکردووە بۆ خەباتی چەکداری. چۆن دەکرێت لە ئیمرالیەوە ئیدارەی خەباتی چەکداری بکەیت، بەڵام لەدەرەوەی ئیمرالی ئەندام پەرلەمانێک ئەخرێتە گرتووخانە لەبەر ئەوەی ناوی ئۆجالانی هێناوە لە جێگایەکی نامناسبدا، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەی سەرچاوەمان هەیە.

✓ **وەڵامی چوارەم، بۆ تێبینیەکەی:**

کۆرگێڕ دەیەوێت کێشەی نەخوێندنەوەی پەرتووکەکانی ڕێبەر ئاپۆ، بخاتە ئەستۆی ڕێبەر ئاپۆوە، واتا هەم خۆی تاوانبارەو هەم خۆشی مافدار نیشاندەدات، هیچ بەرگرینامەیەکی ڕێبەر ئاپۆی نەخوێندۆتەوە و دەڵێت؛ کێشەی سەرچاوە هەیە. لەلایەکیتریش دەڵێت ئەنجامەکانی پێی بگەین "لای ئۆجالان ڕێژەیین"، بێگومان هزر و بیری مرۆڤ ڕێژەیین ئەوە زانای گەورە ئەنشتاین تیۆرەکەی بۆداناوە و سەلماندویەتی، بەهەمان شێوە حەقیقەتیش لای ڕێبەر ئاپۆ و تەواوی بیرمەند و فەیلەسوفان ڕێژەییە. ڕێبەر ئاپۆ لە بەرگرینامەی سۆسیۆلۆژیای ئازادیدا زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: "ئەو پرۆژەیەی من بۆ ٢٠٠ ساڵە، تا دوو سەد ساڵی تر باوەڕناکەم گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بێتە گۆڕێ، ئەگەر گۆڕانکاریەکیش ڕووبدات ئەوا ڕێژەیی دەبێ". بێگومان کۆرگێڕ ئەو دەقەی نەبینیوە، بۆچی؟ چونکە نەیخوێندۆتەوە. لەلایەکیتر یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕێبەرئاپۆ ئەوەیە، کە بچووکترین دەرفەت دەخاتە خزمەت شۆڕشەوەو هیچ دەرفەتێک ناهێڵێت بەهەونتە لەدەستی دەرچێت، هەموو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانی کردە دەرفەت بۆ بەڕێوەچوونی ڕێکخستن و سەرخستنی هێڵی نوێی تێکۆشان لەسەر بنەمای ستراتیژی نوێ، هەروەها ئەو دەرفەتانەی بەگوێرەی یاساکانی دەوڵەتی تورک هەیە کە لەگەڵ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا واژۆی کردووە، نەک تەنها ڕێبەر ئاپۆ تەواوی گیراوانی سیاسی مافی سەرلێدانیان لە بڕیارەکانی دادگای تورکیا هەیە، لەم ماوەیەدا دەتوانن بەڵگەکانیان بەنووسراو پێشکەشی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بکەن. لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێبەر ئاپۆ ئەو بەرگرینامانەی وەرگێڕا بۆ دەرفەتێکی نوێ بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخان لەهزر و ڕێبازێکی نوێی پێشخست لەپێناو گەیشتن بە ماف و ئازادیەکانی گەلانی کوردستان. بۆیە تەنها بەرگری لەخۆی نەکردووە، بەڵکو لەکەسایەتی خۆی بەرگری لە تەواوی گەلی کوردستان کردووە، هەمانکات ڕێگای چارەسەریشی نیشانداوە، ئەمەشی لە بەرگرینامەی بەرگریکردن لەگەلێک بەئاشکرا خستۆتە بەرچاوان، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆرگێڕ ئەو سەرچاوەشی نەخوێندۆتەوە بۆیە نەیبینیوە. لەهیچ یەکێک لە بەرگرینامەکان و لە چاوپێکەوتنەکانیش ڕێبەر ئاپۆ جاری شەڕی نەداوە و سەرپەرشتی شەڕیشی نەکردووە، بەڵام وەک مافێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە ئەویش مافی پاراستنی ڕەوایە بۆ ئەو گەلانەی ژێر دەستن، لەپاڵ کۆرگێڕ لە وڵاتی بەلجیکا تاوانی بەتیرۆر ناساندنی پەکەکە لەلایەن دادگای باڵای ئەو

ولاتەوە هەڵگیرا، لەبەر ئەوەی گوترا پەکەکە ئەو شەڕەی بەڕێوەی دەبات تیرۆر نییە، بەڵکو مافی خۆپاراستنی رەوایە. دیارە کۆرگێڕ ئەو مافەش بە گەلی کورد رەوانابینێ بۆ پاراستنی خۆی. لەسەر ئەو بنەمایەشە پەکەکە گۆڕانکاری لە ستراتیژی شەڕیش کرد، ساڵانی هەشتا و نۆەوتەکان پەکەکە لە ژێر ناوی ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان"ARGK" وە خەباتی چەکداری بەڕێوەدەبرد، لەدوای گۆڕانی ستراتیژییەوە لە ساڵی ٢٠٠١وە خەباتی چەکداری بەناوی هێزی پاراستنی گەلی کوردستان "HPG"ەوە بەڕێوەدەبات. لەبەر لێدوانەکانی زیندانەوە ئایا کۆرگێڕ دەزانێت تائێستا رێبەر ئاپۆ چەندجار لەناو زیندانی ئینفرادی واتا ژووری تاکە کەسیەوە لە دوورگەی ئیمرالی گۆشەگیر کراوە؟ واتا لە ژووری تاکە کەسیەوە گۆشەگیر کردن؟. لەکاتی نووسینی بەرگرینامەی سۆسیۆلۆژیای ئازادیدا رێبەر ئاپۆ دەڵێت، ماوەی ١١ رۆژ پێنووس و پەڕاو و تەواوی پێویستیەکانیان لێ وەرگرتم بەو رادیۆ یەک کەناڵیەشەوە. دەبوا کۆرگێڕ تۆزێک بەویژدانەوە ئەگەر کەمیش بوایە هەندێک باسی ئەو بەرخودانەی بکردبوایە، کەوا ماوەی ٢١ ساڵە رێبەر ئاپۆ بەئیرادەیەکی زۆر گەورە بەڕێوەی دەبات، نەک بە توانجەوە بڵێت "بۆچی پارێزەرکانی ناتوانن بچنە سەردانی، چۆن ئەو دەتوانێ لە زیندانەوە شەڕ بەڕێوەببات"، ئەو وتەیەیی کۆرگێڕ لە کوردەواریدا پێی دەڵێن "سک رەشی"، هێشتا بەوە رازی نییە کە رێبەر ئاپۆ لەناو دەریای مەڕمەڕە لە دوورگەیەک بەتەنها ماوەی ٢١ ساڵە زیندانیە، دەرفەتێکی بەقەد سەری دەرزی دەسکەوت، ئەویشی بەنووسینی بەرگرینامەکانی خستە خزمەت گەلی کورد و ئازادی و دیموکراسی. تا ئەو ئاستە بە رەق و قین سیاسەت و لێکۆڵینەوەی هزری ناکرێت، پێویست بوو سەرەتا کۆرگێڕ تۆزێک ئەعسابی خۆی سارد کردبوایەوە، نەوەک لە جەمسەری باکووری سەهۆڵبەندان، بەڵام بەو هەموو رەق و قینەوە پەرۆشی ئەوەی کە داخۆ بۆچی ئەو دەرفەتە دراوە بەقەد سەری نوکی دەرزیەک رێبەر ئاپۆ قسەی تێدا کردووە. بەداخەوە بۆ ئەکادیمیسینێکی کورد کە بە ئەقڵی خۆی لە ئەورووپا دەگەڕێت بۆ ئەوەی کوردانی ئەوێ هۆشیار بکاتەوە، بەڵام هێشتا دڵی ئۆقرەی نەگرتووە کە رێبەر ئاپۆ لە ٢٠١١وە لەژێر گۆشەگیری توند دایە، هەروەها لەماوەی چوار ساڵی رابردووش تەنها شەش جار دەرفەتی یەکتری بینینی هەبووە، لەگەڵ خانەوادەو پارێزەرەکانی، دیسانیش هەموو دیدارەکانی خستۆتە خزمەت پرسی نەتەوەیی و ئازادی و دیموکراتی، بێ ئەوەی یەک داواکاریەکی بچوکیشی بۆخۆی هەبێت، هەتا لە دواین دیداری ساڵی ٢٠١٥ بە شاندی دانوستاندکاری هەدەپەی گووت، ئەگەر تەنها بۆ دیداری من دێنە ئێرە، ئەوا چیتر مەیەن و پێویست ناکات. بەهەمان شێوەش لە ٢٠١٦ دوای مانگرتنی سەرتاسەری پەرلەمانتاران و سیاسەتمەداران، دەوڵەت ناچار بوو لە ١٢ی ئەیلول مەحمەدی برای بنێرێتە لای، رێبەر ئاپۆ پێیگوتبوو، کێ تۆی ناردووە، ئەگەر من بوومایە نەدەهاتم، بۆچی هاتووی؟. دەبێ ئەوەش بگوترێت، تەنها لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ لەکاتی راپەڕینەکانی تونس و میسر گووتی؛ بۆچی هەڤاڵانی ئێمەش ناتوانن مەیدانی نەورۆزی ئامەد بکەنە مەیدانی تەحریر وەک میسر، بۆ ئەو وتەیەی سێ مانگ سزای گۆشەگیری بەسەردا سەپێندرا، تائێستاش وەک کۆرگێڕ دەوڵەتی تورکیش دەڵێت، "ئاپۆ لە زیندان شەڕ بەڕێوەدەبات". ئەگەر شەڕێش بەڕێوەببات ئاساییە، چونکە رێبەر ئاپۆ رێبەرایەتی بزووتنەوەیەک دەکات کە لەناو شەڕدایە و سەرۆکایەتی گەلێکیشی دەکات کە هێشتا مافەکانی لێ زەوتکراوەو مافی خۆیەتی لەپێناو گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیدا شەڕ و بەرخودان بکات.

لەسەر قسەی عیسا موسا کە پارێزەری شۆڕشگێڕی مەزن نیلسۆن ماندێلا بوو، هەمانکات بووە پارێزەری رێبەر ئاپۆش، لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سلێمانیدا کە لە ١٩ی تەموزی ٢٠١٦ ئەنجامدرا،

بەناونیشانی ئاشتی و سەقامگیری لە هزری ئۆجالاندا گووتی؛ دۆزەکەی ئۆجالان لە دۆزەکەی ماندێلا هێشتا گرانترە، چونکە ماندێلا جیهان پشتگیری دەکرد، بەڵام ئۆجالان هەموو جیهان لە دژیەتی.

❖ **کۆرگێر، چەمکەکان:** ١- زۆربەی زۆری ئەو چەمکانەی کە ئۆجالان لە قۆناخی کۆنفیدرالی دیموکراتی و خۆسەری دیموکراتیدا بەکاری بردوون، کەم یان زۆر هی "مۆرای بوکچینن." ٢- چەمکی "رادیکاڵ دیموکراسی" چوارچێوەی هەرە گشتی چەمکەکانە. کۆنفیدراڵی دیموکراتی = خۆسەری دیموکراتی. ئۆجالان و مۆرای بوکچین دەکەونە چوارچێوەی چەپی نوێ لەسەر بنەمای چەمکی رادیکاڵ دیموکراسی.

**کۆرگێر دەڵێت،** هەڵە نەکەن لەنێوان ئەو کۆنفیدراڵیەی ئێمە پێی ئاشناین واتا کۆنفیدراڵی دەوڵەتی نمونەی یەکێتی ئەوروپا، ئەو کۆنفیدرالیەی ئۆجالان باسی دەکات کۆنفیدراڵی مۆرای بوکچینە. ئەویش لەسەر ئەوە دامەزراوە کۆمەڵگە چۆن خۆی رێکدەخات لەدەرەوەی دەسەڵات. نەک لە رێگای دەسەڵات و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵات. خۆسەری دیموکراتی نزیکە لە حوکمی زاتیەکەی باشووری کوردستان، خودموختاریەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، تەنها دیموکراتیەتێکی بۆ زیادکردووە.

✓ **وەڵامی چوارەم، چەمکەکان:**

**١-** ئەو چەمکانەی لە دوای گۆڕانکاری ستراتیژی واتا لە دایک بوونی دووەمەوە رێبەر ئاپۆ بەکاریهێناون بەشێکیان وەرگیراون، یان کەسانی تریش بەکاریان هێناون، بەڵام رێبەر ئاپۆ بەگوێرەی هزری خۆی فۆرمیلەی کردوونەتەوە، کۆنفیدراڵی دیموکراتی کە لە نەورۆزی ٢٠٠٥وە کەوتە ناو زاراوەی سیاسی رێبەر ئاپۆ و پەکەکەوە، سەرەتا تێگەیشتنێکی وەک کۆرگێر باسی دەکات هەبوو، بەڵام دوای زیاتر لەسەر وەستانی و تێگەیشتنی دەرکەوت ئەوەی رێبەر ئاپۆ باسی دەکات لە کۆنفیدراڵی دیموکراتی هەمان ئەو کۆنفیدرالیە نییە کە مۆرای بوکچین باسی دەکات، هەروەها کۆنفیدراڵی دەوڵەتیش نییە. دوو نمونە، سەرەتا خۆرێکخستن کردنی گشتیش لەسەر بنەمای کۆما کۆمەلێن کوردستان "کەکەکە" بوو، واتا یەکێتی نێوان کۆمەڵەکان، بەڵام رێبەر ئاپۆ گووتی ئێمە تەنها کێشەی یەکێتی نێوان کۆمەڵە و رێکخراوەکانمان نییە، بەڵکو پێویستی بە یەکێتی نێوان کۆمەڵگە و رێکخستن کردنی هەیە، بۆ ئەمەش ناوی رێکخستنی جێبەجێکاری لە ٢٠٠٧ لە کۆما کۆمەلێن کوردستان، گۆڕی بۆ کۆما جڤاکێن کوردستان "کەجەکە" تائێستاش بەردەوامە.

چەمکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی لای بوکچین لەسەر بنەمای یەکێتی و یەکخستنی شارەوانیە ئازادەکانە، گرنگیەکی زۆری پێداوە، لەوانەیە ئەو شێوازە بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی ئەوروپا و ئەمریکا خزمەتێک بکات، بەڵام لە کوردستان ئەم پرۆژەیە کەمە، چونکە ئێمە کێشەی نەتەوەیی و کێشەی خۆبەرێوەبردنمان هەیە، شارەوانیەکانیش دەبنە بەشێک، بەڵام هەموو سیستەمەکە نییە، چونکە داگیرکەری هەیە و لەسەرووی داگیرکەریش ئاسیملاسیۆن" توانەوە و وەک خۆلێکردن" هەیە. پێناسەیەکی بچووکی رێبەر ئاپۆ بۆ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی دەڵێت؛" کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی شێوەی سیاسی سەرەکی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە و لە کار و خەباتەکانی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگەدا، رۆڵێکی ژیانیی دەبینێت". واتا هزری سەرەکی لای رێبەر ئاپۆ مۆدێرنیتەی دیموکراتیە و کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیش شێوە سیاسیەکەیەتی، هەڵبەت پێناسەی سیاسەتیش بەشێوەیەکی نوێی کردۆتەوە، بۆیە ناکرێ چەمکەکانی رێبەر ئاپۆ لە بوکچینەوە قەتیس بکرێن. لەلایەکیتریش نابێ چەمکی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی رێبەر ئاپۆ لەگەڵ کۆنفیدراڵیزمی دەوڵەتی تێکەڵ بکرێت، چونکە ئەویش زادەی هزری دەوڵەتگەرایە و لەسەر بنەمای یەکێتی

دەسەڵاتەکان یان دەوڵەتەکانە، نەک یەکێتی نێوان کۆمەڵگە. بۆیە ناکرێ لەگەڵ چەمکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی رێبەر ئاپۆ بکرێتە یەک، چونکە چەمکەکانی رێبەر ئاپۆ لە دەرەوەی دەسەلات و دەوڵەتە، نەک تەنها دیموکراتیەتی بۆ چەمکەکان زیادکردووە، بەڵکو ناوەڕۆکیشی گۆڕیون، هیچ پرۆژە و پلانێکی رێبەر ئاپۆ پەیوەندیان بە چەمک و ناوەڕۆکی دەوڵەت و دەسەلاتەوە نییە. بۆیە لەشوێنی دەسەلاتداریەتی و چەوسانەوەی کۆمەڵگە، خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی پێشنیار کردووە، کە سیستەمێکی بەڕێوەبردنە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە خۆی خۆی بەڕێوەببات. کۆمەڵگە پێویستی بە دەوڵەت نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە بەبێ کۆمەڵگە نابێ، بۆیە دەوڵەت تەنها وەک بارێکی گرانە بەسەر سەری کۆمەڵگەوە. ئەی کوردستان وەک جوگرافیا و گەلی کورد پێویست نییە، بەڵێ پێویستە قەوارەیەک بۆ کۆمەڵگە هەبێ، بەلام مەرج نییە ئەو قەوارەیە بە پێناسە و نەخشەی دەوڵەتی، یان کۆنفیدراڵ و فیدراڵ و ئۆتۆنۆمی دابڕێژرێت، بۆیە لەدەرەوەی دەوڵەت و پرۆژەکانی، کۆمەڵگە دەتوانێ خۆی بەڕێکخستن بکات، ئەمە بەواتای دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەت و نەخشەکانی دەوڵەت نایەت، بەڵکو دەکرێ لەناویەکتریشدا بەڕێوەبچن. لێرە پرسیارێکتر دێتە گۆڕێ، ئایا ئەو شێوازە چارەسەریانەی هزری دەوڵەتگەرا ناکرێ وەک دەرفەت خەباتیان لەناودا بکرێت، بەڵێ دەکرێ لەناویدا تێکۆشان بکرێت و وەکو سەردەمێکی راگوزەر بەناو بکرێت، بەلام چارەسەری بنەڕەتی لە مۆدێرنیتەی دیموکراتی و سیستەم و مۆدێلی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی دایە.

خۆسەری دیموکراتی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ حوکمی زاتیەکەی باشوور و خودموختاریەکەی رۆژهەلاتەوە نییە، بۆچی؟ چونکە ئەقڵییەتی حوکمی زاتی و خودموختاری و ئۆتۆنۆمی پرۆژەو پلان و شێوازی چارەسەری دەوڵەت – نەتەوەیە بۆ کێشەی نەتەوەو گرووپە ئەتنیکیەکان، زیاتریش بۆ ئەو نەتەوەو گرووپانەی کە بێ خاک و ولات بەناو دەکرێن. رۆژی یەکەم کە رێبەر ئاپۆ و پەکەکە دەرکەوتوون لە دژی ئەقڵییەت و شێوازی ئۆتۆنۆمین لە کوردستان، بەهەمان شێوە نەتەوەی کورد وەک کەمە نەتەوە نابینێ و هیچ نەتەوە و گەلێکیتریش بە کەم نابینێ، بۆیە زۆرترین چەمک لەم سەردەمەدا کە رێبەر ئاپۆ بەکاریدێنێ پێکەوە ژیانی دیموکراتیانەی گەلانە لە ولاتێکی هاوبەش بە یەکسانی لەسەر ژیان کردنی.

رێبەر ئاپۆ لەگەڵ دەستپێکردنی بەتێکۆشان لە سەرەتا ساڵانی حەفتا بە هزری چەپەوە دەستی پێکردووە و کاریگەربووە بە چەپی تورکیایی و شۆڕشگێڕە مەزنەکانی، بەلام لەدوای گۆڕانکاری و پارادایمی نوێ، رێبەر ئاپۆ وەک چەپگەرێک سەیری دیاردە و رووداوەکان ناکات، چونکە لەئێستادا رێبەر ئاپۆ ئامێزی بۆ تەواوی کۆمەڵگە کردۆتەوە، سەرجەم پرسەکانی کۆمەڵگە بەبنەما وەردەگرێت، جیاواز لەگەڵ چەپ و سۆسیالیستەکانیتر کەتەنها خۆیان بە چینێک لە کۆمەڵگەوە قەتیس کردووە. لەلایەنی هزریەوە رێبەر ئاپۆ دیموکراتێکی سۆسیالیستە، واتا دەستبەرداری سۆسیالیزم نەبووە، بەلام وەک چۆن دیموکراتیەت بە موڵکی ئەوروپا و ئەمریکا نازانێت، بەهەمان شێوە سۆسیالیزمیش بە موڵکی سۆڤیەت و مارکس و لینین نازانێت، بەڵکو ئەوانە هەموو وەک نرخ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەیردەکات و ناوەڕۆکی پارادایمی خۆشی لەسەر بونیادناوە. **دیموکراسیەتی رادیکاڵ**، رێبەر ئاپۆ بەو شێوەیە پێناسەی دەکات لە سۆسیۆلۆژیایی ئازادیدا: لە دەرەوەی دەوڵەت خۆبەڕێکخستنکردنی کۆمەڵگەیە. لە دەرەوەی دەوڵەت سیستەمی خۆیان ئاواکردنە، واتا بەهەموو شێوەیەک خۆی لە دەوڵەت دابڕاندووە و دامودەزگای خۆی دروست کردووە. هەروەها نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی، خۆرێکخستن کردن لە ژێرەوە بەرەو ژوور بەبنەما دەگرێت، لە گەڕەک و گوند دەستپێکردن بۆ ئاواکردنی کۆمین و ئەنجوومەن بەرەو ژوور.

بەهەمان شێوە ڕێبەر ئاپۆ چەند بژاردەیەکی تریشی هەیە لە دیموکراسی و "پێناسەیەکی نوێشی بۆ دیموکراسی کردۆتەوە" ئەوانیش " دیموکراسی قووڵ، دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی کۆمیناڵ و دیموکراسی نوێنەرایەتی"یش کە ئەمڕۆ وەک دیموکراسی پەرلەمانی و یان ئەورووپایش بەناو دەکرێت. واتا بەتەنها لەسەر بژاری دیموکراتی رادیکاڵ ناوەستێ، بەڵکو سەرجەم جۆرەکانی دیموکراتی دەکرێ بکرێتە زەمینەی خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

❖ **کۆرگێر، ئیکۆلۆژی:**

( مرۆڤ و کۆمەڵگە لە سروشتدا: لەپەیوەندیەکی بگرە و بەردە لەگەڵیدا)

ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی" ئیکۆ – سۆسیالیزم"—" دژە - کەپیتالیزم، دژە - دەوڵەت.

کۆمۆنە، شارەوانگەرایی، دژە - مۆدێرنیتەی سەرمایەداری.

مۆدێرنیتەی دیموکراتی (شارستانی دیموکراتی)

✓ **وەڵامی پێنجەم، ئیکۆلۆژی:**

دەبێ لێرەوە دەستپێبکرێت بۆچی ئیکۆلۆژی"ژینگەپارێزی" گرنگە لە ئەمڕۆدا کە سیستەمی مۆدێرینیتەی سەرمایەداری هەژموونگەرای بەسەر جیهاندا هەیە و هیچ دەرفەتێکی بۆ خۆگوزارەکردنی کۆمەڵگە نەهێشتۆتەوە. ئەگەر دوایین بویەر هەڵسەنگێنین کە بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی **کۆرۆنایە،** ئەوکات باشتر دەزانین کەوا سیستەمی سەرمایەداری چۆن بۆتە لیوی ئاتانی سەردەم، وەک ئەو ئەژدەهایەی لە تەورات باسکراوە و تۆماس هۆبزیش بۆ دەسەڵات و دەوڵەت هەمان گوزارشتی بەکارهێناوە. نەک تەنها ئیکۆلۆژیا باسێکە و گوترابێ، بەڵکو ڕێبەر ئاپۆ کردیە یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی، بۆیە لە ئێستادا ستراتیژی تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی ژن، هەروەها ژینگەپارێزیشە.

ئەوەیان ڕاستە سەیرکردنی ژینگە بەتەنها وەکو ژینگەپارێزێک، لەوە زیاتر پێویستە لەلایەنی هێرشەکانی سیستەم بگردرێتە دەست کە چۆن لەلایەنی ئیکۆلۆژییەوە مرۆڤایەتی گەیاندۆتە دۆخێکی مەترسیدار، ڤایرۆسی کۆرۆنا نمونەیەکی زۆر بەرجەستە و زیندووە، ئەوە ڕاستینەی دۆخی ئیکۆلۆژیایە کە چۆن سیستەمی سەرمایەداری لە هێرش دایە بۆ سەر مرۆڤایەتی و مرۆڤایەتی بەچ دۆخێک گەیاندووە، لەبەر ئەوەشە پێویست دەکات بە سیستەم و مۆدێلێکی تێکۆشان ڕووبەڕووی سیستەمی سەرمایەداری ببێتەوە، واتا بەتەنها بەناوی پاراستنی ژینگەوە ئەو تێکۆشانە ناکرێت، ئەوە بەو واتایە نایەت کە تێکۆشانی ژینگەپارێزان بچووک ببیندرێت، بەڵکو لەپێناو رزگار کردنی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە لەدەستی لیوی ئاتانی سەردەم کە سیستەمی سەرمایەداریە، پێویست بە تێکۆشانێکی ئیکۆلۆژیانە هەیە، واتا ژینگە پارێز + هزری ئازادیخوازی مرۆڤایەتی و سروشت، چونکە ئەمڕۆ بەتەنها مرۆڤ بەدەستی سیستەمی دەسەڵاتداردا ناچەوسێتەوە، بەڵکو سروشتیش کەوتۆتە بەردەم هێرشێکی گەورەوە، مرۆڤایەتی پێویستە ئەو مەترسیانە ببینێت، لەو پێناوەش پێویستە" هاوسەنگی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ، لەگەڵ مرۆڤ و سروشت دروست بێتەوە" ئەو هاوسەنگیە بەبێ تێکۆشان لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری دروست نابێتەوە.

ئەو دەستەواژانەی تر کۆرگێر دەیەوێت بە ئەنقەست یان بە نەزانی تێکەڵی یەکتریان بکات، چونکە پرسی کۆمۆن و شارەوانگەرای و دژە - مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، هەروەها مۆدێرنیتەی دیموکراتی (شارستانی دیموکراتی)، هەریەکەیان بەجیا و لە شوێن و کاتی خۆیان بەکاردەهێندرێن، کۆرگێر وەک چێشتی مجێوری

لێکردووە، بۆ ئەوەی گوێگر لێی تێنەگات و ئەویش بڵێت، ئەوە ئۆجالانە ئاڵۆزە کێشەی من نییە، هەر لەو روونکردنەوەشدا دەڵێت من شارەزای ئەم بوارە نیم، ئەی ئەگەر شارەزانیت بۆچی خۆت لەهەموو شتێک هەڵدەقورتێنی کە بواری تۆ نییە. بێگومان بێ مەبەست نییە، دەیەوێت ئەو پەیامە بدات کە "رێبەر ئاپۆ و مۆرای بوکچین لە پرسی ئیکۆلۆژیش هاوبیرن، هەرچەندە بواری من نییە، بەڵام با ئەوەشتان پێبڵێم".

ئەمەش پێناسەی رێبەر ئاپۆیە بۆ "**دیموکراسیەتی راستەوخۆ**": هەر کەسێک بتوانێ راستەوخۆ بەشدار بێ لە بەڕێوەبردندا، ئێمە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی بە سیستەم نابینین و راستیش نییە مرۆڤێک نوێنەرایەتی ١٠٠ یان ٢٠٠ هەزار کەس بکات، چونکە لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیەوە کۆمەڵگە "جڤاک" بەرەو تەسلیم گرتنیش دەبەن. کاتێک دەڵێین دیموکراسیەتی راستەوخۆ، بەواتای هەرکەس بتوانێ لەسەر بنەمای پێوانەکانی دیموکراسیەتی رادیکاڵ لە بەڕێوەبردنی جڤاکدا بەشداربێت، هەموو رەهەندەکانی خۆبەڕێوەبردن بەخۆی ئاوا بکات. پەیوەندی هیرارشی نێوان جڤاک نامێنێ، بۆیە دەڵێین گەل خۆی خۆی بەڕێوەدەبات.

**کۆمۆن**: یەکەی هەر سەرەکی خۆ بەڕێکخستنکردنی کۆمەڵگەیە، لە کۆڵان و گوند دەستپێدەکات، سیستەمی سەرمایەداری بانگێشەی تاکڕەویەتی و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵگە دەکات، رێبەر ئاپۆش دەیەوێت یەکخستنی کۆمەڵگە بکات، بۆ ئەمەش خۆ رێکخستنکردنی کۆمەڵگە لە کۆمۆن و ئەنجوومەنەکان بە چارەسەرییەکی سەرەکی دەبینێت، لەپێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و سیاسی.

شارەوانی و خەباتی خزمەتگوزاری، یەکێکیتر لە دەرفەتی تێکۆشانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێ خۆی لەناودا بەڕێکخستن بکات، هەمانکات خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی"خۆجێی" پێشبکەوێت. لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو رێنماییەی رێبەر ئاپۆ بەشێوەیەکی زۆر فراوان کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و گەلی کورد توانی لە باکووری کوردستان مۆدێلێک پێشانبدات لە خۆبەڕێوەبردن لە رێگای بەدەستخستنی شارەوانیەکان، تاکو پیادەکردنی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی لە شارەوانیەکان، لەلایەک گەلی کورد خۆی لە دەوروبەری شارەوانیەکان بەڕێکخستن دەکرد، لەلایەکیتریش خزمەتی خۆی پێدەکرد. دوژمن کاتێک بینی شارەوانیەکان هێزی خۆبەڕێوەبردنی کورد و تێکۆشانی ئازادی پێشاندەدات و دەیسەلمێنێت کە کورد دەتوانن لە دەرەوەی دەوڵەت، خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن. لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی داگیرکەری تورک، بەبڕیارێکی داگیرکەری لە ئێستادا ٤٥ شارەوانی کە کورد لە رێگای پارتی هەدەپەوە بەهەڵبژاردن بەدەستی خستوون، هاتووە داگیری کردوون، بەناوی دانانی "قەیوم". واتا ئەو دەرفەتە کەمەی کە رێبەر ئاپۆ پێشانی گەلی کوردیدا بۆ خۆبەڕێوەبردنی، بەڵام دوژمن ئەو دەرفەتە بەکورد رەوا نابینێ و لێی داگیر دەکات. لێرە نازاندرێت بۆچی کۆرگێڕ خزمەت کردنی شارەوانیەکان بە کۆمەڵگەی کوردستان بە بچووک سەیر دەکات؟.

شارستانی دیموکراتی یان ژیاری دیموکراتی عەرەبی "الحضارة الديمقراطية"، ئەو مێژووەیە کە جیاکاری دروست دەکات لەگەڵ شارستانی ناوەندی " دەسەڵات و دەوڵەت". بۆیە دەبێ شارستانی دیموکراتی وەکو مێژووی کۆمەڵ و ئەتنیک و خێڵ و هۆزە و قەبیلە بێ دەوڵەتیەکان بەناو بکرێت، کە ئەمەش زۆرترینی ئەو کۆمەڵانە لەخۆ دەگرێت کە دواتر بە کورد بەناوکراون، بۆیە ئێمە وەکو گەلی کورد مێژووی خۆمان لە شارستانی ناوەندی نابینینەوە، بەڵکو لە شارستانی دیموکراتی بەئاسانی خۆمان دەدۆزینەوە. جیاواز لە هزرمەند و فەیلەسوفانی تر، رێبەر ئاپۆ تەنها رەخنەی سیستەمی دەسەڵاتداری نەکردووە، بەڵکو سیستەمی خۆشی پێشنیار کردووە و بەناوی کردووە بە مۆدێرنیتەی دیموکراتی. بۆیە لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، رێبەر ئاپۆ سیستەمی خۆی بەناوی مۆدێرنیتەی دیموکراتی پێشکەش کردووە و هەموو

ڕێنماییەکانیشی لەپێناو ئەوەیە کە مۆدێرنیتەی دیموکراتی، بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە ئەگەر بەوشێوەیە پێناسەی بۆ بکەین لەوانەیە راستر بێت، خودی رێبەر ئاپۆ لە پەرتووکی سۆسیۆلۆژیای ئازادی بەدرێژی لەسەری وەستاوە.

- ❖ **کۆڕگێڕ، فێمینیزم:**

هیرارکی (پلە بەندی لە ڕێکخستندا \ لە دەسەڵاتدا)

دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی لە خوارەوە بۆ سەرەوە

- ✓ **وەڵامی شەشەم، فێمینیزم:**

فێمینیزم لەو بارەشەوە کۆڕگێڕ دەڵێت، شارەزاییم دەربارەی نییە، بەڵام دیسان دەیەوێت لەو بارەشەوە تێکۆشانی ئازادی ژنان بەبێ بایەخ سەیر بکات و تێکۆشانی ژنی کوردیش لە شۆڕشی کوردستان بە بچووک سەیر بکات و گرنگیەکی ئەوتۆی لای ئەو نییە. پێویستە ئەوە بزاندرێت کە تێکۆشانی ژنانی جیهان لەژێر ناوی فێمینیزم وەکو نرخێک بۆ تێکۆشانی ئازادی سەیر بکرێت، بەهەمان شێوە تێکۆشانی ئازادی ژن لە کوردستانیش وەکو بەشێک لە تێکۆشانی ژنانی جیهان ببیندرێت. فێمینیزم دابەش دەکرێتە سەر پێنج رەوتی سەرەکی ئەوانیش( لیبراڵ، سۆسیالیست، رادیکاڵ، ئەنارشیست و ئەکۆلۆژیست). رێبەر ئاپۆ رەخنەی خۆی بۆ جوڵانەوەی فێمینیستەکان هەیە و لە پەرتووکی سۆسیۆلۆژیای ئازادی بەئاشکرا دیاریکردووە، تێکۆشانی ئەوانیش بە لاواز سەیردەکات بۆ ئازادی ژنان، دەڵێت، ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات دەکەونە خزمەت سیستەمی سەرمایەداریەوە. بۆیە رێبەر ئاپۆ پێشنیار و پرۆژەی خۆی بە دەسەواژەیەکیتر پێشکەش کرد، ئەویش بەناوی **"ژنۆلۆژیا"**، ژنۆلۆژیا لە تێکۆشانی ئازادی کوردستان ئاستی هەرە بڵند و شکۆداریەتی، بۆ ئەمەش ئەمڕۆ تێکۆشانی ئازادی ژن لە کوردستان و بزووتنەوەی ئاپۆییدا بە رێنمایی ژنۆلۆژی بەرێوەدەچێت و پێشەنگایەتی شۆڕش دەکەن. مێژووی تێکۆشانی ژن، پەیوەستە بە مێژووی شارستانی دیموکراتی، وەک چۆن گەلی کورد مێژووی خۆی لە شارستانی دیموکراتی دەدۆزێتەوە، بەهەمان شێوە ژنیش مێژووی خۆی لە شارستانی دیموکراتیدا دەدۆزێتەوە، هەروەها مۆدێرنیتەی دیموکراتیش بە رەنگی ژن و بە هزری ژنۆلۆژیا بەرەوپێشەوە دەچێت. بۆیە ئەگەر ئەو پێناسەیە بکەین زۆر راستتردەبێت ئەویش، هزری رێبەر ئاپۆ هزری ژنی ئازادە. لە رۆژی یەکەم کە رێبەر ئاپۆ دەستی بە تێکۆشان کردووە، ژنیش ئامادەیی هەبووە، بۆیە رۆڵ و پێگەی شەهید ساکینە جانسز لەو بارەیەوە زۆر گرنگە و جێی ئاماژە پێکردنە، لەبەر هەمان رۆڵی گرنگیشی، بووە ئامانجی هێرشی دوژمن و لە زستانی ٢٠١٣ لە پاریس لەناوەندی بەناو دیموکراتی شەهید کرا. ئەمەش دەبێ لێرە بگوترێ ژنان لە هەر شوێنێک دەبن و لەناو هەر پارت و رێکخستنێک دەبن جیاوازی نییە، ئەنجام تێکۆشانە بۆ ئازادی، لەیلا قاسم و عایشە گوڵ و مامۆستا سنەوبەر لە باشوور، ژنانی رێکخستنەکانی کۆمەڵە تا دەگاتە زەکیە ئەلکان و زیلان و بێریتان و ڤیان جاف و شیلان کۆبانێ، ئارین میرکان، داستینا قەندیل، ئاڤێستا خابوور و بارین کۆبانێ، هەتا ئەمڕۆ ئیدی ژنی کورد لە بزووتنەوەی ئاپۆییدا خۆی کردووە بە رێکخستن بەناوی "پارتی ئازادی ژنانی کوردستان، بە هێزی خۆپاراستن بەناوی" یەکینەی ژنانی ئازاد\ستار" و رێکخستنی لە سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتیدا بەناوی "کۆما ژنێن کوردستانێ"کەژەکە"، خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیبلۆماسی خۆیان بەرێوەدەبەن. ئیدی نە کۆڕگێڕ و نە ئەوانەی وەکو ئەو بیردەکەنەوە ئیتر ناتوانن کاروانی تێکۆشانی ژنی کورد بەرەو دواوە بگەرێننەوە و "بۆ مەتبەخ و مەکینەی منداڵ دروست کردن" ناشتوانن ئەو ئیرادەیە پارچە بکەن.

سەبارەت بە پرسی وەچە خستنەوە، یان ئەوەی بەناوی هاوسەرگیری بەناو دەکریت لە کۆمەڵگەدا کە بە موڵک کردنی ژنێک بۆ پیاوێک نیشان دەدریت، بێگومان بەوشێوە باوەی کە کۆرگێڕ باسی دەکات ئەویش پەسند ناکرێ. ڕێبەر ئاپۆ چەمکێکی نوێی بۆ ئەو شێوازە ژیانەش داهێناوە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ لە ساڵی ١٩٩٥وە پرسیارێکی ڕووبەڕووی هەر کەسێک کردووە لە دووتوێی دوو بەرگی پەرتووکێک بەناوی "چۆن بژین؟"، لە بەرگرینامەی شارستانی دیموکراتی پەرتووکی پێنجەمی ئەو دەستەواژەیی شیکار کردووە بەناوی "هاوژیانی ئازاد". بۆیە ڕێبەر ئاپۆ ئەڵێ من لە دژی هاوسەرگیری نیم، بەڵام لەدژی ئەو شێوە پەیوەندی و ژیانەم کە بەناوی هاوسەرگیری پیادە دەکرێت، بۆیە پێویستە بزاندرێت ژن و پیاوێک چۆن پێکەوە دژین، لەبنەمادا چۆن کۆتای بە چەمکی پیاوسالاری و ژنی نەریتی دەهێندرێت کە لەدەرەوەی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی هیچی تری پێ نییە، ڕێبەر ئاپۆ ماوەی نیو سەدەیە زۆر بەتوندی شەڕی چەمکی کۆیلایەتی دەکات ئەویش کۆیلەتی مرۆڤی کوردە لەکەسایەتی ژندا، بۆیەش لەوانە نییە جارێکیتر دەستبەرداری ئەو شەڕەبێ کە لەدژی کۆیلایەتی دەستی پێکردووە. ئەنجامی ئەو شەڕەش ئەمڕۆ ئەو ژنەی بەرهەمهێناوە کە گەلی کوردستان و ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕان و دیموکراتخوازانی جیهان شانازی پێوە دەکەن و دەسکەوتێکی سەرەکی تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە یە.

هیرارشیەت ئەویش مێژوویێکی هەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بەڵام شتێک نییە وەک پێشکەوتن ببیندرێت، بەڵکو سەرەتای دەستپێکردنی هزری دەسەڵاتداریتییە لەناو کۆمەڵگە، شێوازی قوچەکی بۆ بەڕێوەبردنە، وەک نمونەی ئەهرامەکانی میسر، ڕێبەر ئاپۆ گووتی، ئەو ئەهرامە سەراوژێر دەکەین، واتا هیرارشیەت پەسند ناکەین، بەواتایەکیتر چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتداران قەبوڵ ناکات، ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگە بۆ مرۆڤایەتی، بۆیە کۆمەڵگە بە سروشتی خۆی بەشێوەی ئاسۆیی بەڕێوەدەچێت. ئەوا دەسەڵات و دەوڵەتە شێوازی ستوونی بۆ هەژموونی دەسەڵاتداریەتی خۆی داناوە، چونکە بەشێوازی ستوونی دەتوانێ ئیرادەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بخاتە ژێردەستەوە و بیچەوسێنیتەوە، ڕێبەر ئاپۆ لەدژی چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری دەرکەوتووە. ئەوکات پێویستە لەدژی شێوازەکانی دەسەڵات و دەوڵەتیش دەربکەوێت، ئەگەرنا وەکو دەوڵەت و پارت و دەسەڵاتەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراوی لێدێت. کۆرگێڕ بەتوانجەوە دەیەوێت بڵێت، سەرۆک ئاپۆ هیچ شێوە بەڕێوەبردنێکی پەسند نییە، نەخێر، سەرۆک ئاپۆ و پەکەکە خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی کۆمەڵگەیان پەسندە، بەڵام زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی بەناوی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە دەکرێت بێگومان پەسندیان نییە و لەدژیشی دەوەستنەوە، لەپێناو ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و گەلانی کوردستان بگەن بە ئازادیەکانیان. هزری کۆرگێڕ وەک هزری مۆدێرنیتەی سەرمایەداریە ئەویش" شوان و مێگەل" دەسەڵات شوانە و کۆمەڵگەش مێگەلە، هەموو مێگەلێک بۆ ئەوەی گورگ نەیخوا پێویستی بەشوان هەیە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە نیو سەدەیە لای ڕێبەر ئاپۆ کاتی بەسەرچووە.

**لێرە کۆرگێڕ تێبینییەکی داناوە:**

بە دیدی ئەکادیمیانە ئیکۆ – ئەنارکیزم چوارچێوەیەکە بۆ هزری مۆرای بوکچین، وە لە ئاکامدا بۆ گۆڕانکاری لە هزری ئۆجالاندا.

ئەم بابەتە هەوڵدەدات تێگەشتنێک فەراهەم بکات دەربارەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بەسەر بیری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا هاتووە.

ئەم گۆڕانکارییە لە سەرەتا ساڵانی ١٩٩٠کانەوە دەستپێدەکات، بەڵام تائێستاش نەگەیشتووین بە کۆتایی ئەم گۆڕانکارییە. دەبێ هەر لەسەرەتاوە بڵێین ئاسان نییە لە ناڕوونیەکان و لایەنە شاراوەکانی ئەم گۆڕانکاریە بگەین، تا ئۆجالان ئازاد نەکرێت. پێشکەوتنی هزری ئۆجالان تا ئەو ڕۆژەی ئۆجالان ئازاد نەبێت، ئێمە نازانین ئەو ناڕوونیانەی لە هزری ئۆجالان هەبوونە مەبەست لێی چیبووە و بۆچی؟.

- ✓ **وەڵامی حەوتەم، بۆ تێبینیەکەی کۆڕگێڕ:**

سەبارەت بە خوێندنەوەی ڕێبەر ئاپۆ بۆ گرووپە ئەنارشیستەکان بەم شێوەیەیە:

ڕەگەکەیان بۆ شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، ڕەخنەکانی هەرسێ نوێنەرەکەیان **پرۆدۆن و باکۆنین و کرۆپۆتیکین** سەبارەت بە سوسیالیزمی بونیادنراو لە شوێنی خۆیدابوو.

ا- لەوپەڕی چەپەوە سیستەمی سەرمایەداری ڕەخنە دەکەن. تێدەگەن کە بۆتە هۆکاری پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسی. وەک مارکیسیستەکان ڕۆڵی پێشکەوتنخوازی بە سەرمایەداری نابەخشن، هەڵوێستیان دەرهەق بەو کۆمەڵگەیانەی سەرمایەداری پەرتەوازەی کردوون ئەرێنیترە، بەکۆنەپەرستیان دانانێت و شایستە بە مەحکومکردن و رزینیان نابینێت. لەسەرپێ مانەوەیان بە هەڵوێستێکی ئەخلاقی و سیاسی دادەنێت.

ب- بەگوێرەی مارکیسیستەکان هەڵوێستیان سەبارەت بە دەوڵەت و دەسەڵات بەرفراوان و واقیعیترە. ئەوەی دەڵێت، دەسەڵات خراپی موتلەقە **باکۆنینە**. بەڵام کاتێک دەڵێن باجەکەی چی دەبێت بابێت پێویستە یەکسەر دەسەڵات و دەوڵەت هەڵبگیرێت، هەڵوێستێکی خەیاڵیە و لەبواری کرداریدا هێندە چانسی جێبەجێکردنی نییە. پێشبینی ئەوەیان کردووە کە لەڕێگای پشتبەستن بە دەسەڵات و دەوڵەتەوە سۆسیالیزم ئاواناکرێت، بەڵکو بە سەرمایەدارێکی بیرۆکراتی مەترسیدارتر ئەنجامگیردەبێت.

ت- ئاواکردنی دەوڵەت – نەتەوەی ناوەندی بۆ تەواوی چینی کارکەر و گەلان دەبێتە کارەسات و زەبرێکی مەزن لە هیواکانیان دەدات، واقیعی بوون. پێشکەوتنی مێژوو لەبەرژەوەندی دەوڵەت – نەتەوە بەواتای زیانێکی مەزنی ئۆتۆپیاکانی ئازادی و یەکسانی دێت. بەهۆی لایەنگیری مارکیسیستەکان بۆ دەوڵەت – نەتەوە زۆر بەتوندی ڕەخنەیان کردوون و بەخیانەتیان تاوانبار کردوون، هەروەها داکۆکیان لەسەر کۆنفیدراڵیزم کردۆتەوە.

پ- بەشی زۆری ڕەخنەکانیان سەبارەت بە بیرۆکراسیەت، شارگەرایی و ئیندوستریالیزم راست دەرکەوتوون. پێشوەختە هەڵوێستی ئیکۆلۆژی و دژە فاشیستیان پێشخستووە.

ج- ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی سۆسیالیزمی بونیادنراویشیان کردۆتەوە بە هەرسهاتنی پشتڕاست بۆتەوە، ئەو توێژ و گرووپەن بە باشترین شێوە ئەو راستییەیان دەستنیشان کردووە کە ئەوەی ئاواکراوە سۆسیالیزم نییە، بەڵکو سەرمایەداری دەوڵەتی بیرۆکراتیە.

**سەبارەت بە لاوازیەکانیان و نەبوونە جێگرەوە "بدیل" بۆ سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش بەم شێوەیە ڕەخنەیان دەکات:**

ا- بەجەماوەری نەبوونیان و نەبوونی چانسی پراکتیزەکردنیان، ئەمەش لاوازی لە تیۆرەکەیان دەبیندرێت.

ب- ناتەواوی شیکارەکانیان دەرهەق بە شارستانیەت و پێشنەختنی سیستەمێک.

ت- شیکارەکانیان دەرهەق بە کۆمەڵگەی مێژوویی و پێشنیارەکانیان لەمەڕ چارەسەری هێندە پێشکەوتوو نەبووە، کاریگەری فەلسەفەی پۆزێتیڤیستیان لەسەرە. لەچوارچێوەی زانستی کۆمەڵایەتی ناوەندی ئەوروپا دەرنەکەوتوون.

پ- سیستەمێکیان سەبارەت بە سیاسەتی دیموکراتی و مۆدێرنیتەوە پێشنەخستووە. لەوانەیە پێگەی چینایەتیان ئەوەی بەربەست کردبێت. مەشروعیەتی قەڵەمڕەوی دیموکراتی و مۆدێرنیتەی دیموکراتیان پێویست نەبینیوە.

ج- پێشنەخستنی بژاری نەتەوەی دیموکراتی لە جێگای دەوڵەت – نەتەوە کەموکوڕیەکی گرنگ و بابەتی رەخنەدانە.

**سەرچاوە: بەشی نۆیەم لە پەرتوکی سۆسیۆلۆژیای ئازادی لقی د- سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ئەنارشیزم.**

✓ **وەڵام بۆ بەشی دووەم لە تێبینیەکەی کۆرگێڕ:** ١- گۆڕانکاری لە تێڕوانینەکانی رێبەر ئاپۆ لە سەرەتا ١٩٩٠کان نا، بەڵکو لە کۆتایی هەشتاکان دروستبووە، ئەویش بەو چاوپێکەوتنەی کە رێبەر ئاپۆ لەگەڵ گەورە رۆژنامەنووسی تورک مەحمەد عەلی بیراند لە ١٩٨٨ ئەنجامی داوە، رێبەر ئاپۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە دەڵێت؛ وەکو ئەوەی لەگەڵ نوێنەری دەوڵەت دانیشتبم وام سەیرکردووە. لەو چاوپێکەوتنەش رێبەر ئاپۆ باسی چارەسەری دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد دەکات لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا. "ئەو کات هێشتا رێبەر ئاپۆ هیچ ئاگای لە هەبوون و نەبوونی بوکچینەوە نییە". بە ئاگربەستی ١٩٩٣ هەنگاوێکیتر چۆتە پێشەوە، لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی پێنجی پەکەکە رەنگی داوەتەوە کە لەلایەن رێبەر ئاپۆوە نووسراوە. لە ساڵی ١٩٩٨ کاتێک رێبەر ئاپۆ چوو بۆ رۆما بە راگەیاندنی هەشت خاڵ و درێژکردنەوەی ئاگربەستی ١ی ئەیلولی هەمان ساڵ، هەنگاوێکیتر بەرەوپێشەوە چوو. لەساڵی ١٩٩٩ ئیدی گۆڕانکاری خۆی دەسەپاند لەپێناو پووچەڵ کردنەوەی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی. لەدوای ئەو قۆناخە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر بەرگرینامەیەک هەنگاوێک بەرەو پێشەوە چوو، تا ٢٠١٢ کاتێک دوایین بەرگرینامەی رێبەر ئاپۆ دەرچوو ئەوکات گووتی؛ ئیتر تەواو دەتوانین بڵێین پارادایم و فەلسەفە و مۆدێرنیتەی خۆمان بۆ ٢٠٠ساڵیتر هەیە. بۆیە لێرەوە دەتوانین بە کۆرگێڕ بڵێین، ئارامبە، بەخوێندنەوەی بەڵگەکانی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە دەتوانی لە گۆڕانکارییەکان بەئاسانی تێبگەیت، هەمانکات رێبەر ئاپۆ لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ویژدانی دەنووسێ و هزر بەرهەم دێنێ و سیاسەت دەکات، بۆیە لە زیندان بێت یان لە دەرەوە جیاوازی نییە. شێرکۆ بێکەسی مەزن جوانی بۆ رێبەر ئاپۆ گوتووە و دەڵێت؛ فیکر زیندانی ناکرێت. روونترین بیرمەند لە مێژووی مرۆڤایەتی، یەکێش رێبەر ئاپۆیە، زۆر سادە و روون و ئاشکرایە، چونکە شتێکی نییە تاکو سەیری رابردووی خۆی بکات، ئەو هەر لەسەرەتاوە کەشتی دواوەی خۆی سوتاندوە، خۆی پێشکەشی دۆزی رەوای کورد و مرۆڤایەتی ئازادیخواز کردووە و ئەوەش بەشانازیەوە دەکات، پێویستە کۆرگێڕ ئەوە بزانێت، رێبەرایەتی رێبەر ئاپۆ لە کوردستان رێبەرایەتیەکی فیدایانەیە، تەنها یەک مەبەستی هەیە ئەویش سەرکەوتنی تێکۆشانی گەلەکەیەتی.

### ❖ کۆرگێڕ، ناڕوونی لە وتاری گۆڕانکاری ئۆجالاندا:

چەند بۆچوونێک لەبارەی ئەم ناڕوونییە: ١- ئۆجالان بە ئەنقەست ناڕوونە بۆ ئەوەی لە رێگای ئەم ناڕوونیەوە بتوانێ بەردەوامبێت لە پەیوەندی و گۆڕینەوەی پەیامەکانیدا لەگەڵ جیهانی دەرەوەی

گرتووخانەدا. ٢- ئەم ناڕوونییە ڕەنگدانەوەی مەودای فراوانی نێوان ئیمرالی و قەندیلە: مەودای نێوان "ئازادی" قەندیل و ژێردەستەیی ئۆجالان.

**تێبینییەکیتری کۆڕگێڕ سەبارەت بەخاڵی دووەم:** پارادۆکسێکی گرنگ ئەوەیە کە لەپێناو ئازادی ئۆجالاندا، بزاڤێکی سیاسی بەوە ڕازی بووە کە بە ئارەزووی بڕیاری خۆی ببێ بە بارمتە لە دەستی دەوڵەتی تورکیا دا.

٦- ئەم ناڕوونییەی دەکرێ هی ئەوە بێت کە ئۆجالان دەزانێت چی جێهێشتووە( واتە، کوردستانێکی یەکگرتووی سۆسیالیستی سەربەخۆ)، بەڵام بەتەواوی ساغ نەبۆتەوە کە ئایا جێگرەوە ڕوون و جێگرەکەی ئەو دروشمە چییە و چۆن دەبێت؟. گومانم هەیە تا لە ئیمرالی ئازاد نەبێت ناگەین بە هزری ڕەها لە فیکری ئۆجالان.

٧- ئەم ناڕوونییە بوارێکی مانۆڕ دەبەخشێ، بەم مانایەش دەکرێ ئەم "ناڕوونییە" بوارێکی زیاتر بدات بە ئۆجالان و پەکەکە بۆ ئەوەی بەئاسانی، بەپێی جێگا و ڕێگای گونجاو، گۆڕانکاری لەبۆچوونەکانیاندا بکەن. ئەم حاڵەتەش وادەکات کە باس لە چەمکێک بکەین بەناوی <u>ناڕوونی داهێنەر</u>.

٨- ناڕوونی وەک ستراتیژی مانەوە: ا- ناڕوونی یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی ئۆجالان. ب- ناڕوونی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئۆجالان ڕۆڵی خۆی وەک سەرۆکی پەکەکە بپارێزێ. ج- بۆ مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە (بەتایبەتی لەگەڵ قەندیل).

**دیسان کۆڕگێڕ ڕایەکیتری بەوشێوەیە دەردەبڕێت:** هەر زوو لەسەرەتادا دەڵێم گۆڕانکاری لە فیکری ئۆجالاندا، کەواتە بە زەرورەت لە فیکری پەکەکەدا.

ئایا بۆ ئەم بۆ چوونە؟

لەبەر هۆیەکی زۆر سادە:

ئەو گۆڕانکارییەی لەدوای دەستگیرکردنی ئۆجالانەوە بەسەر جیهانبینی پەکەکەدا هاتووە، تەنها پەیڕەوکردنێکی کتومتی بۆچوونەکانی ئۆجالانە، بەبێ خوێندنەوەیەک تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لەم گۆڕانکارییە، واتا قبوڵکردن بەبێ هیچ ئیزافەیەکی گەوهەری!.

- ✓ **وەڵامی هەشتەم:**

**ڕێبەر ئاپۆ ڕوونە وەک ئاوی حەیات،** هەموو مرۆڤێک ئەو گووتەیەی بیستووە، شتێک کە لە ڕوونتر ڕوونتربێ پێی دەگوترێت ڕوونە وەک ئاوی حەیات. هزر و بیری ڕێبەر ئاپۆ هەتا ئاستی هەرە دوایی سادە و ڕوونە، چونکە هزری ڕێبەر ئاپۆ بەشێوەیەکی کراوە و بێگەردە، ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت، مرۆڤێکی خاوەن ئەخلاق و ویژدان بەو باوەڕت هەبێ کە بەخۆت دەتوانی خۆت بەڕێوەبەریت، لەو پێناوەشدا سیاسەت و تێکۆشان بکە. ئەمەشی بۆ کەسایەتی و کۆمەڵگەی کوردی هێشتا گرنگتر بینیوە و بۆیە دەڵێت، تاوانباری ئەگەر کوردێکی بەشەرەف بی، واتا لە کوردستان بۆ ئەوەی خاوەن لە خۆت و گەلەکەت دەربکەویت پێویستە کوردێکی بەشەرەف بیت، خیانەت و بەکرێگیراویەتی نەکەیت و خۆت نەفرۆشی و خاوەنی کەسایەتی خۆت بیت، ئەمەشی بەناوکردووە بە خۆیبوون. لەمە ڕوونتر هەیە؟ کۆڕگێڕ کامە سەرچاوەی خوێندۆتەوە کە ڕێبەر ئاپۆ تێیدا ڕوون نەبێت، ئەی ئەگەر وایە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی ئاماژە پێنەکردووە. بۆیە وەک دەڵێن، کۆڕگێڕ دەیەوێت "ماسی لە ئاوی لێڵدا بگرێت". بۆیە خاڵ بەخاڵ پێویستە وەڵامەکانمان بەردەوام بکەین؛ ١- ڕێبەر ئاپۆ زۆر ڕوونە و ئەوەشی بەئاشکرا گووتووە، تەنها بۆ دیداری من مەیەن بۆ

ئیمراڵی، ئەوەشی گووتووە پرسی ژیانی شەخسیم لێم مەکەن، واتا "سەبارەت بە تەندروستی و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانی لە ئیمراڵی"، چونکە من بۆ دۆزێک لێرەم نەک بۆ شەخسی خۆم. ڕێبەر ئاپۆ سیاسەت دەکات، بۆ ئەمەش بچووکترین دەرفەتی هەبێ هەوڵدەدات پەیامەکانی خۆی بەگەیەنێت. ڕێبەر ئاپۆ بەشی ١٠ شۆڕش ڕێنمایی و بیروبۆچوون و سەرنج و تێبینی خۆی داوە، کە قەندیل و سەرجەم بزووتنەوەکەی بتوانن تێکۆشانی پێ بکەن. ٢- ڕێبەر ئاپۆ و هەڤاڵانی ڕاستە بە ماوە لەیەکتری دوورن، بەڵام بە هزر و بیر و باوەڕ لەناو یەک جەستەدان، قەندیل تێکۆشانی ئازادی و دیموکراتی بۆ چارەسەری پرسی کورد و پێکەوە ژیانی ئازادانە بەڕێوەدەبات، لەو پێناوەشدا خاوەن ئیرادەیەکی ئازادی ڕەهایە کە دەرەوەی شەهیدان و گەل و ڕێبەرایەتی، هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێک نەیتوانیوە و ناتوانێت تۆزقاڵێک کار لە ئیرادەی قەندیل بکات، بەهەمان ڕەنگ ڕێبەر ئاپۆ ڕاستە بەجەستە لە زیندانە، بەڵام خاوەن هزر و باوەڕی و ئیرادەیەکی ئازادە، بۆیە لە دیداری ٢٠١٦دا گووتی: خەمی منتان نەبێ من لێرە وەک شۆڕشگێڕێکی ئازاد ناهێڵم هیچ هێز و لایەنێک کاریگەریم لێ بکات، ئێوە خەمی خۆتان بێ. هەر لە دیدارێکیتریش ڕێبەر ئاپۆ گووتی: بۆ ئازادی من تێکۆشان مەکەن، بەڵکو بۆ ئازادی خۆتان تێکۆشان بکەن، من ئازادم. لەکاتی دانوستاندنەکان لەڕێگای شاندی هەدەپەوە ڕێبەر ئاپۆ گووتی: ئەگەر لێرە واتا لە زیندان دەریشمکەن ناڕۆم، تاکو کێشەی کورد چارەسەر نەبێ. ئازادی جەستەی ڕێبەر ئاپۆ بۆ گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی، تا ئەوکاتەی ڕێبەر ئاپۆ لە زیندان بێ ئەوا ئێمەش ئازاد نین، واتا تا ڕێبەر ئاپۆ لە زیندان بێ چاوەڕێ مەکە پرسی کورد لە کوردستان بەچارەسەری بگات، جا ئەوا نەک تەنها لە باکوور، بەڵکو لە پارچەکانی تریش، ئەوا ئێستا ڕەوشی باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەبینین لە چ بارودۆخێک دان، گوایا باشوور و ڕۆژئاوا ئازادن، بەڵام لەهەر ساتێکدا لەژێر هەڕەشەی داگیرکەری دان. ئەوەی کە کۆرگێڕی بەهەڵە بردووە ئەویش دۆزی ڕێبەر ئاپۆ وەک دۆزی کەسێک سەیردەکات، بۆچی شۆڕشێک دەخەنە بارمتەی کەسێکەوە، ئەمە هەڵە گەورەکەیە کە ئەوانەی خۆیان بە ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار بەناوکرد لە ٢١ ساڵی ڕابردوو کەوتنە داوی کەوڵی ڕێبەر ئاپۆ، کەی پەکەکە دەستبەرداری ڕێبەر ئاپۆ بێت تاکو لەدەستی ئۆجالان ڕزگارمان بێت، چونکە هەموو ئەوانەی وەک کۆرگێڕ لەماوەی ٢١ ساڵی ڕابردوو بیریان دەکردەوە و زۆر بەحەماسەتتریش قسەیان دەکرد و پلە و پۆستی زیاتریشیان هەبوو، بەڵام ئەنجام دەرکەوت ئەوان دۆڕاون و پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆ سەرکەوتوون. ٣- ڕێبەر ئاپۆ روونە و لەدوای خۆی هیچی جێنەهێشتووە کە لێی بترسێت، بەڵکو ئەو تێکۆشانەی کە نیو سەدەیە بەڕێوەی دەبات ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر پەیوەستیەتی، گۆڕانکاری لە ستراتیژ پەکەکە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕێبەر ئاپۆ ئەنجامیدا ئیتر جارێکیتر نەک ڕێبەر ئاپۆ، بەڵکو هیچ کەسێک لە بزووتنەوەی ئاپۆیی بیری لێناکاتەوە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، چونکە ئیدی هەرکەسێک و لایەک دوای ٢١ ساڵ ئەوە زۆرباش بینی کە ڕێبەر ئاپۆ ئەرکی خۆی لە ڕێبەرایەتی کردن لەلایەنی هزری و فەلسەفی و سیاسیدا جێبەجێکردوە. جێگرەوەکەشی روونە، چونکە دیسان کوردستانێکی ئازاد و خۆسەر و دیموکراتە، ڕێبەر ئاپۆ بەزمانێکی سادەتریش گوزارەی لێکرد گووتی، جاران دەمانویست بەبێ دیموکراتی ئەو قۆناخە ببڕین، بەڵام ئێستا دەمانەوێت بەگۆڕانکاری دیموکراتیانە ئەو قۆناخە ببڕین. بۆ ئەمەش لە بەرگرینامەی لە دەوڵەتی ڕاهیبی سومەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراتی ڕەخنەی لە مارکس گرت و گووتی؛ شۆڕش وەک ئەو منداڵە وایە تاکو نۆ مانگ نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقەی تەواونەکات لەدایک نابێت، هەرچەندە ئەگەر دایەکەکە فشاریشی بۆ بهێندرێت، ئەوکات منداڵەکە لەباردەچێت. دەکرێ کۆرگێڕ بە هزری ڕەها نەگات، لە وەڵامەکانی

پێشووتریشم ئاماژەم پێداوە، ڕەهابوون واتا موتلەقیەت، ڕێبەر ئاپۆ ئەوەی لە فەلسەفەی ئەرستۆدا ڕەخنە کرد، ئەگەر بتەوێ هزرەکانی ڕێبەر ئاپۆ ڕەهابن، ئەوکات دەتەوێ ببێتە فۆکۆ یاما و پەیامی کۆتایی مێژوو بدات، ئەوا مۆدێرنیتەی سەرمایەداریە کە خۆی بە ڕەها و کۆتایی مێژوو دەژمارد، بەڵام وادەرنەچوو. ڕێبەر ئاپۆ لە دەرەوەش بوو ئازادبوو، لە زیندانیش خاوەن ئیرادە و هزری ئازادی خۆیەتی، لە دەرەوەش بێ هەمان شتە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ هیچی نییە لەدەرەوەی تێکۆشان بۆ ئازادی تاکو لەدەستی بدات، بۆیەش لەکۆتایی هەموو نووسینەکانیدا نوسیویەتی ئازادی سەردەکەوێت. ٤- ڕێبەر ئاپۆ ڕوونە و لە هزر و سیاسەتیش خاوەن پرەنسیبە و بە ئەخلاق و ویژدان خەباتی کردوە و ئێستاش دەیکات، ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت، لەبەر پێوانەکانی دۆستایەتی لە سوریا دەرکەوتم، ئەگەرنا دەمزانی بەئاسانی ناتوانم لەشوێنێکی تر بگیرسێمەوە، واتا ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە سیاسەتێکی وا سوک و هەرزان ناکەن، چونکە ئەوان بەرپرسیارن لە شۆڕشی میللەتێک کە تائێستا ٤٠ هەزار شەهیدی لەپێناودراوە و چوار هەزار گوندی بۆ خاپوور کراوە و بە دەیان هەزار کەسی بۆ چۆتە زیندان. ئەگەر بەوشێوەیەی کۆڕگێڕ ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە بیریان بکردبوایەوە و نزیکی سیاسەت ببوونایەوە تا ئێستا تەمەنیان درێژنەدەبوو. ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت، لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیان دەگووتم "<u>خاوەن مەبدء</u>"، بۆیە دووبارە کردنەوە سوودی هەیە ڕێبەر ئاپۆ گووتی: بەرگرینامەکانم لەکوێبن من لەوێم و ئەو پرۆژەیەشم بۆ ٢٠٠ ساڵە. هەموو شۆڕشگێڕان و ئازادیخواز و وڵاتپارێزان دەیانەوێت دەقەیەک زووتر ڕێبەر ئاپۆ بەجەستەش سەربەست بێ و لە کوردستان تێکۆشانی خۆی بەڕێوەببات، بەڵام لەوانەیە دوژمن ئەو دەرفەتە نەدات، وەک ڕێبەر ئاپۆ خۆی گووتی: دەرکەوتنم لێرە موعجیزەیە. بۆیە پێویستە کۆڕگێڕ زۆر دڵنیابێ، ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە پەیوەستن بەهەموو ئەو تێکۆشانەی لەماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە. وەک چۆن ئەم ساڵ لە مانگی مایس ڕێبەر ئاپۆ لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی لەگەڵ محەمەدی برای، پابەندبوونی خۆی بەو ڕێکەوتنە ڕاگەیاند کە لەساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئیدریس و مەسعود بارزانی ئەنجامی دابوو، بەهەمان شێوە سەرکردایەتی پەکەکەش ئەوەیان دووبارە کردەوە. ٥- بەشێوەیەکی ستراتیژی ڕێبەر ئاپۆ ڕوونە: ا- ناڕوونی ڕێبەر ئاپۆ دەکوژێت، نەوەک یارمەتیدەر دەبێت لەمانەوەی، جا ئەو مانەوەیە جەستەیی بێ یان بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە، بۆیە پێویستە کۆڕگێڕ وەکو خۆی بیر لە ڕێبەر ئاپۆ نەکاتەوە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ بەرپرسیارە لەبەرامبەر شۆڕشی گەلێک. ب- ڕێبەر ئاپۆ لە کۆنگرەی یەکەمەوە تا دوایین کۆنگرەی یازدەمین کە داوین کۆنگرەی پەکەکە بووە سەرۆکی پەکەکەیە، هەمانکات ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکەشە، بۆیە پێویستی بە سیاسەتێکی سووک و هەرزان نییە، تاکو گیانی خۆی پێ ڕزگار بکات، لەلایەکیتریش ڕێبەر ئاپۆ چ سەردەمێک بە هێزی دەسەڵات تێکۆشانی بەڕێوەنەبردووە، بەڵکو بەو هێزە فیکری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەی هەیەتی خەباتی بەڕێوەبردووە. ج- ماوەی ١٠ ساڵە بەقەد ژمارەی پەنجەکانی دەست پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە دروست بووە، هەر پەیوەندیەکیشی بێگومان ئەنجامەکانی دەگاتە قەندیل، بەڵام ڕێبەر ئاپۆ ئەوەندە مەراقی لە دەرەوە نییە، چونکە لە پەرتووکی یەکەمی"شارستانی دیموکراتی"دا دەڵێت، ئەگەر لەدەرەوەبم منیش دەکەومە ژێر هەژموونی سیستەمی سەرمایەداری و لەوانەیە نەتوانم وەک لێرەم بەم شێوەیە شەڕی سیستەم بکەم. واتا ڕێبەر ئاپۆ هێز و ئیرادەیەکی دروستکردووە کە بتوانێت لەهەموو بارودۆخێک بەرگە بگرێت، هەمانکات کادیرێکیشی بونیادناوە کە لە بچووکترین پەیامی زۆرترین ڕێنمایی لێ دەربخات. لەلایەکیتریش مافی ڕێبەر ئاپۆیە سیاسەت بکات و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە هەبێ، بەڵام ئەوە بەو شێوازە نا کە کۆڕگێڕ بیری لێ دەکاتەوە،

واتا لەسەر حیسابی شۆڕش و گەل و باوەڕی و بیرکردنەوەکانی نا. بەگوێرەی یاساکانی دەوڵەتی تورک، ڕێبەر ئاپۆ پێویستە هەر حەفتەی جارێک خانەوادە و پارێزەر سەردانی بکەن، بەڵام دەوڵەت ناهێڵێت، هەروەها مافی هەیە بە تەلەفۆن قسە بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیەوێت، بەڵام لە ٢١ ساڵدا یەک جار ئەو مافەی بەسنورداری پێدراوە.

ڕێبەر ئاپۆ وەک شەخسێک نییە کەتەنها بۆ خۆی بیربکاتەوە و کەسێک نەبێ هزر و باوەڕییەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە پەکەکە ئەرکدارە بۆ ئەوەی هزری ڕێبەر ئاپۆ بخاتە بواری پراکتیکەوە. واتا ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە وەک یەک گیانن لە دوو جەستەدا. لەلایەکیتر ئەو گۆڕانکاریانەی ڕێبەر ئاپۆ لە جیهانبینی خۆی کردوویەتی بەتێکۆشان، کردی بە جیهانبینی پەکەکە و گەلی کوردیش، بۆیە پەکەکە بەبێ ڕێبەر ئاپۆ هیچ گۆڕانکارییەکی نەکردووە، پێویستیشە بەوشێوەیە بێ، بۆچی، چونکە ڕێبەر ئاپۆ دامەزرێنەری پەکەکەیە، لەلایەکیتر لە پەکەکە ئەوە دەڵێین کە پەکەکە پارتی سەرۆکایەتیە، واتا پەکەکە بەتایبەتمەندییەکانی سەرۆک ئاپۆ دروست بووە، ئەمەش دەبێ زۆر بەسادەیی وەربگیردرێت و ئەوەش جیکاریەکی سەرەکی پەکەکەیە لەگەڵ سەرجەم پارت و لایەنەکانیتری کوردستان. بۆیەش کادیر و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی پەکەکە زۆر بە غرورەوە دەڵێین <u>ئاپۆچین</u>، واتا ئێمە بەشدارین لە پارت و ڕێکخستن و هزر و باوەڕی ڕێبەر ئاپۆ. بۆیە ئەوە کەموکوڕی نییە کە پەکەکە جیهانبینی خۆی کردۆتە یەک لەگەڵ جیهانبینی ڕێبەر ئاپۆ، ئەگەر لەو بارەیەوە پەکەکە نەیتوانیبێ لەگەڵ جیهانبینی ڕێبەر ئاپۆ خۆی بکاتە یەک، ئەوەیان بۆ پەکەکە بە کەموکوڕی دەژمێردرێت. پەکەکە ماوەی هەشت ساڵ تێکۆشانێکی زۆری کرد تاکو توانی خۆی لەگەڵ جیهانبینی ڕێبەر ئاپۆ بکاتە یەک، لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا سێ گرووپی تەسفیەکار دەرکەوتن، سەرەتا د.سلێمان و یەلماز و زەکی بچووک، پاشان چەند کەسێکی داڕووخاوی ڕۆژئاوا، پاشانیش ڕووبەڕووی تەسفیەکاری فەرهاد و بۆتان بووەوە کە بەپشتیوانی ئەمریکا و پەدەکە و یەنەکە بەڕێوەچوو. واتا پەکەکە لە کۆنگرەی دەیەمینی توانی ناکۆکیەکانی چارەسەر بکات و یەکێتی خۆی لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ ڕاگەیاند. بۆیە لەوەش کۆرگێڕ بەهەڵەچووە، ئەگەر بەرگرینامەی بەرگریکردن لەگەڵیکی خوێندبووایەوە ئەوکات دەیزانی کە چ تێکۆشانێکی بەهێزی هزری و فەلسەفی لەنێوان پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆدا بەڕێوەدەچێت.

❖ **کۆرگێڕ، گۆڕانکاری لە گوتاری ئایدیۆلۆژیدا:** چەمکی <u>دەوڵەت</u> وەک چەقی گۆڕانکاری لە چوار قۆناخدا: ١- قۆناخی دروشمی " دەوڵەتی یەکگرتوویی سۆسیالیستی سەربەخۆی کوردستان"، لەسەرەتاوە ١٩٧٨ وە تاکو "١٩٩١\ ١٩٩٩". ٢- قۆناخی چارەسەری فیدراڵی (دەوڵەتی فیدراڵی) بەبێ دەست هەڵگرتنی ڕەسمی لە دەوڵەتی سەربەخۆ. ٣- قۆناخی مانەوە لە چوارچێوەی (لە دەوڵەتی دیموکراتی)، واتا "کۆمارێکی دیموکراتیک"... کۆتایی گوتاری سەربەخۆی. ٤- قۆناخی بێ هیوابوون لە دەوڵەت واتا قۆناخی کۆنفیدراڵی دیموکراتی واتە: "دیموکراسی لە دەرەوەی دەوڵەت" و "خۆسەری دیموکراتی" سەرەڕای دەوڵەت و هەر لە دەرەوەی دەوڵەت.

✓ **وەڵامی نۆیەم:**

گۆڕانکاری لە گوتاری ئایدیۆلۆژی نەکراوە، چونکە وەک لە بەشەکانیتریش ڕوونمان کردەوە، ئەو ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەی کە لەسەرەتاوە خەباتی بۆ کراوە بەهەمان ئاراستە بەردەوام بووە، ئەوەی گۆڕانکاری

لێکراوە ئەویش ستراتیژی تێکۆشانە، ئەویش لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا جیاوازە. ستراتیژی دەوڵەتی سەربەخۆ تێپەڕکراوە، واتا ستراتیژی دوای ساڵی ٢٠٠٠ بەرفراوانتر و بەرهەمدارتر و چارەسەرئامێزتر و واقیعیتر بووە، بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، بۆیە دەوڵەت چەق نەبووە، بەڵکو ستراتیژێک بووە، بەڵام زۆر بەدەمارگیری نەگیردراوەتە دەست، واتا بەردەوام تواندراوە لەدەرەوەی دەوڵەتیش گفتوگۆی چارەسەری بکرێت. ١- لە راستیدا پێویستە مێژووی پەکەکە لە ساڵی ١٩٧٣وە بگردرێتە دەست، راستە لەساڵی ١٩٧٨ بە فەرمی دامەزراوە، بەڵام چرۆی ئەم تێکۆشانە مەزنە لە ١٩٧٣وە شکۆفەی کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەش فۆرمی ستراتیژی لەگەڵ ئەو دەستەواژەیە دەستی پێکرد کاتێک رێبەر ئاپۆ دەڵێت، تەنها دوو وشەم دەزانی ئەویش " کوردستان داگیرکراوە". لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان لەبیر کەس دانەبوو، چونکە هزری ئۆتۆنۆمیگەرایی لە باشوور و لە رۆژهەڵات، فۆرم و هزر و کەسایەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست نەکردبوو، بۆیە تا پەکەکە نەهاتە مەیدان سەرلەبەری پارت و رێکخستنە سیاسیەکانی کوردستان، عێراق و ئێران و تورکیاو سوریایان بەکاردەهێنا، بەڵام پەکەکە هات ئەو دەستەواژە و زاراوە سیاسیەی گۆڕی و کولتورێکی نوێی لە تێکۆشانی نەتەوەیی دروستکرد، بۆیەش تا ئێستا پاشماوەکانی پەدەکە لە هەر چوارپارچە هێشتا پاشگری تورکیا و ئێران و سوریایان پێوەیە. تەنها بزووتنەوەکانی تەڤگەری ئاپۆیی لە دەوری پرۆژەی نەتەوەیی کۆبوونەتەوە. لە ساڵی ١٩٨٨ رێبەر ئاپۆ لەگەڵ مەحمەد عەلی بیراندی گەورە رۆژنامەنووس، گفتوگۆ سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ چارەسەری دیموکراتیانە پیشانداوە، کە نە راپەڕین بوو نە سۆڤیتیش هەڵوەشابووەوە. لە ماوەی ١٩٩١ – ١٩٩٩ سێ جار ئاگربەست راگەێندراوە و لەهەر ئاگربەستێکیش کەم تا زۆر قسەکراوە لەسەر چارەسەری دۆزی کورد، ئەمەش شتێکیتر دەسەلمێنێ کە پەکەکە و رێبەر ئاپۆ بەبێ دەمارگیری بۆ پرسی دەوڵەت بۆ چارەسەری ئامادەبوونە. ٢- تائێستا هیچ قۆناخێک لە پەکەکە بەناوی فیدراڵیەوە نییە، ئاگربەستی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ تورکۆت ئۆزاڵ دەرفەتێک بوو، رێبەر ئاپۆ ئامادەگی پەکەکە و سیاسەتی کوردیشی بۆ نیشاندا، بۆیەش لە کۆنفرانسە رۆژنامەگەریەکەی کە لە لوبنان ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئامادەبوونی چەند کەسێک لە بەرپرسانی پەکەکە، هەمانکات هەریەک لە ئەحمەد تورک، کەمال بورقای و حەمەڕەش رەشۆ و مام جەلال ئامادەبوونە، ئەمەش بەهێزی لایەنی کوردی نیشاندەدات لەو قۆناخەدا، ئەوەی نەیتوانی قۆناخەکە ئیدارە بکات ئەوا دەوڵەتی تورک بوو لەکەسایەتی تورکۆت ئۆزاڵدا، پێویست بوو ژێرخانی زیاتری بۆ ئەو دەستپێشخەریەی ئامادە بکردبووایە. لەو دانوستاندنە ئۆزاڵ دەڵێت، دەتوانین فیدراڵیش گفتوگۆ بکەین، بەڵام لە ئەدەبیاتی پەکەکە و لەهیچ دیدار و چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندنێکی رێبەر ئاپۆش باسی ستراتیژێک بەناوی فیدراڵی نەکراوە، چونکە رێبەر ئاپۆ زیاتر راستینەی دەوڵەتی تورکی دەناسی، بۆیە لە بچووکترین دەرفەت دەگەڕا بۆ ئەوەی یەکەم، پرسی کورد لە تورکیا بکاتە پرسێکی سیاسی رەوا، دیسان لەو ئاگربەستانەی تریش فۆرمی چارەسەری خەمی گفتوگۆی یەکەم بووە، بەهەمان شێوە ئەو نامە گۆڕینەوانەی سەردەمی نەجمەدین ئەربەکان و مەسعود یەلمازیش. گەڵاڵەنامەی ١ی ئەیلولی ١٩٩٨ دەتواندرێت وەک سەرەتایەک بەناوبکرێت بۆ گۆڕانکاری ستراتیژی ١٩٩٩، هەروەها هەموو ئەو دانوستان و گفتوگۆیانەیتریش ئەو باوەڕییەیان دروستکردبوو کە دەکرێ لە تورکیا لە رێگەیەکی تری چارەسەری بگەڕێین. ٣- قۆناخی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی کە لە ١٩٩٨\١٠\٩ دەستی پێکرد و لە ١٩٩٩\٢\١٥ بە دیلگرتنی رێبەر ئاپۆ لە نایرۆبی پایتەختی کینیا تەواو بوو، بۆیە قۆناخێکی نوێ دەستپێکرد، ئەوەش دوو رێگا هەبوو، بەردەوامبوون لەسەر ستراتیژی دەوڵەتی سەربەخۆی و پێداگری لەسەر شەڕی چەکداری، یان گۆڕانکارییەک تاکو بتواندرێت ئەو هێز و دەرفەتەی

دروستبووه، بخرێتە خزمەت چارەسەری دۆزی ڕەوای گەلی کورد. زۆرێک لەو سەردەمە هەبوون چاوەڕێبوون ڕێبەر ئاپۆ لەماوەی چەند ڕۆژێک وەک شێخ سەعید و قازی محەمەد و سەید ڕەزا لەسێدارە بدرێت و کۆتایی بە شۆڕشی پەکەکە بهێندرێت. بۆیە وەک بژارێکی خێرا لەپێناو پووچەڵکردنەوەی پیلانگێڕی و دروست کردنی دەرچەیەک تاکو بتواندرێت سەرلەنوێ گۆڕانکاری و وەرچەرخانێک دروست ببێت کە پێویست بوو. کۆماری دیموکراتی لە هەرچوار دەوڵەتی داگیرکەری سەر کوردستان هەڵە نییە، بەڵکو ئازادی کوردستان ئەوکاتە دروست دەبێ کاتێک تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دیموکراتیزە بین، ئەگەرنا بە دەسەڵاتی دەوڵەت – نەتەوەی ناوەندی ناکرێ هیچ ئامانجێک بەدەست بخەیت. ٤- لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە کە بە کۆنگرەی نائاسایی دەناسرێت و لەسەر داواکاری ڕێبەر ئاپۆ ئەنجامدراوە، هەنگاوەکانی چرکرانەوە لەپێناو ئەوەی چۆن لەگەڵ ستراتیژی نوێ و گۆڕانکاریەکان بتواندرێت تێکۆشانی شۆڕشگێڕی بەردەوام بکات و لەسەر بنەمای دیموکراتی بە ڕێبازی سیاسی بتواندرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، ئەو هەنگاوانە چەند هەڵسەنگاندنێکی بۆکرا، هەندێکیان وەکو کۆرگێڕ باسی دەکات گووتیان بێ هیوا بوون و دەستبەردان لەتێکۆشان، ئەوان دواتر لە هێڵی فەرهاد و بۆتان خۆیان دەرخست و چوونە باوەشی پرۆژەی ئەمریکا بە ڕێگای پەدەکە و یەنەکە. هەندێکیش بەدڵسۆزیەوە دەیانویست لەسەر ستراتیژی کۆن بن و لەو پێناوەش دەیانویست لە باکوور شەڕ بەردەوام بێت، بۆیە تا ماوەی دوو ساڵ نەگەڕانەوە بۆ باشوور، ئەنجامیش هەندێک لەو هەڤاڵانە شەهیدبوون بە فەرمانداریەتی هەڤاڵ عیسا دێرسیم، ئەوانیتریش بە فەرمانداریەتی حاملی یلدرم هەڤاڵ کازم گەڕانەوە باشوور و قەناعەتیان بە ستراتیژی نوێ هێنا. ئەوەی لە ئەنجامدا سەرکەوت هێڵی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە بوو، هەرچەندە زەحمەتیش بوو. دوای ئەوەی زاندرا کە ستراتیژی کۆنفیدراڵی دیموکراتی و لەدەرەوەی دەوڵەت بوون زۆر بەرفراوانتر و بەدەسکەوتر و بە ئەنجامترە، بۆیە خولانەوە لەدەوری بازنەی دەوڵەت بوو بە کۆنەپەرستی و شەرمکردن. لەئێستا هیچ کەسێک نابینیتەوە کە بەخەیاڵی دەوڵەت و دەسەڵات بژی و خەونی پێوە ببینێت، بەڵام سەرلەبەری تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ئاپۆیی، گیان لەسەردەستن، لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و مافە نەتەوەیی نیشتمانیەکان. ئیتر پەکەکە بۆتە بزووتنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی و لەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری هەیە، بۆ پرسی نەتەوەییش وەک تاکە سوارێک لە هەرچوارپارچە تێکۆشان دەکات لەپێناو یەکێتی و یەکڕیزی نێو ماڵی کوردی.

هەنگاوەکانی بەرخودانی شارەکانی باکووریش لە پایزی ٢٠١٦ وەک ئەزمونێک بوون بۆ خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە، دەکرا باشتر ئامادەکاری بۆ بکرێ لەپێناو ئەوەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە بەجێبکرێت، بەڵام هێشتا زۆر کەس هەیە وەک کۆرگێڕ وادەزانێت تەنها بەناوهێنانی ستراتیژ و دەوڵەت و فیدراڵیەت و یان هەرناوێکیتر، ئیتر هەموو شتێک تەواودەبێ، نازاندرێت تاکو لە کوردستان بچووکترین دەرفەت بۆ گەلی کورد دروست دەکەیت پێویستی بە چەند ڕەنج و هەوڵ و ماندووبوون و شەڕ و تێکۆشان هەیە، لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکان پێویستیمان بە بەرخودان و تێکۆشانی زیاتر هەیە. لە باشووری کوردستانیش تا بە ئەمڕۆ گەیشتووین لە ١٨٠٦وە بە بابانیەکانەوە دەستمان پێکردووە تاکو گەیشتۆتە ئەمڕۆ، ئەوەشمان بینی لە هەوڵی جیابوونەوە و ڕاپرسیە شکستخواردووەکەی پەدەکە چۆن ڕووبەڕووی ناڕەزایی و هێرشی هەرێمی و جیهانی بوویەوە، پەدەکە وایدەزانی کاتێک گووتی دەوڵەت و ڕاپرسی بۆ کورد هەمووشتێک تەواودەبێت!. بۆیە ڕاستینەی شۆڕش و تێکۆشان لە کوردستان هەروا بەئاسانی ناتوانیت دەسکەوت بەدەستبخەیت، ئەگەر هەروا ئاسان بوایە بێگومان تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەردەوامی نەدەکرد. کوردستان

فەلەستین نییە، فەلەستینەیەکان ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی پشتگیریان دەکەن، نیوەی جیهانیش لەگەڵیانە، بەڵام ئێمەی کورد هەموو دەسەڵات و دەوڵەتی جیهان لەدژمانن، نمونەی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتیش باش ئاشکرابوو کە جیهانی ئەمڕۆ چۆنە لەگەڵ ئێمە، بۆیە ناکرێ کێشەی کورد و کوردستان بە هیچ نەتەوە و گەلێکیتر بچوێندرێت، ئەگەرنا دەکەویتە هەڵە و خەیاڵپڵاوی.

### ❖ کۆرگێڕ، رەگەزێکی گرنگی گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی ئۆجالان:

**دۆزینەوەی رابردوو،** گەڕانەوە بۆ رابردوو

١- گەڕانەوەی ئۆجالان و پەکەکە بەتوندی بۆ <u>منداڵدانە ئایدیۆلۆژیە</u> کۆنەکەی خۆیان، "چەپ، چەپی تورکیایی". ٢- گەڕانەوە بۆ شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، بەتایبەتی سومەر و بەرز راگرتنی کۆمەڵگەی چەرخی بەردینی نوێ "نیۆلۆتیک". (بە جەختکردنەوە لە ١- کێشەی فەرمانڕەوایی. ٢- کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی. ٣- بەهاکانی کۆمەڵ (لەوانەش بەهاکانی خێڵ، وەک کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیکی). ٤- سروشتیبوونی کۆمەڵگە.) ٣- گەڕانەوە بۆ (ئۆتۆنۆمیەکەی باشوور و خودموختاریەکەی رۆژهەڵات)، بەڵام بەهەندێک گۆڕانکاری کەمەوە.

### ✓ وەڵامی دەیەم:

چەندبارەی دەکەمەوە کە رێبەر ئاپۆ گۆڕانکاری لەهیچ رەگەزێکی ئایدیۆلۆژی نەکردووە، بەڵکو جیهانبینی"پارادایم"ی فراوانتر کردووە و ستراتیژی تێکۆشانیشی گۆڕیوە. رێبەر ئاپۆ و پەکەکە بەردەوام پەیوەستبووە بە مێژووی تێکۆشانی خۆی، بۆیەش تەنها لە کوردستان لەنێوان لایەنە سیاسیەکان پەکەکە مێژووی خۆی وەک وانە لە ئەکادیمیایەکان لەلایەن هەڤاڵانی دامەزرێنەرەوە دەگوترێتەوە، رێبەر ئاپۆش لە هەموو وانە و هەڵسەنگاندنەکانی بەردەوام نمونەی هەڤاڵان و کادیرانی پێشەنگی سەرەتای تێکۆشانی هێناوەتەوە، بۆیە ئەو پێناسەیە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ لە رابردووی خۆی دانەبڕاوە تاکو دووبارە بگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی رابردوو. ١- رێبەر ئاپۆ لە سەرەتای سالانی حەفتا کاتێک خوێندکاربووە لە زانکۆ، کاریگەربووە بە شۆڕشگێڕە چەپە تورکەکانی وەک ماهیر چایان، دەنیز گەزمیش و ئیبراهیم قەیپاقایا و ئەو هاوڕێیانەیان کە لەو سەردەمە بە پەیامی رووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و برایەتی نێوان تورک و کورد تێکۆشانیان دەکرد، بێگومان ئەوانەش هەموویان چەپ بوونە، هەمانکات کاریگەربووە بە کەسایەتی رۆشنبیر و وڵاتپارێزی وەک موسا عەنتەر، هەروەها هونەرمەندی وەک ئارام تیگرانی ئەرمەنی. گفتوگۆی تێکۆشانی مۆدێلی پەکەکەش سەرەتا دیسان لەگەڵ دوو لاوی تورکی شۆڕشگێڕبووە ئەوانیش حەقی قەرار و کەمال پیربوونە کە بەکەمال لازیش ناسراوە، ئەوانیش لێبڕاوانە کەوتنە ناو تێکۆشان، بۆچی کەوتنە دوای رێبازی رێبەر ئاپۆ کە هێشتا پەکەکەش دانەمەزرابوو، چونکە رێبەر ئاپۆ ئەو فەلسەفەیەی داهێنا؛ تورکیا سۆسیالیست نابێ، ئەگەر کوردستان ئازاد نەبێ. بۆیە لەپێناو تورکیایەکی سۆسیالیست، پێویستە سەرەتا کوردستان ئازادبێ، ئەمەش وایکرد شۆڕشگێڕە گەورەکانی وەک حەقی قەرار و کەمال پیر و دوران کەڵکان و بەسەدانی تر هاتنە ریزی رێبەر ئاپۆ و شۆڕشگێڕی بەهێز و کارامە و پێشەنگیان لێ دروستبوو. چەپی شۆڕشگێڕیش لە تورکیا رابردوویێکی هەیە، دەکرێ لەپێناو دیموکراتیزەکردنی تورکیا و چارەسەکردنی کێشەی کورد تێکۆشانی هاوبەش پێکەوە ئەنجامبدرێت. ئەمەش لە رۆژی ئەمڕۆشدا دەسکەوتی وەک هەدەپەی لێ دروستبووە کە بۆ ماوەی سێ خولە لەسەر یەکتر دەتوانێ رێژەی ١٠% تێپەڕێنێت. ئەگەر

کۆرگێڕ دەیەوێت لێپرسینەوە لە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە بکات کە لەسەر دۆگماتیزمی چەپگەری بەردەوامن یان خۆیان لەچوارچێوەی چەپگەریەتی قەتیس کردووە، ئەو دوو هەڵسەنگاندنە هەردووکیان ڕاست نابن، چونکە پرۆژەکانی ڕێبەر ئاپۆ لە باکوور و ڕۆژئاوا لە بواری جێبەجێکردن دان، پارت و گرووپە چەپەکان، تاکو کەسایەتی و ڕێکخستنە نەتەوەیی و لیبراڵەکان، لە مامۆستا و کەسایەتیە ئاینی و مەزهەبی و تەریقەتەکان تا ڕێکخستنی ژنان و گەنجان، هەمووی لەخۆی کۆکردۆتەوە، بەڵام دەبێ بزاندرێت ڕێکخستنە چەپ و سۆسیالیستەکان وەک نرخی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دەبێ بناسرێن، گرنگ نییە ژمارەیان چەندە، گرنگ ناوەڕۆک و پابەند بوونە بەتێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیان. ٢- لەو سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین پێویستە وەک چانسێک بۆ خۆمانی بژمێرین کە لێکۆڵینەوەکانی سەربارەت بە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و سومەر و میسر و هیند و چین بەئەنجام گەیشتوون، ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگە بۆ مرۆڤایەتی، لەوەش گرنگتر ئەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونانەی ڕێبەر ئاپۆن کە مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر ساغ کردەوە، بەهەمان شێوە لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی فۆڕمێکی پڕ شانازی کردە بەر مێژووی کوردستان. تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان لەو هەڵسەنگاندە درۆین و ساختانەی ڕزگارکرد کە بەناوی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە کرابوو، لە هێرۆدۆتەوە تا دەگاتە دوایین کەسیان کە بێجگە لە بچووکردنەوە و بێ کەسایەتی کردنی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی شتێکیتریان نەکردبوو، بە پەیماننامەکانی سایکیس بیکۆ و لۆزان و قاهیرەش بڕیاری لەناوبردنەکەیان تەواو کردبوو. ئەنجام ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان بە هزر و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ شانازی بەهەبوونی خۆی دەکات، وەک کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و ویژدانی. ئەگەر بۆ ئەمە کۆرگێڕ ڕەخنەی ڕێبەر ئاپۆ دەکات ئەوا هەڵەیە، چونکە خاوەندەرکەوتن لە مێژووی گەلەکەت بەو زانستەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ گەلی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگای شانازیش بۆ ئێمەی کورد لە کەسایەتی ڕێبەر ئاپۆ کە شۆڕشی کوردستان ببێتە خاوەن پارادایم و فەلسەفەی تێکۆشانی خۆی. ٣- ئەو ئاستەی لەتێکۆشان ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە پێیگەیشتوون هیچ پەیوەندییەکی بە ئۆتۆنۆمیەکەی باشوور و خودموختاری ڕۆژهەڵات نییە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە ناوکی خۆیان لە دەوڵەت بڕی و هیچ پەیوەندیەکیان لەهیچ بوارێکەوە لەگەڵ دەوڵەت نەماوە، ئۆتۆنۆمی بەهەموو ناوەکانی فۆڕمی دەوڵەتە بۆ نەتەوە بێ خاکەکان، یان کەمەنەتەوەکان، ئێمە نەتەوەیەکین لەسەر خاک و وڵاتی خۆمانیان، کەمینە نین و باوەڕیشمان بە کەمینە نەتەوەیی نییە، دەمانەوێت لەسەر خاک و ئاوی خۆمان بەئازادی بژین، لەدژی هیچ نەتەوە و گەلێکیتریش نین، دەمانەوێت لەگەڵ گەل و نەتەوەکانی تریش بەئاشتیان پێکەوە بژین، دەوڵەت – نەتەوەکانی تورک و فارس و عەرەب ئەمە پەسند ناکەن، ئێمەش لەبەرامبەر ئەوە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بەرێوەدەبین تا ئەوکاتی پێیان دەسلمێنین. کۆرگێر دەیەوێت دوای ٢١ ساڵ ستراتیژی نوێی ڕێبەر ئاپۆ بچووک بکاتەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و خودموختاری، ئەویش کاتی بەسەرچووە، چونکە دەرکەوت لەبچووکترین دەرفەتدا ستراتیژی نوێی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە زۆرترین دەسکەوت بەدەست دەخات بۆ گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە بەبێ جیاوازی، نمونەی باکوور و ڕۆژئاوا و شەنگالیش لەبەرچاوانە.

### ❖ کۆرگێڕ، قۆناخبەندی گۆڕانکاری لە هزری ئۆجالاندا:

**قۆناخی یەکەم:** لە ١٩٩١\ ١٩٩٩، کۆتایی جەنگی سارد تاکو دەستگیرکردنی ئۆجالان، ئەم قۆناخە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیەوە ڕێگا خۆشکرا بۆ گۆڕانکاری لە هزری ئۆجالان و پەکەکەدا. لەیەکەم هەنگاودا قبوڵ

کردنی فیدراڵی و دواتریش دروشمی "کۆماری دیموکراتیک": ١- قەیرانی کوێت وەک ئەرزهەژێکی جیۆ – سیاسی لە ناوچەکەدا: بۆ جاری یەکەم تورکیا بە رەسمی دانی نا بە هەبوونی ١٢ ملیۆن کورد لە تورکیا. ٢- کۆتایی جەنگی سارد و کرانەوە لە سیستەمی جیهانیدا بەئاراستەی چارەسەر کردنی کێشەکان بەشێوازێکی ئاشتیانە."سیستەمی نوێی جیهانی". ٣- خەباتی چەکداری لە قۆناخی یەکەمی خۆیدا چەقی بەست و پارسەنگی هێز بەلای دەوڵەتی تورکیادا شکایەوە. ٤- کرانەوەی تورکیا لەسەر دەستی تورکۆت ئۆزاڵ،(بە رۆڵێکی پۆسەتیڤانەی مام جەلال) بەرووی چارەسەری، تەنانەت چارەسەری فیدراڵی. ٥- کۆتایی هاوپەیمانی پەکەکە و رژێمی سوریا ١٩٩٨، دووبارە بوونەوەی نسکۆی ١٩٧٥، بەڵام بەهەندێک جیاوازیەوە. پەکەکە وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین وەک چۆن لەساڵی ١٩٨٨ چەکی دانا بە یەکجارەکی پەکەکەش لە ساڵی ١٩٩٣ چەکی دانا بوایە. ٦- کۆتایی هاوپەیمانیەکەی ئەسەد و ئۆجالان و دەرکردنی ئۆجالان لە سوریا و دەستگیرکردنی، واتا کۆتایی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و دەستکردن بە قۆناخی" کۆماری دیموکراتیک". ٧- بۆ یەکەمجار فەراهەمبوونی خەباتی مەدەنی و سیاسی و بەشداری کورد لە رێگای HEP وە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە پاییزی ١٩٩١دا. ٨- فاکتەری دیمۆگرافی (دانیشتوانی کورد) لە تورکیا.

- ✓ **وەڵام یازدەیەم، بۆ قۆناخی یەکەم:**

ئەگەر قۆناخی گۆڕانکاری یەکەم لە ١٩٩١ تاکو ١٩٩٩ تاوتوێ بکەین ئەوا ناکرێ فاکتەرەکانی گۆڕانکاری بەشێوەیەکی بابەتیانە ببینین، بۆیە ئەگەر وای ریزبەند کردبوایە راستتر دەبوو؛ فاکتەرەکانی گۆڕانکاری لە هزری رێبەر ئۆجالان، سەرەتا فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەریان زیاترە، دواتریش فاکتەرە هەرێمی و جیهانیەکان. فاکتەری سەرەکیش گەڕانەوە بۆ وڵات، دەستپێکردنی شەڕی چەکداری، بەرێکخستنی کۆمەڵگە بەتایبەت ئەورووپا، پەرینەوەی شۆڕش بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان. فاکتەری دووەم ئەو بارودۆخەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، بەتایبەت دەستپێکردنی شەڕی عێراق - ئێران و کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆتایی شەڕ، داگیرکردنی کوێت و تێکشکانی دەوڵەتی عێراق، گۆڕانکارییە جیهانیەکانیش هەرەسی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی و دەستێوەردانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. قۆناخێک بەناوی فیدراڵی لای رێبەر ئاپۆ باسی لێ نەکراوە لەهیچ بەڵگەیەک، بەڵام ئەگەر چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بەئاراستەی فیدراڵیش دروست بووایە دەکرا بخرێتە خزمەت دۆزی رەوای میللەتی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا، بەهەمان شێوە دوای دەستپێکردنی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی و بەدیل گرتنی رێبەر ئاپۆ، دەستپێکردنی قۆناخێکیتر لەتێکۆشان پێویست بوو" کۆماری دیموکراتیش" دەکرێ وەک سەرەتای دەستپێکردنی دەرچەیەک بەناوی بکەین لەناو گەلەکۆمەیەک کە بەنیازی لەناوبردنی شۆڕش دەستی پێکردبوو. ١- ئەگەر فاکتەری ناوخۆیی، واتا هێز و توانای رێبەر ئاپۆ و پەکەکە نەبینین و بێین گۆڕانکارییەکان تەنها بە فاکتەرەکانی دەرەوە ببەستینەوە، ئەوا راست نابێ و زیاتر دەکەوینە قاڵبی سیاسەتی حیزبەکانی باشوور کە دەبێ دەرفەت بێنە پێشەوە ئینجا ئەویش بێتە سەر حازری. سەردەمێک کە رێبەر ئاپۆ دەستی بە تێکۆشان کرد، نە شەڕی عێراق - ئێران و نە شەڕی کوێت و نە راپەڕینی باشووریش هەبوون، هەمانکات کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ فاشیستەکانی تورک دروست نەببوو، بلۆکی بەناو سۆسیالیستیش هەڵنەوەشابووەوە، بەڵام رێبەر ئاپۆ و پەکەکە دەستیان دایە تێکۆشانێک کە لە مەحاڵ دەچوو، بەڵام مەحاڵ کرایە واقیع. بەهەمان شێوە کاتێک کودەتای ١٢ی ئەیلول دروستبوو، هەموو کەس

وای بیردەکردەوە کە ئیتر تێکۆشان و خەبات لەپێناو کوردستان جارێکیتر گۆڕەپانی سیاسی بەچاوی خۆی نابینێتەوە، زۆرێکیش لەوانەی کە ئێستا تیر و توانج لە پەکەکە دەگرن نمونەی بورقای و زۆرێک لە پارت و رێکخستنیتر، بەڵام ئەوکات بارەگای سیاسەتیان پێچایەوە و تا ئەوروپا و ئەمریکا نەوەستان، بەڵام رێبەر ئاپۆ و پەکەکە شانیان داوەتە بەر ئەو قۆناخە سەختانە و بە هێز و بازووی خۆیان دەرفەتیان ئافراندووە. بەر لە قەیرانی کوێت رێبەر ئاپۆ هەوڵەکانی لەپێناو چارەسەری باشتر چڕکردۆتەوە، بۆیەش ئەو دیدارەی لەگەڵ محەمەد عەلی بیراند کردۆتە دەرفەتێک کە پەیامەکانی بگەیەنێتە رای گشتی کوردستان و تورکیا، بەهەمان شێوە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان لە بیقاع چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، خودی ج.تاڵەبانی نزیکەی سێ مانگ لە بیقاع ماوەتەوە، لە دیداری ج.تاڵەبانی و رێبەر ئاپۆش ئەو راستییەمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت. لە زستانی ١٩٩١\١٩٩٠ پەکەکە کۆنگرەی چوارەمینی خۆی لە هەرێمی بادینان بەست و ئامادەکاری خۆی بۆ قۆناخ باش نیشانداوە، ئەوکات رێبەر ئاپۆ ئەوە بەئاشکرا لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرە پیشانداوە کە هەرێمەکە بەقۆناخێکی نوێ تێپەڕدەبێت پێویستە کورد بۆی ئامادەبێت. چونکە لە باکوور خۆپیشاندان و راپەڕین دەستپێکردبوو، بەتایبەت لە شارەکانی وەک جزیرە و نەسێبین و سلۆپی و ئامەد و شرناخ، ئیدی شۆڕش لەشاخ و شارەوە ببوو بەیەک، ئەو بێ ئومێدییەی هێزە سیاسییەکانی باشووریش دوای ئەنفال بەتێکشکانی رژێمی بەعس لە کوێت خەتووکەی دەهاتەوە. بۆیە دەکرا سەردەمێکی نوێ لە شۆڕشی کوردستان دەستپێبکات، بەتایبەت لە باکوور و باشوور. ئەوا رەحمی دەوڵەتی تورک نەبوو کە بڵێت ١٢ ملیۆن کورد هەیە لە تورکیا، بەڵکو ئەوە هێز و تێکۆشانی شۆڕشی کوردستان بوو کە چۆک بە سیاسەتی نکۆڵیکردن و توانەوە کەچ بکات کە ماوەی ٧٠ساڵ بوو بەڕێوەدەچوو. رەنج و ماندووبوونی شۆڕشگێڕان و خوێنی شەهیدان و بەرخودانی زیندانیان نابێ بکرێتە نیعمەتی قسەیەک کە بەرپرسیارێکی داگیرکەر ناچار دەمێنێ دانیپیابنێت. ئەگەر رێبەر و رێکخستنی شۆڕشگێڕی ئامادەبوونیان هەبوو، ئەوا دەکرێت سوود لە فاکتەرەکانیش ببیندرێت. ٢- بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتن بە قۆناخێک لە شەڕی جیهانی و دەستپێکردنی قۆناخێکیتر بەناوی سیستەمی نوێی جیهانی و ئەمریکا خۆی کرد بە خودای سەر زەوی و بۆ ئەمەش پرۆژەکەیان بەناوی کۆتایی مێژوو نووسیوە لەلایەن فۆکۆ یاماوە. سیستەمی نوێی جیهانی کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات لە بنەمادا دروستکردنی هەژموونگەرای مۆدیرنیتەی سەرمایەداری بوو بۆسەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بۆ ئەمەش ئەو هێز و دەوڵەتانەی نەهاتنە ژێرباریان ئەوا هێرشیان کردنە سەر و هەندێکیان تەسلیم گرت و هەندێکیشیان سەرکوتکردن، هەندێکیشیان لەناوبردن. پەکەکە و رێبەر ئاپۆ لە ئامانجی "سیستەمی نوێی جیهانی" دابوون، بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێ و بێکاریگەر بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو هاوپەیمانیەتەی بۆ شەڕی کوێت ئامادەکرابوو رژێمی بەعسیان پێ سەرکوتکرد، بەهەمان هێزەوە لە پاییزی ١٩٩٢ بە پێشەنگایەتی پەدەکە و یەنەکە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی گەریلا لە سنووری باکوور و باشوور، بەڵام نەیانتوانی ئەو ئەنجامەی دەیانەوێت بەدەستی بخەن، لەدەرەوەی تەسلیم گرتنی فەرهاد "عوسمان ئۆجالان" و گواستنەوەی بۆ کامپەکانی زەڵێ و نۆکان لە سنوری رۆژهەڵات. دوای ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تورکیا و پەدەکە و یەنەکە لەو هێرشەیان سەرنەکەوتن، بۆیە دەرفەتێکی تر لەبەردەم پرسی کورد کرایەوە. بۆیە ئەو قۆناخەی بەناوی سیستەمی نوێی جیهانی بەناو دەکرێت، لەبنەمادا سەرەتای دەستپێکردنی پیلانگێڕی نێودەوڵەتیە بە سەرۆکایەتی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێشەنگایەتی بۆ دەکەن. رێبەر ئاپۆ بەهونەری خۆی هزری و سیاسی و بەرخودانی شکۆداری گەریلا،

توانی ئەو قۆناخە بەسەرکەوتوویی بەئەنجام بگەیەنێت. ٣- دەستپێکردنی شەڕی چەکداری لە باکوور لەبەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەری تورک، دوای پەنجا ساڵ لە بێدەنگی و حەفتا ساڵ لە پرۆسەکانی نکوڵیکردن و توانەوە و ئاسیملاسیۆن و ژینۆساید، هەروا ئاسان نەبوو کە باسی شەڕی چەکداری بکرێت، بەڵام ئەو بەرخودانیەی هەڤاڵان مەزلوم دۆغان و فەرهاد کورتای و هەڤاڵانی و کەمال پیر و خەیری دورموش و هەڤاڵانی لە زیندانەکانی داگیرکەری پیشانیان دابوو بە سپاردنی گیانی ئەوان تەواو ببوو، دەبووا ئەو تێکۆشانە بەشەڕی چەکداری لەشاخەکانی کوردستان وەڵامی بدرابوایەوە. شەڕی نێوان دوو داگیرکەری سەر کوردستان عێراق و ئێران دەرفەتێکی دروستکردبوو، لەگەڵ دەرکەوتنەوەی هێزە چەکدارییەکانی باشوور، هەروەها ئەو دەرفەتەی کە ڕێبەر ئاپۆ بە هێز و تێکۆشانی خۆی لە لوبنان و سوریا ئافراندبووی. لەلای زۆر کەس و لایەنی سیاسی و چەکداریش خەیاڵ بوو کە چۆن دەکرێ شەڕ لەدژی داگیرکەری تورک بکرێت، بەڵام لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤ بە فەرمانداریەتی فەرماندەی ئەفسووناوی مەعسوم قۆرقماز"عگید" شەڕی چەکداری بەسەرکەوتوویی دەستپێکردبوو. لە پەرتووکی مێژووی پەکەکەدا هاوسەرۆکی کەجەکە هەڤاڵ جەمیل بایک دەڵێت؛ "ئیدریس بارزانی پێی گوتین چۆن دەبێ لە دژی سوپای تورکیا شەڕ دەستپێبکەن، ئێمە لەناودەچین"، واتا پەکەکە شەڕی دەستپێکردبوو، بەڵام سەرکردایەتی پەدەکە زراوی چووبوو. لەناو بێ ئەزمونی و نەبوونی کەمترین دەرفەت، شەڕ دەستی پێکردبوو و قۆناخ بەقۆناخیش بەرەوپێشەوە دەچوو، ئەنجام بە دەستپێکردنی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە باکوور و باشوور، دەرگا لەبەردەم بەشداربوونی نوێکرایەوە لە شار و شاخ. ئەمەش هۆکاربوو لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ تاکو ١٩٩٤ ژمارەی گەریلا بۆ زیاتر لە ١٠- ٢٠ هەزار گەریلا بەرزبووە و لەگەڵ سەدان هەزار لە لایەنگر و دۆست و ئەندام و خەباتکار.

کاتێک دوژمن دەرفەتی چارەسەریان لەسەردەمی تورکۆت ئۆزاڵ لەباربرد، بۆیە بەگۆڕینی دەسەڵات و هێنانە سەرکاری ڕژێمی تانسۆ چیللەر و سلێمان دیمێراڵ دەستیان بە ئۆپەراسیۆن و هێرشی داگیرکەری کردبوو، بەڵام ئیتر شۆڕشی کوردستان گەیشتبووە ئاستێک گەڕانەوەی بۆ دواوەی نەبوو. ویستیان بە ڕێککەوتنی دبلن لە ئیرلەندا خولێکی نوێی شەڕ بە پەدەکە و یەنەکە دەستپێبکەنەوە، بەڵام بە وشیاربوونی خۆی پەکەکە بەرلەوان گورزێکی لێوەشاندن. بۆیە یەنەکە نەچووە ژێرباری ئەو شەڕە لە ئەیلولی ١٩٩٥، " پەرتووکی دیداری تەمەن ج.تاڵەبانی ئەمەی بەڕاشکاوی باسکردووە". ئەنجام پەدەکە نەیتوانی ئەنجام بگرێ و ناچار ما ڕێککەوتنێکی زارەکی لە هەولێر لەگەڵ پەکەکە لە ١٩٩٦ پەسندبکات. بەکردنەوەی کەناڵی ئاسمانی مەد تیڤی و بەرفرەوان بوونی پەکەکە لەلایەنی سیاسی و جەماوەری باری گەریلای تائاستێک سووک کرد، بەڵام دەوڵەتی تورک و پەدەکە لە دوژمنایەتی کردنی پەکەکە نەوەستان و ئۆپەراسیۆنی ١٤ی مایسی ١٩٩٧ یان ئەنجامدا لە بادینان و پاشان بەرەو هەولێر هاتن و کۆمەڵکوژیان لە هەولێر ئەنجامدا و نزیکەی ٨٠ کادیر و ئەندام و دۆست و خەباتکاری بزووتنەوەی ئاپۆیان کۆمەڵکوژ کرد و تائێستا گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان لەلایەن پەدەکەوە ئاشکرا نەکراوە. ئەو شەڕ و دوژمنایەتیە تاکو ساڵی ٢٠٠١ بەردەوامبوو، چونکە قۆناخی شەڕی ساڵی ٢٠٠٠یش هەیە کە لەلایەن یەنەکە و دەوڵەتی تورک و ئێران لە قەندیل ئەنجام درا و بە تێکشکانی یەنەکە کۆتایی هات.

ڕەخنەی ڕێبەر ئاپۆ پێویستە لەو قۆناخە بەو شێوەیە تێبگەین، دەکرا هێزی خۆمان گەورەتر بکەین و زیاتر لە سەد هەزار گەریلا لە کوردستان دروستبکەین و بەزەبری هێز دوژمن بێنینە چارەسەری یان حکومەتی شەڕ دروست بکەین کە ڕێنمایی ساڵی ١٩٩٣ و کۆنگرەی پەکەکەی پێنجەمین لە ١٩٩٥ بوو.

چونکە زۆربەی زۆری هەرێمەکانی بۆتان و بادینان و ئامەد و گارزان و بەشێک لە سەرحەد لەژێر دەستی گەریلا دابوون، گەریلا بە دە هەزار کەسەوە ئەو هەرێمانەی دەپاراست. یان ئەوەتا زیاتر لەپرۆژەی سیاسی قووڵ ببایەوە و کێشەکانمان بە سیاسی چارەسەر بکردبووایە، بەڵام ئەوا دوژمن بوو بۆ پرۆژەی چارەسەری سیاسیانە ئامادە نەبوو، بۆیە ئەو شەڕەی لە ۱۹۹۳ تاکو ۲۰۰۱ بەڕێوەچوو، دەبێ وەک رزگار کردنی شۆڕش لە لەناوچوونەوە ببیندرێت. رێبەر ئاپۆ خۆی فەرماندارىەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی گەریلا بوو، بێگومان ئەو لە هەموومان باشتر بارودۆخی شەڕ و گۆڕانکارییەکان تێدەگەیشت، بۆیە دووبارە سازکردنەوە و قۆناخی نوێش دوای ۲۰۰۱ دیسان بە رێنماییەکانی رێبەر ئاپۆوە ئەنجام دراوە. تاکو ئێستاش واتا ۲۰۲۰ زۆربەی هەرێمە شاخاوییەکانی باکوور لەژێر دەستی گەریلا دایە، بەڵام دەبێ کۆرگێڕ و ئەو کەسانەی ئاگاداریان کەمە لە شەڕی گەریلایی، پەکەکە شەڕی گەریلایی دەکات نەک شەڕی بەرەیی و نمونەی پێشمەرگایەتی، چونکە گەریلا دەتوانێ بەهێزتر گورز لە سوپایەکی نیزامی بدات. ٤- پێشکەوتنی شۆڕشی کوردستان لە باکوور و باشوور و تێکچوونی هێرش و ئۆپراسیۆنی پاییزی ۱۹۹۲ ، هەروەها رژێمی کودەتای ۱۲ی ئەیلول دەوڵەتی تورکیای تەنگەتاو کردبوو، بۆیە تورکۆت ئۆزاڵ کە سەرۆکایەتی پارتی نیشتمانی دایکی دەکرد، بۆ جاری دووەم پارتەکەی لە هەڵبژاردنی ۱۹۹۱ بەسەرکەوتبوو، ئەمجارەیان ئۆزاڵ وەک سەرۆک کۆمار هاتبووەوە سەر دەسەڵات. ئۆزاڵ مەبەستی بوو تورکیا لە قەیرانی سیاسی و ئابووری رزگار بکات، هەروەها پرسی کوردیش لەچوارچێوە و رێنمایی ئەودا رێڕەوی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەمەش دەستپێشخەری کرد لە رێگای رۆژنامەوانی دەوڵەت جەنگیز چاندار و خۆگەیاندن بە ج.تاڵەبانی. مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بڵێت کە ج.تاڵەبانی رۆڵی خۆی گێڕا و قۆناخێکی دەستپێکرد، بەڵام تورکۆت ئۆزاڵ نەیتوانیبوو هێزەکانی ناوخۆی وەک ئەرگەنەکۆنچی و حیزب و کۆنترا و ژیتەم و میت کۆنترۆڵ بکات، بۆیە سەرەتا بە کوشتنی ئەشەرەف بەدلیسی فەرماندارى جەندرمە دەستپێکرا و پاشانیش بە بەختیار ئایدن و چەند کەسایەتیەکیتر کە لایەنگری رێبازی ئۆزاڵ بوون بۆ چارەسەری، بەکوشتنی ئۆزاڵیش قۆناخەکە کۆتایی پێهات. خەتیب دیجلە کە ئەوکات پەرلەمانتاری هەپ بوو لەسەر داوای ئۆزاڵ بەرەو دیمەشق دەچوون، دەڵێت؛ "ئێمە لە رێگای دیمەشق بووین دەچووین بۆلای رێبەر ئاپۆ لە رێگا گوێمان لە رادیۆ گرت گووتیان ئۆزاڵ بە جەڵتەی دڵ مرد، دەڵێ کە رێبەر ئاپۆمان بینی، رێبەر ئاپۆ گووتی، ئۆزاڵیان کوشت". لەناو پەکەکەش شەمدین ساقق دەرکەوت کە خۆی فرۆشتبووە دوژمن، ئەویش بەدەست و پیلانی رێکخستنێکی شاراوەی بەناوی "ژیتەم" لە رێگای فەرماندارەکەیان بەناوی "مەحمود یەشیل" لە هەرێمی بینگۆڵ ۳۳ سەربازی بێ چەکی کوشت کە دەچوونەوە ماڵەوە بۆ مۆڵەت، ئەویش گورزێک بوو لە قۆناخەکە وەشێندرا، بەڵام رێبەر ئاپۆ هەر زوو گووتی ئەو چالاکیە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بۆ ئەمەش شەمدینی لە ئەرک گرت و دادگایی کرد. شەمدین ساقق لە رێگای پەدەکەوە لە ریزەکانی شۆڕش رایکرد و خۆی رادەستی دوژمن کردەوە لە بەهاری ۱۹۹۸.

لە تورکیا گرنگە دەرگای چارەسەری بکرێتەوە و سیستەمی شۆڤێنزمی دەوڵەت – نەتەوەی نکوڵیکار و توانەوە و ئاسیملاسیۆن و ژینۆسایدکار کۆتایی پیبهێندرێت، بۆیە لەناولێنان زیاتر کردار و نزیکایەتی بۆ پرسەکە مەرجە. هەرچەندە هەوڵ و پرۆژەی ئۆزاڵ هەبوایە و ناوەندگیری ج.تاڵەبانیش هەبوایە، ئەگەر ئامادەگی و پێشوازی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە نەبووایە و ئاگربەستی رانەگەیاندبووایە، ئەوا نەدەتواندرا هیچ شتێک بکرێت، چونکە ئێمە چەندین نمونەی بەو شێوەیەمان لە جوڵانەوە چەکدارییەکانی باشووردا هەبووە لە سەردەمی ع.قاسم و سەردەمی قەومیەکان و بەعسیەکانیش، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنی کوردی ئامادەگی

نەبووە بۆیە نەتواندراوە لەو دەرفەتانە سوودمەند بین. ٥- پەکەکە و رێبەر ئاپۆ هیچ هاوپەیمانیەتیەکی فەرمیان لەگەڵ رژێمی سوریا نەبووە تا کۆتایی پێیێ، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٨ دوای رێککەوتنی واشنتۆن، لە رێگای حوسنی موبارەکەوە ئەمریکا تەنگی بە رژێمی ئەسەد هەڵچنی بۆ ئەوەی رێبەر ئاپۆ لە سوریا دەرکەوێت، ئەویش وەک دەستپێکردنی پیلانگێڕی بەناو دەکرێت، رێبەر ئاپۆش حوسنی موبارەک بە فیرعەونەکانی میسر دەچوێنێت. لەناو هەلومەرجی ساڵانی هەشتا و نۆوەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەوڵەتی سوریا، دەرفەتی دروست کردبوو تاکو رێبەر ئاپۆ بتوانێ لەو هەرێمە هەندێک دەرفەت بۆ شۆڕش دروست بکات. ئەنجام توانی بە لێهاتوویی خۆی ١٨ ساڵ لە نێوان سوریا و لوبنان سیاسەت بکات و دەسکەوتی گەورە بەدەستبخات، رێبەر ئاپۆ لە پەرتووکی پێنجەمیدا دەڵێت،" لە سوریا لەسەر پشتی شێر سیاسەتم کردووە، پەیوەندیەکانیشمان لەگەڵ سوریا زیاتر لە رێگای عبدولحەلیم خەدام و جەمیل ئەسەد بوونە، ئەوانیش لە چوارچێوەی دۆستایەتی دابووە، واتا فەرمی هیچ پەیوەندیەکمان نەبووە". رێبەر ئاپۆ بەدەرچوونی لە سوریا دەڵێت، " لەبەر ئەو دۆستایەتیەی کە ماوەی ١٨ ساڵ بوو لە سوریا هەمبوو، نەمویست لەبەر من زەحمەتیان بۆ دروست ببێت، دوو رێگام لەبەردەم بوو، یان بچمە شاخ و ئاگری شەڕ گوڕبکەم، یان بچم بەرەو ئەوروپا و لە دەرگای چارەسەری دیموکراتیانەی ئەوروپا بدەم، لە ئەنجامی باوەڕکردنم بە دۆستە ساختەکانم بۆیە کاروانی هات و نەهاتی ئەوروپام گرتەبەر، ئەنجام بە پیلانگێڕی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ تەواوبوو".

کۆرگێڕ لێرەدا لە هەڵەیەکی گەورەدایە، ئەویش لێکچواندنی پەکەکە و پەدەکەیە، هەمانکات رێبەر ئاپۆ و م.بارزانیە. تەنها لەیەک بابەت لەیەکتر دەچن و ئەویش هەردووکیان کوردن و رووبەڕووی پیلانگێڕی بوونەتەوە، وەکوتر هیچ لێکچونێکیتر نییە. رێبەر ئاپۆ و پەکەکە نە شکستیان پەسند کردووە و نە خۆیان رادەستکردووە و نە دەستبەرداری خەبات و تێکۆشان بوونە. ئەگەر رێبەر ئاپۆ و پەکەکە وەکو م.بارزانی و پەدەکەیان بەسەر بهاتبووایە، ئەوا کۆرگێڕ دوای ٢٢ ساڵ لە پیلانگێڕی نێونەتەوەیی نەدەهات لەسەر گۆڕانکارییە هزریەکانی رێبەر ئاپۆ و تێکۆشانی پەکەکە کۆڕێک بگێڕێت، بۆیە پێویستە بزانێت ئەوا ئەنجامی بەرخودان و تێکۆشانی رێبەر ئاپۆ و پەکەکەیە کە ئەمڕۆ گەلی کورد و گەلانیتر دەتوانن هەناسەیەک بدەن و تروسکایەکی ئازادیش هەبێت، ئەگەر پەکەکە و رێبەر ئاپۆ نەبوونایە ئەرێ کەسیتر هەبوو و هەیە لەبەرامبەر داگیرکەری تورک سیاسەت و شەڕ بکات، هەمانکات کەسیتر هەبوو لە باشوور و لە رۆژئاوا رووبەڕووی چەتەکانی داعش بووەستێتەوە؟. بۆیە زۆر نادادپەروەری و ناڕەوایە کە کەسایەتیەکی وەک کۆرگێڕ کەخۆی بە دژە پەدەکە بەناو دەکات، بەڵام بزووتنەوەی ئاپۆیی دەخاتە هەمان تای تەرازووی پەدەکە و م.بارزانیەوە.

کۆرگێڕ دەڵێت، دەبووا پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٣ چەکی دانابوایە، بەڵام ناڵێت لەبەرامبەر چی؟ دەوڵەتی قووڵ لە تورکیا دەرفەتی ژیانیان نەدا بە تورکۆت ئۆزاڵ، چونکە ناوی پرسی کوردی هێنابوو کە سەرۆک کۆماری خۆیان بوو، ئایا ئەگەر پەکەکە چەکی دانابوایە ئێستا شتێک هەبوو کۆرگێڕ لە باکووری کوردستان و تورکیا قسەی لەسەر بکات؟، ساڵی ١٩٩٣ پەدەکەی ئێران و کۆمەڵە چەکیان دانا و هاتن لە باشوور کامپ نشین بوون، ئایا هیچ پێشکەوتنێک لە خەباتی رۆژهەڵات دروستبوو؟، ئەو داواکارییەی کۆرگێڕ داواکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و پەدەکە و تورکیا بوو لە ساڵی ١٩٩٢، ئەی شەڕی ١٩٩٢ بۆچی دروستبوو، چونکە پەکەکە ئامادەنەبوو چەک دابنێت، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی کۆرگێڕ و ئەو هێزانەی هێرشیان کردە سەر پەکەکە لە ١٩٩٢ جیاوازیان نییە. دۆزی فەلەستین و کورد جیاوازە،

لەلایەکیتریش ئەوان لە ئەنجامی گفتوگۆیەک لە ئۆسلۆ گەیشتنە هەندێک ئەنجام، بەڵام دەوڵەتی تورکیا و ئەمریکا هیچ مێزێکی گفتوگۆیان ئامادە نەکردبوو، تاکو رێبەر ئاپۆ و پەکەکە لێیان راکردبێ، رێبەر ئاپۆ ئاگربەستی درێژکردەوە، تورک ئۆزالیان کوشت، ئەوکات لەبەرچی و بۆکێ چەک دابنێت، ئەمە هیچ لۆژیکێکی نییە. دواتر دۆخی فەلەستین و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین "فەتح" دەبینین چۆنە، کە ناتوانن هیچ هەنگاوێک بنێن و بوونەتە دیلی دەستی ئیسرائیل و حیزبوڵلا و حەماس. ٦- وەک چۆن سوریا و پەکەکە هیچ هاوپەیمانەتیەکیان نەبووە، بەهەمان شێوە رێبەر ئاپۆ و حافز ئەسەدیش هاوپەیمانەتیان نەبووە، خۆ ئەگەر هەبووایە لەوانەیە باشتر بووایە، بۆ ئەوەی گەلی کورد بیتوانی بووایە کۆمەڵێ دەسکەوتیتر بچنێتەوە. دواتر ئەسەد بۆ تەواوی بزووتنەوەی کوردستانی بە شیوعیەکانیشەوە زۆرترین یارمەتی و پاڵپشت بووە. لەوانەیە ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵاتی سوریا نەبووایە، یان رژێمێکی وەک بەشاری کوڕی بووایە، لەوانەیە جوڵانەوەی کوردی لە باکوور و باشوور بەو خێرایە بەرەوپێشەوە نەچووبوایە. لەکاتی کۆچی دوایی ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر راسپاردەی ج.تاڵەبانی ئیدارەی سلێمانی لەهەموو فەرمانگە رەسمی و قوتابخانەکان خولەکێک رێزگرتنیان بۆ حافز ئەسەد گرتووە و ئاڵایان بۆ داگرتووە. خۆزگە هەموو دۆستەکانی کورد وەک حافز ئەسەد بوونایە، لەوانەبوو کێشەی کورد تا ئەمرۆ درێژی نەکردبووایە. بەبێرێزییەوە کۆرگێر دەڵێت، " دەرکردنی ئۆجالان لە سوریا"، لەهەموو بەڵگە نووسراو زارەکیەکانی رێبەر ئاپۆ و پەکەکەدا نەهاتووە کە سوریا بە رێبەر ئاپۆیان گووتبێ دەبێ لێرە برۆیت، رێبەر ئاپۆ دەڵێت، "هەستم کرد ئیتر رۆڵی سوریا بۆ خزمەتکردنی شۆڕشی کوردستان تەواوبووە و بەرگەی هێرشێکیش ناگرێت کە ئەمریکا و تورکیا بیکەنە سەری و بە وەفاداریم بۆ ئەو ١٨ ساڵی مانەوەم لەوێ، هەروەها ئەو بارودۆخەی بە کۆکردنەوەی هێز لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە و هەڕەشەی داگیرکردنی سوریا، بۆیە بەچاکم زانی سوریا بەجێبێڵم". ئیدی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی، هێرش و ئۆپەراسیۆنێکی هەروا ئاسان نەبوو کە بتوانی هەر لەسەر مەیل و هەوەسی جارانی خۆت بمێنیتەوە، دەبوو هێزێکی هزری و رێباز و ئیرادەیەک هەبێ بۆ گۆڕانکاری، تاکو ئەو شاڵاوەی بەناوی پیلانگێڕی هاتووە بەهەمان شکەستی م.بارزانی دووبارە نەبێتەوە. راستە قۆناخێک لەناو زەحمەتی و دژواری و کەمی هیواوە دەستپێکرد، بەڵام بەهێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی پەکەکە و بەهێز و بیرمەندی رێبەر ئاپۆ تواندرا لە کۆماری دیموکراتیەوە دەرچەیەک بدۆزرێتەوە و شۆڕشی کوردستان بگەیەندرێتە ئەمرۆ. بۆیە رێبەر ئاپۆ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ گووتی، "یارمەتیم بدەن بەقەد نوکی دەرزی تروسکایەک دەبینم، باپێکەوە ئەو تروسکایە بکەینە تیشک و رۆژێک بۆ گەلی کوردستان و ئازادیخوازان"، دوای ٢٠ ساڵ لەو گۆڕانکاریانە ئەنجامەکانی ئەمرۆ بەردەستن و چ هیوا و ئومێدێکی لەناو گەلی کوردستان و ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دروست کردووە. ٧- بۆ یەکەمجار فەراهەمبوونی خەباتی مەدەنی و سیاسی و بەشداری کورد لە رێگای HEPوە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە پایزی ١٩٩١دا. پێشکەوتنی شۆڕشی کوردستان لە باکوور و تەنگەتاو بوونی دوژمن، ئیدی دەتواندرا لەسەر هەندێک دەرفەتی تریش کار بکرێت، دوای ئەوەی لەئاستی کۆنفرانسێک لە ئەنستیتۆی کوردی پاریس گفتوگۆیەک بەڕێوەچوو بوو سەبارەت بە دۆزی کورد لە تورکیا بۆ کۆمەڵێک لە کەسایەتی و رۆشنبیر، هەروەها ئەو دەرفەتەی کە دەکرێ لەناو یاسا و دەستووری تورکیا هەندێک جموجۆڵ بکرێت، ئەو جەماوەرەی کە لە دەوری رێبەر ئاپۆ و پەکەکە کۆببووەوە پێویستی بە شێوازێکیتری کارکردن هەبوو. بۆیە کەسایەتیەکانی وەک مەحمەد سنجار و ئورهان دۆغان و خەتیب دیجلە و ئەحمەد تورک و لەیلا زانا و سەلیم سادق و هەزارانی تر شانیان دایە بەر قۆناخێکی نوێ لەتێکۆشان، بە

ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ پارتی سەهەپە ئەنجامدرا بەسەرۆکایەتی موراد قەرەیاڵچن، نوێنەرانی کورد بەناوی سەهەپەوە چوونە پەرلەمان، ڕێبەر ئاپۆ لە بیقاع لەگەڵ پەرلەمانتاران کۆدەبێتەوەو ڕێنماییان پێدەدات، تاکو سوێند بە کوردی بخۆن و ڕەنگی زەرد و سوور و سەوز بهەژێنن، ئەمەشی وەک چالاکیەکی دیموکراتیانەی بەناوکرد و گەلی کورد ماوەی دە ساڵ سیاسەتی لەسەرکرد. واتا ئەوە ڕێبەر ئاپۆ بوو ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ سیاسەتی کوردی لە تورکیا، شەهیدانی وەک محەمەد سنجار و ویداد ئایدن و ئەدیب سۆنمەز و هەزارانیتریش بەشانازیەوە لەدەورەی کۆبوونەوە، ئەمڕۆش ئەو تێکۆشانە بە هەدەپە و دەبەپە بەردەوام دەکات و خاوەن ٦٠ ئەندام پەرلەمانە لە پەرلەمانی تورکیا و ٦٥ هاوسەرۆک شارەوانی بەدەستخستبوو لە پرۆسەیەکی داگیرکەری بەناوی قەیوم ٤٥یان داگیرکراون، لەگەڵ هاوسەرۆکانی خولی دەربازبووی هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیغەن یوکسەک داغ زیاتر لە ١٠ پەرلەمانتار و بەهەزاران لە هاوسەرۆک شارەوانی و ئەندام و خەباتکارانیان لە زیندانەکانی دەوڵەتی فاشستی تورک دان. ٨- ڕاستە ڕێژەی دانیشتوانی گەلی کورد لە تورکیا لەئێستا خۆی لە نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەس دەدات، ئەو ڕێژەیەش شەش ملیۆنی دەنگ بە هەدەپە دەدات، لەژێر سەخترین بارودۆخ و زۆرترین دوژمنایەتی و نالەبارترین و ناهەوسەنگترین پێشبرکێی هەڵبژاردنیدا، ئەگەر لە دۆخێکی ئاسایی و بە دەرفەتی هاوسەنگیی، زیاتر لە ١٠ تاکو ١٥ ملیۆنیش دەنگ بە هەدەپ و ڕێکخستنی خۆی بدات، واتا ئەمڕۆ ئەوانەی لەبەرەی دووژمنن لەو ئاستەدا نین کە بڵێین بۆچی گەلی کورد لەگەڵ تێکۆشانی ئازادی دا نییە. ڕێبەر ئاپۆ لە بەرگریکردن لەگەلێکدا دەستەواژەی " گەلی سەرکەوتنمان دروست کردووە" بۆ باکووری بەکارهێنا، سەدەرسەد ڕاستە. لەکاتی کۆکردنەوەی واژۆش بۆ ئازادی ڕێبەر ئاپۆ لە ٢٠١٣دا زیاتر لە هەشت ملیۆن واژۆ بۆ ڕێبەر ئاپۆ لە باکوور و تورکیا کۆکرانەوە، ئەو ڕێژەیش بە دزی و دەستاو دەست کۆکراوەتەوە، ئەگەر بەئازادی بوایە ئەوا دوو تا سێ قاتی ئەو ژمارەیە واژۆیان دەکرد. وتەیەکیتری ڕێبەر ئاپۆ هەیە ئەویش بۆ ڕێژەی دانیشتوان بەکارهێنانی زۆر ڕاستە دەڵێت، " گەل چەندەی ڕێکخستن کرابێ ئەوەندە هی شۆڕشە، ئەگەر بەڕێکخستن نەکرابێ بەکەڵکی چی دێت". ئەمەشیان زۆر ڕاستە. نمونە نزیکەی دوو ملیۆن کورد لە بەغدا و موسڵ هەیە، بەڵام لە ئێستا کوردانی بەغدا لەجیاتی دەنگ بە کورد بدەن، دەچن دەنگ بە سەدر و حەکیم و مالیکی و عەبادی دەدەن. بۆیە لەسەر هەموو کەس و لایەن و ڕێکخستنێک ئەرکە لەپێناو بەڕێکخستن کردن و هیوا دروستکردن و کۆکردنەوەی گەلی کورد لەدەورەی یەکتر، ئەرکی نیشتمانی و ئەخلاقی و ویژدانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش بە هزری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوە ناکرێت، بەڵکو هزر و ڕێبازی ئەو لەیەکتر کۆکردنەوەیە مۆدێرنیتەی دیموکراتی و نەتەوەی دیموکراتیە.

**کورگێڕ قۆناخی دووەم:** ١٩٩٩ تا ٢٠٠٢\ ٢٠٠٥ ، ئەم قۆناخە بە "کۆماری دیموکراتیک" دەستپێکردووە و لەکاتی دەستگیربوونی ئۆجالان، تاکو دەستگەیشتنی ئۆجالان بەنوسراوەکانی مۆرای بۆکچین، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بەنووسراوەکانی مۆرای بوکچین گەیشتووە و هەر زوو کاریگەری ئەم نووسراوانە بووە هۆی ئەوەی ئۆجالان لە ساڵی ٢٠٠٥دا بانگێشەی دروشمی "کۆنفیدراڵی دیموکراتی" بکات.

- ✓ **وەڵامی دوازدەیەم:**

گۆڕانی ستراتیژ و دیاریکردنی ستراتیژێکی نوێ لە ژێر هەلومەرجی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی و بڕیاری لەسێدارەدان و زیندانی تاکەکەسی لە دوورگەیەکی ناو دەریا، لەپێناو پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەو

پیلانگێڕییە و بڕیاری سێدارەیە، هەمانکات بەردەوامکردنی تێکۆشان گرنگ بوو، لەسەر ئەو بنەمایە دەستپێکردن بەقۆناخێکی نوێ لەتێکۆشان هەروا ئاسان نەبوو. ئینجا ئیرادەیەکی بەهێزی وەک ڕێبەر ئاپۆ دەیتوانی لەو قۆناخەدا ڕێگایەک بدۆزێتەوە لەنێوان تەسلیم بوون و بەرخودانیەکی قەبە، ڕێگای سێیەم هەڵبژێرێت، ئەمەش بووە هۆکار ڕێبەر ئاپۆ ڕێبازی تێکۆشانی بۆ کۆماری دیموکراتی هێنا گۆڕێ وەک سەرەتایەک. دوای نووسینی بەرگرینامەی لە دەوڵەتی راهیبی سومەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراتی لە ساڵی ٢٠٠١، کە لە دوو تویێ دوو بەرگی پەرتوکێک کەوتنە بەردەستی هەڤالان، ڕێبەر ئاپۆ شیکارێکی نوێی بۆ تەواوی مێژوو و فەلسەفەی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگە و ئایینەکان و شێوازەکانی تێکۆشان کرد، بەرگێک لەم پەرتووکە تایبەتە بەشێوازی چارەسەری کێشەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان. بە وەڵام دانەوەی ئەرێنی لەلایەن پەکەکەوە بۆ پرۆژەکانی ڕێبەر ئاپۆ، ئەمەشی وایکرد ڕێبەر ئاپۆ هەنگاوەکانی بەتینتر بکات و لەهەر دەرفەتێکدا خەرمانەکەی زیاتر بکات، بۆ ئەمەش لە بەرگرینامەی ئورفەدا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ ئایین پێشکەشکرد. لە بەرگرینامەی کوردی ئازاد ناسنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیموکراتە لە ٢٠٠٣، قۆناخێکی نوێتری دەستپێکرد و وەک سەرەتایەک دەناسرێت بۆ گۆڕانکاری و داڕشتنی بنچینەکانی پارادایمی نوێ. لە ٢٠٠٤ بە ناردنی بەرگرینامەی بەرگریکردن لە گەلێک، ئیدی پرسە هزری و فەلسەفیەکان روونتر دەبوونەوە، هەمانکات لێکجیابوونەوەشی لە دەوڵەت و دەسەڵاتی لەگەڵ خۆی هێنا و تەواوی بزووتنەوەی ئاپۆیشی زەلال کرد، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەم بەرگرینامەیەش تەسفیەکاران و خیانەتکارانی وەک فەرهاد و بۆتان نەیانتوانی کارە تەسفیکاریەکانیان بەردەوام بکەن و رایانکرد بۆ باوەشی ئەمریکا لە موسڵ و دواتریش لە سلێمانی و هەولێر پەنادران. هەر لە ٢٠٠٤ لە رۆژی یەکی حوزیران هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان "هەپەگە" قەڵەمبازی دووەمینی شەڕی چەکداری دەستپێکردەوە، گەریلا لەماوەیەکی کەم لەتەواوی هەرێمەکانی باکووری کوردستان جێگیرکران و دەستیان بەشەڕ کردەوە، لەناویشیان دوو شەهید باشووری کوردستان هەیە بەناوەکانی کارکەر جوانڕۆ و ئۆرهان سلێمانی، هەروەها گەنجان و لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو قەڵەمبازەدا بەشداریان کرد. ساڵی ٢٠٠٥ ساڵێکی مێژووییە، چونکە دوو راگەیاندنی گەورەی لەخۆوە گرتووە، یەکەم راگەیاندنی سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی لە رۆژی نەورۆز، هەروەها دووبارە رێکخستنەوەی پەکەکەی نوێ بوو، لەژێر رێنماییەکانی بەرگرینامەی بەرگریکردن لە گەلێک و هەروەها چاوپێکەوتنە حەفتانییەکانی کە لە رێگای پارێزەرەکان لەگەڵ رێبەر ئاپۆ ئەنجام دەدران.

پەکەکە وەک پیشەی بەردەوامی زۆرترین گفتوگۆ و کۆنگرە و کۆنفرانس لەناویدا ئەنجامدراون، لەماوەی پێنج ساڵدا پەکەکە سێ کۆنگرەی ئەنجامداوە، لەگەڵ دوو کۆنفرانس، هەروەها دوو دانیشتنی کۆنگرەی گەل، لەگەڵ سێ کۆنگرەی تایبەتی رێکخستنەکانی ژنان. بێجگە لە کۆنگرەی رێکخستنەکانی پارچەکانی کوردستان، لەگەڵ کۆنفرانسی هێزەکانی پاراستنی گەل "هەپەگە". هەروەها زۆرترین خولی پەروەردەی کادیران لە ئەکادیمیاکان، زۆرترین خوێندنەوە و بەدواداچوون لە چەپ و سۆسیالیستەکانەوە تا دەگاتە ئەو پەڕی راست لە فۆکۆیاما و هینتینگتۆنەوە تا لێکۆڵینەوە لەسەر ئایین و باوەڕییەکان، لەناو ئەوانە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر فەیلەسوفەکانی ئەنارشیست و ئەکولۆژیست و سەرلەبەری خاوەن هزرە نوێکان کراوە، بۆیە رێبەر ئاپۆ و پەکەکە چ کاتێک و لە چ قۆناخێکدا خۆیان پەیوەست نەکردووە بە فەیلەسوفێک یان ئاراستەیەکی فیکری، چونکە رێبەر ئاپۆ و پەکەکە خاوەن ئەزموون و هزر و باوەڕی خۆیانن. رێبەر ئاپۆ دەڵێت، ئێمە بەخۆمان، خۆمان و هزر و رێکخستنی خۆمانمان بونیادناوە. بۆیە تا ئەو

ئاسته پابەند نەبووە بە مارکس و لینین کە نەتوانێ رەخنەیان بکات، جا بەو ئاستەی پابەندبێ بە بوکچین کە هەموو بنەما هزریەکانی لە چوارچێوەی ئەو دابڕێژێت، لەسەرەوەش دیارمان کرد روانینی رێبەر ئاپۆ سەبارەت بە سەرجەم ئەنارشیستەکان چییە و رەخنە و کەموکوڕیەکانیشیان چییە.

سەبارەت بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بۆ رێبەر ئاپۆ و پەکەکە تەنها دروشم نییە، بەڵکو سیستەمی بونیادنانی کۆمەڵگە و رێکخستنی کۆمەڵگەیە، هەروەها مۆدێلی ئەمڕۆ و داهاتووی پەکەکەیە بۆ رێکخستنکردنی کۆمەڵگە، هەمانکات شێوازی چارەسەری ئەمڕۆکەیە، واتا ئەمڕۆ لەم ساتەدا دەمانەوێ چۆن کێشە و پرسەکان چارەسەر بکەین، وەڵامەکەی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتییە. بۆ ئەمەش کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کە ئێستا لە کۆما جڤاکێن کوردستان "کەجەکە" بەڕێکخستن کراوە، لەسەر ئەو بنەمایەش پەیماننامەیەک هەیە کە لەسەر بنەمای رێککەوتن لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی کۆنگرەی گەل رەزامەندی لەسەر نیشاندراوە، هەروەها دیاری کردنی رێژە بۆ سەرجەم کوردان لە هەر پارچەیەک و لەدەرەوەی وڵات، هەروەها هەموو پێکهاتەکانی رێکخستنی بزووتنەوەی ئاپۆیی و بە تایبەت بوونی رێکخستنی ژنان. ئەنجام هاوسەرۆکانی کۆنگرەی گەل و هاوسەرۆکانی کەجەکە و ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کەجەکە هەڵدەبژێردرێن کە دەبنە هێزی جێبەجێکار، رێبەر ئاپۆش وەک رێبەری سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی هەڵدەبژێردرێت کە رێبەرایەتی بۆ سیستەمەکەی دەکات، بەهەبوونی حەوت جێگر لەهەر پارچەیەک هەڤاڵێک لەگەڵ نوێنەرایەتی ژنان. لەهەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات رێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیە، لە بەرگرینامەی پێنجەمیندا کە رێبەر ئاپۆ تایبەتی کردووە بە چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد، بۆ ئەمەش سیستەمەکەی دەوڵەمەندتر کرد بە نۆ رەهەندی نەتەوەیی دیموکراتی بەناوی کرد و گووتی: لەبەرامبەر دەوڵەت – نەتەوەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، نەتەوەی دیموکراتی وەک شێوازی چارەسەری پرسی نەتەوەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە، بۆ بەڕێکخستن بوونیشی نۆ رەهەندی بۆ دیاری کردووە.

**کۆرگێر قۆناخی سێیەم: ٢٠٠٥\٢٠٠٢ --- تا ئێستا:** ئەم قۆناخە لە "کۆنفیدراڵی دیموکراتی" مۆرای بوکچینەوە دەستپێدەکات و تا ئێستا بەردەوامە.

**تێبینی کۆرگێر:** هێڵێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان ئەم سێ قۆناخەدا بوونی نییە، بەڵکو سنوورێکی تەماوی و تێکهەڵکێش لەنێوان قۆناخەکاندا هەیە ( قۆناخەکان تێکەڵی یەکتر دەبن).

✓ **وەڵامی سێزدەمین:**

لە ٢٠٠٥وە سەرەتای دەستپێکردنی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دەستپێکرد، وەک بەردەوامیەک لە ستراتیژی چارەسەری دیموکراتیانە، لە ٢٠٠٧ بەهەندێک گۆڕانکاری سیستەمی کەجەکە بەردەوامی بەخۆیدا، لەساڵی ٢٠١٣ گۆڕانکارییەکان بەردەوام بوون بەسوود وەرگرتن لە پێنجەمین پەرتووکی لە زنجیرە پەرتووکەکانی شارستانی دیموکراتی، کە تایبەت کراوە بە چارەسەری کێشەی کورد لەسەر رێبازی نەتەوەی دیموکراتی، ئەمەش لەگەڵ خۆی رێنمایی بەهێزترکرد لە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا. لەوانەیە لەبەر بارودۆخی ئەو شەڕەی دوژمنی داگیرکەری تورک سەپاندوویەتی نەتواندرابێ لەهەموو بوارەکان سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بونیادنرابێ، بەڵام ئەوە ناکەتە ئەوەی کە سیستەمی کۆنقیدرالیزمی دیموکراتی و رەهەندەکانی نەتەوەیی دیموکراتی وەڵامدەرەوە نەبن، بەڵکو

پێویستیان بە تێکۆشانی زیاتر هەیە لەپێناو ئەوەی بتواندرێت سەرجەم کۆمەڵگەی لێ کۆبکرێتەوە، رەهەندەکانی نەتەوەی دیموکراتی بەتەواوی جێگرەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی دەوڵەت – نەتەوەیە، بۆیە رێنمایی رێبەر ئاپۆ خۆی قەتیس نەکردووە لە پرۆژە و بەرنامەی بوکچین و یان هەریەک لە بیرمەندان و فەیلەسوفانی تر لەو بارەشەوە پەیوەست بە هەموو ئەو بیرمەندانەی کە رێبەر ئاپۆ لێیان سوودمەندبووە بەو شێوەیە سەرەنجی خۆی باس دەکات: هەموویان رەخنەی زۆریان کردووە، رەخنەکانیشیان بەگشتی راستن بۆ سیستەمی سەرمایەداری، بەڵام ئەوەی من جیادەکاتەوە لەوانیتر ئەویش من مۆدێرنیتەی خۆم داناوە، تەنها بە رەخنەکردنەوە نەوەستاوم، بەڵکو ئەلتەرناتیفم بۆ سیستەمی هەژموونگەرای مۆدێرنیتەی سەرمایەداری پێشکەش کردووە. ئەلتەرناتیفەکانی رێبەر ئاپۆ بەتەنها لەیەک بواردا سنوردارنییە، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگە لەخۆوە دەگرێت، ئەگەر کۆرگێڕ بتوانێ و پیری رێگری لێ نەکات، سەرجەم بەرهەمەکانی رێبەر ئاپۆ بخوێنێتەوە ئەوا بۆخۆی دەگاتە کۆمەڵێک ئەنجامیتر کە لەبێ هیوایی ئێستای رزگاری دەکات.

رێبەر ئاپۆ لەپەنجا ساڵ تەمەنی تێکۆشانی لە رۆژی یەکەمەوە تا ئەمرۆ هەمووی وەک زنجیرێک پێکەوە گرێدراوە، زۆر روون و زەلالە، هیچ رۆژێکیشی دابڕاو نییە لە رۆژەکانیتری، لە ئێستاشدا لەناو هێز و لایەنە چەپ و سۆسیالیست و دیموکرات و نەتەوەیەکان رێبەر ئاپۆ و پەکەکە تاکە هێزن کە خاوەن رێنمایی زۆر روون و زۆر سادەن بۆ پێکەوە ژیانی دیموکراتیانە، هەر ئەو روونی و زەلال بوونەی رێبەر ئاپۆیە کە ماوەی نۆ ساڵە گۆشەگیری بەسەردا سەپاوە، هەمانکات لەماوەی چەند ساڵ جارێک بۆ چەند جارێک دوژمن دەرفەت دەدات کە پەیوەندی لەگەڵ دروستببێ و رێنماییەکانی بگەنە دەرەوە، هەمانکات لە باکوور و رۆژئاواش بینیمان کاتێک رێبەر ئاپۆ دەرفەتی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە هەبێ چۆن شۆرش و تێکۆشانی گەلی کورد دەگەشێتەوە، لەپێناو ئەوەی گەلی کورد بەبێ بەدیل و هێزی چارەسەر بهێڵن، بۆ ئەمەش گۆشەگیری و قەدەخەی پەیوەندی دەخەنە سەر رێبەر ئاپۆ و بە نوێترین تەکنیک و تەکنەلۆژیاش هێرش دەکەنە سەر پەکەکە. رێبەر ئاپۆ گووتی: من لێرە بە بارمتە گیراوی سیستەمی سەرمایەداریم، ئەوان منیان لێرە زیندانی کردووە، چونکە وەک ئەوان بیرناکەمەوە و تەسلیم ئەوان نەبووم.

**ئەنجام:**

تائێرە هەوڵمدا هەندێک سەرنج و تێبینی و رەخنەی خۆم بۆ کۆرەکەی د.بورهان یاسین بخەمە روو، هەرچەندە هێشتا زۆر شتی تریش مابوو ئاماژەی پێبدەم، چونکە هەڵە و کەموکوری و چەواشەکاریەکانی زۆر زۆرن، لەراستیدا لەبەر ئەوەی شێوازی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی دیاردە و رووداوەکانی کۆرگێڕ لەگەڵ رێبەر ئاپۆ و پەکەکە جیاوازە، بۆیەش سەرلەبەری پێچەوانە بیرکردنەوەیە، تاکو خۆشی لەو پێچەوانە بیرکردنەوەیە رزگار نەکات ئەوا ناتوانێ لە رێبەر ئاپۆ تێبگات، کۆرگێڕ دەڵێت: هزر و ستراتیژ رێبەر ئاپۆ ناروونە، بەڵام لە راستیدا رێبەر ئاپۆ زۆر روون و زەلالە، ئەوا کۆرگێرە زۆر ئاڵۆز و شێلوە. بەزۆری زۆرداری دەیەوێت کتومت هزری رێبەر ئاپۆ پەیوەست بکات بە مۆرای بوکچینەوە و وەک عەیبەیەکی نیشانبدات، گوایە رێبەر ئاپۆ لەبەر ئەوەی کاریگەربووە بە بوکچینەوە بۆیە نا روونە، بەڵام ئەو هەڵسەنگاندن و شیکارانەی کۆرگێڕ لەگەڵ ئەوەی زۆر نالۆژیکانەیە، هەمانکات وەک ئەکادیمیسێنێک نەهاتووە بەرگرینامە و پەرتووکەکانی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە بخوێنێتەوە، تاکو بتواندرێت راستی هزری رێبەر ئاپۆ بخرێتە روو. خودی رێبەر ئاپۆ چەندین جار لە رێگای پارێزەرەکانیەوە گووتویەتی، کێ و چ

ڕەخنەیەکی لەسەر بەرگرینامەکانم هەیە، هەمانکات کێ و چ ڕەخنەیەکی لەسەر شێوازی تێکۆشانی ئێمە هەیە پێم بڵێن. ئەو ڕەخنە و سەرەنجانەشی زۆر بە ڕۆحێکی فراوان وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی کۆرگێڕ لەم کۆڕەیدا شیکاری بۆ دەکات پەیوەندی زیاتری بە بوکچینەوە هەیە، دەبێ بوکچین بەو شێوەیەبێ، مادام کۆرگێڕ دە پەرتووکی ئەوی خوێندبێتەوە، با دە پەرتووکی ڕێبەر ئاپۆش بخوێنێتەوە جا بەهەر زمانێک دەبێ، لەپێناو گەیشتن بە ئەنجام و خزمەتکردن بە پرسەی نەتەوەکەت دەکرێ زیاتر گفتوگۆ بکرێت.

ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە تەنها قسەیان نەکردووە، یان بەس لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایانەیان نەکردووە، بەڵکو ئەوەی گووتویانە و نووسیویانە خستویانەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەهەر ڕۆژێک زیاتر تێکۆشان و کار و خەبات بەڕێوەدەچێت، بۆیە بە بەردەوام پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆ پێویستیان بە ڕەخنە و سەرنج و تێبینی ڕۆشنبیران و ئەکادیمسێنان هەیە، بەڵام بەڕۆحێکی فراوان و بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و ئەخلاقی و ویژدانی.

ئەو بەشەی کۆرگێڕ سەبارەت بە بوکچینەوە قسە دەکات من شتێکم بۆ نییە، بەڵام دیسانیش بە حەماسەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری حەق نییە کۆرگێڕ بەوشێوەیە تێکۆشان و خەباتی بوکچین بەهیچ سەیر بکات. چونکە بوکچین سەرلەبەری تەمەنی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و گەلانی ژێردەستە خەرج کردووە، شتێکی بۆ خۆی نەبووە. مرۆڤایەتی بەو زانا و بیرمەند و کەسە مەزنانە جوانە، ئەگەر ئەو هزرمەندانەش نەبن، ئەوکات نرخەکان کەمتر دەبن و ژیان بێ واتاتردەبێ، وەک ئەوەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەردەوام دەیەوێت ژیانی مرۆڤایەتی بێ واتا بکات، لەناو قەیران و ئاڵۆزیدا مرۆڤایەتی نقومی ناو سەختیەکانی ژیانبێت.

کۆرگێڕ هەموو ئەو دوو سەعات و نیوەی لە کۆڕەکەی دەیەوێت بڵێت ڕێبەر ئاپۆ پرۆژە چارەسەرییەکەی لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیدا، ڕوون نییە و ئاڵۆزە و قۆناخەکانی چارەسەرکردنی لەیەکتری دابڕاون و بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی کوردستان لە دەوری ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە کۆنەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی بەدرێژی ئەوەمان ڕوون کردەوە کە کۆرگێڕ لەکوێ و چۆن هەڵەیە و بەئەنقەست بێ یان نا چەواشەکاری لە هزری ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە دەکات. ڕێبەر ئاپۆ لە سەرەتای دەستپێکردنی تێکۆشانەوە لە نەورۆزی ١٩٧٣ تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ لەناو هێڵێکی دیار و ڕوون و ئاشکرا هزری خۆی بەیان کردووە، لەهەموو سەرۆک و ڕێبەرانی تریش زیاتر لەسەر ئاشکرا کردنی هزری خۆی نووسین و لێدوانی داوە، ئەمەش بۆتە هۆکار کە لە جوتیار و شوان و کرێکار و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و نەخوێندەوار، کارساز و خاوەنکار و بێکار، کورد و عەرەب و تورک و فارس و تورکمان، ئیسلام و خرستیان و عەلەوی و سونی و یارسانی، سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەدەوری هزری ڕێبەر ئاپۆ کۆبوونەتەوە، ئەرێ ئەوانە هەموویان لە هزرێکی ناڕوون و پچڕ پچڕ لەیەکتری کۆبوونەتەوە، یان ئەوە کۆرگێڕە تووشی نەخۆشی پیرسالاری"ژنتۆکراتیک" بووە و تەنها خۆی ڕاست دەبینێ، هەرچەندە سەرچاوەکانی ڕێبەر ئاپۆشی نەخوێندۆتەوە. ئەگەر وەکو سیاسیش کۆرگێڕ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ بکەین، ئەویش ڕێبەر ئاپۆ بە هزری خۆی نزیکەی نیو سەدەیە بە ملیۆنان مرۆڤی لەخۆی کۆکردۆتەوە و جوانترین هیوا و ئومێدی بۆ دروست کردوون و جیاوازە لە سیستەمی باو، بەڵام کۆرگێڕ و بزووتنەوەکەی تەنها توانیان چوار ساڵ نوێنەرایەتی نیو ملیۆن کەس بکەن وەک ئۆپۆزیسیۆن و ماوەی شەش ساڵیشە لە پارتە تەقلیدیەکانی دەسەڵات شتێکی جیاوازتریان نەکردووە، ئەگەر خراپتریشتان نەکردبێ، ئایا کۆرگێڕ و بزووتنەوەکەی دەتوانن بۆ ماوەی

تەنها مانگێک ئەو ئەرک و تێکۆشانەی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە جێبەجێی دەکەن ئەوان بیکەن؟ بێگومان نەخێر، نەک نایکەن، بەڵکو لە بچووکترین زەحمەتیدا خۆیان دەگەیەننەوە بە سۆسیالەکەی ئەورووپا.

قسەکردن ئاسانە، بەڵام جێبەجێ کردنی قسەکانت و خستنیانە بواری کرداری لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ویژدانی ئەوەیان کاری هەرکەسێک نییە. ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لە نیو سەدەی تێکۆشان چیان گووتوە بە ڕۆحێکی بەرپرسیارانەوە خستویانەتە بواری جێبەجێ کردنەوە و باجەکەشی هەرچی بووە داوینە بە ڕۆح و ژیانی خۆیانەوە. ئەو گوێگرانەی کە لە کۆڕەکە ئامادەن ئەوانیش هەوڵدەدەن کە بەهەڵە داچوونەکانی کۆرگێڕ ڕاستبکەنەوە، بەڵام کۆرگێڕ دیسان پێداگری لەسەر هەڵەکانی دەکات، ئەمە بەو واتایە دێت کە کۆرگێڕ لەدەرەوەی خۆی گوێ لەکەسیتر ناگرێت و ناشزانێت لەکاتێکدا کە لە مانگی شوومی شوباتدا کۆڕێکی بەوشێوەیە دەگێڕیت دەبێ چەندە ئازاری ویژدانی خەڵکی وڵاتپارێز و نەتەوەیی و دایکی شەهیدانی دابێت، کە لەپێناو گەیشتنی کوردستان بەئازادی ڕۆح و گیان و ژیانی خۆیان پێشکەش کردووە. لەلایەکیتر لەکاتێکدا کە گەلی کورد پێویستی بە لەیەکتر نزیک بوونەوە و یەکێتی و یەکریزی نەتەوەیی هەیە، ئەرکی ڕۆشنبیران و ئەکادیمیسێنانیش ئەوە کە زیاتر کۆمەڵگە و لایەنی سیاسی لە یەکتر نزیک بکەنەوە، نەک تۆوی بێ هیوای و بێ ئومێدی بچێنن.

هیوادارم بەم نووسینە توانیبێتمان هەڵەکانی کۆرگێڕ ڕاست بکەینەوە و ڕۆشنایەکیش بدەینەوە بە کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام وادیارە ئەوەی کۆرگێڕ تێیکەوتووە پووچگەرایی" نەهیلیزم"ێکی قووڵە، ئەگەر ئەو هەموو هێز و توانا هزری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەی پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆ نەبینێ، هەمانکات ئەو هەموو دەسکەوت و هێز و توانایە بە هیچ بزانێت، لەگەڵ ئەو هەموو شەهید و هێزە خۆبەخش و فیداییەی کە لە شاهۆوە تا دەریای ڕەشی تەنیوە، هێزێکی لەبن نەهاتووی ژنان و گەنجان ئافرێندراوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەخۆوەی نەبینیوە. نەهیلیزم نەخۆشیەکی هزریە زۆربەی کات هەندێک لە ڕۆشنبیر و خاوەن فیکرەکان تووشی دەبن لە ئەنجامی نەبینینی هیچ هیوا و تروسکایەک لە ژیان و تێکۆشان، ئیرادەی ئەوەش لەخۆیاندا نابینن کە بەدوای هزرێکی نوێدا بگەڕێن یان غروریان پەسندی ناکات، باوەڕی بەهزر و فەلسەفەی تری تێکۆشان بهێنن، ئەمەش یەکێکیترە لە نەخۆشیەکانی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری. لەناو ئەو دەریایە لە هزر و مەعریفەیی ڕێبەر ئاپۆ، ئەگەر دیسان کۆرگێڕ پێداگری لەسەر پووچگەرایی بکات، ئەوا بێگومان کارەساتێکە ڕووبەڕووی کۆرگێڕ بۆتەوە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەناو گەرمایی تێکۆشانی ئازادی دان و هەر ڕۆژ دەسکەوتی تر دەخەنە سەر خەرمانەکەیان، لە بەرگرینامەی بەرگریکردن لە گەلێکدا لە بەشی دووەمی ڕێبەر ئاپۆ بەدرێژی باسی نەخۆشی نەهیلیزمی کردووە و چۆنیەتی تێپەڕاندنیشی باس کردووە. ڕێبەر ئاپۆ لە دیدارەکانی ساڵی رابردووی گووتی "ئەگەر دەوڵەتی تورک دەرفەت بدات ئەوا ئامادەم لەماوەی شەش مانگ کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا چارەسەر بکەم". ئایا هیچ ڕێبەر و سەرۆکێک تا ئەو ئاستە هەبووە کە خاوەن بەرنامە و پلانی شۆڕشگێڕانە بێ کە بتوانێ لەو ئاستە باوەڕی بەخۆی بێ و بڵێت دەتوانم لە شەش مانگ کێشەی گەلەکەم چارەسەر دەکەم. ئەی کۆرگێڕ و ئەوانەی وەک ئەوان کە لەناو نەهیلیزمدا دەسوڕێنەوە چۆن کۆمەڵگە لەناو بێ هیوایدا دەخنکێنن. پێویستە کۆرگێڕ بەو شێوەیە بێ هیوا و بێ ئامانج و دوور لە پێوانە و ڕێسا نەتەوەیی دیموکراتییەکان ڕێگا بەخۆی نەدات چیتر بەبێ بەڵگە و بێ خوێندنەوە قسە و کۆڕ و سیمینار لەسەر هزری ڕێبەری گەلێک نەکات کە ئەمڕۆ هیوا و ئومێدی ملیۆنان شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێز و مرۆڤی ئازادیخوازە.

رۆشنبیران و ئەکادیمیسیێنانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئەو دەنگە ناشازانە لەناو هەندێک بەناو رۆشنبیرانە وەڵامبدرێنەوە و رێگای راستیان نیشانبدرێت، چونکە لەبەر بارودۆخی سەختی شۆڕش، لەوانەیە هەڤاڵان و کادیرانی رێکخستنی رێبەر ئاپۆ، نەتوانن وەک پێویست و لەکاتی خۆیدا ئەو هەڵە و کەموکوڕیانە راستبکەنەوە، چونکە ئەمڕۆ داگیرکەری لەهەر کاتێک و لەهەر دەمێک زیاتر لە هێرشی دوژمنانە دایە و دەیەوێت شتێک بەناوی کورد و کوردستان نەمێنێت، بەو کۆڕ و سیمینارانە جا بە ئەنقەست بێ یان بە نەزانی خزمەت بە پرۆسەی داگیرکەری دەکات لە کوردستان. سەد ساڵە کورد لە چوارچێوەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری سوڕاونەتەوە، بەڵام لەدەرەوەی ماڵوێرانی شتێکی بۆ کورد نەهێناوە. رێبەر ئاپۆ بە پرۆژە و پلان و هزرێکی جیاوازتر دەیەوێت کێشەی نەتەوەیی و سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگە بە سیستەم و مۆدێلێکی تر چارەسەر بکات کە ژنان و گەنجان پێشەنگایەتی بۆ دەکەن، پێویستە رۆشنبیرانیش بە ئەرکی نەتەوەیی و دیموکراتیانەی خۆیان هەستن و خزمەت بە پرۆسەی ئازادی و نەتەوەیی بکەن کە کاروانێکی پەنجا ساڵەیە رێبەر ئاپۆ دەستی پێکردووە. ئەوە بەو واتایە نایەت کە تەڤگەری ئاپۆیی هیچ کەموکوڕیەکی نییە، بەڵام ئەو شێوازە لە هەڵسەنگاندن و شیکار و بەناو رەخنەکردنە نێگەتیفە تاقەت پڕوکێنە خزمەت بەهیچ کەس و لایەنێک ناکات، خۆی لەخۆیدا دوژمنان و داگیرکەران و سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری تێر و پڕ کۆمەڵگەی کوردیان بێ باوەڕ و بێ هێز کردووە و هەر رۆژ هەواڵی بیستنی دەستگیرکردن و زیندانی کردن و شەهیدکردن و خاک و ئاوی کوردستان سووتاندن و بۆردومان کردن دەبیستین، باشە دەبێ ئەو کۆمەڵگە چ تاوانێکی کردبێ کە هەندێک بەناو رۆشنبیر و ئەکادیمیسیێنانیشی هەمان بۆردومان ئەمجارە بەزمان و قەڵەمی خۆیان بەردەوام بکەن، پێویستە زمانی رەخنە و هەڵسەنگاندنەکان ئۆبجکتیف"بابەتیانە" بن نەک سۆبجەکتیف"خودی، کەسی" بن. لەگەڵ رەخنەکردن پێویستە کۆڕگێڕ و زۆرێک لە رۆشنبیران و ئەکادیمیسیێنانیش فێر ببن کە هەندێک رەخنە لەخۆ بگرن، یان کاتێک رەخنە دەکرێن بەسنگێکی فراوانەوە وەری بگرن، نەک بە رەخنەیەکی بچووک یەکسەر هەڵچن و دەوروبەر تاوانبار بکەن، واتا چەندە ئامادەی دەوروبەر رەخنە بکەی تا ئەو ئاستەش ئامادەی رەخنە لەخۆ گرتنبە. لەکۆتاییدا بەو گووتەیی رێبەر ئاپۆ کۆتایی بە نووسینەکەم دێنم کە لەدوای هەموو بەرگرینامەکانی ئاماژەی پێداوە و دەڵێت " ئازادی سەردەکەوێت".

کۆتایی